

## مەهاباد قەرەداغی

# ئەڤین ئاوی ژیانە

ڕۆمان

2004

**ناوی کتێب**: **ئەڤین ئاوی ژیانە**

**جۆری کتێب**: **ڕۆمان**

**نووسینی**: **مەهاباد قەرەداغی**

**چاپی**: **یەکەم**

**ساڵی**: 2004

**بە عاشقانی ئەنفالکراو**
**بە هەموو ئەو لاس و خەزاڵانەی کە قەدەرێکی قەترانی بە دابڕان پێشوازی لە ئەڤینیان کرد و بە کارەسات کۆتایی پێ هێنان.**

**پێشکەشە**

جاران وامدەزانی ئەگەر میهرەبان بیت و هەست بکەی میهرەبانی بەرامبەر بە مرۆڤ مانای ئەوەیە مرۆڤت خۆش دەوێ. ئێستا دەزانم کە وا نییە، خۆشەویستی مەزنترین خۆنەویستییە. هێندە مەزنە کە هێشتا نەمبزواندووە.

**فلۆرەنس ئەلسبۆرن**

خۆشەویستی لەخۆبوردووانە ئەوەیە کە هەموو سنوورێکی خۆشەویستی تێدە پەڕێنێ، ئەو جۆرەیە کە لە هیچ کتێبێکی ڕەوشتدا جێگەی نابێتەوە.

**ڕینهۆڵد نایبوور**

**شوێن: ئۆرانووس**

**کات: کە بیر لە تۆ دەکەمەوە، هەموو کاتێک.**

**نامەی ژمارە: هەزار و یەک.**

**بە ناوی تۆی مەزن و میهرەبان**

**لاس گیان.. وێڕای قوولترین ماچ،**

**خۆشەویستەکەم، سەرەڕای هەموو سەختییەک، ئاکام گەیشتمە ئێرە و ئێستا پەناهەندەی هەسارەی ئۆرانووسم و، لە قوتابخانەی "هەتاو" خەریکی وانە خوێندنم.**

**لەم هەسارەیەدا زمانی ڕووناکی فەرمییە و، منیش هێدی هێدی هەست دەکەم خەریکە نووتەکییەکانی گیانم ڕۆشن دەبنەوە و زمان دەگرم.**

**ڕێکەوتێکی سەیرە ئازیزم، کە لەسەر زەویش بووم لە قوتابخانەیەک دەمخوێند ناوی "هەتاو" بوو، بەڵام جیاوازی نێوان ئەم دوو هەتاوە ئاسمان و ڕێسمانە. هەتاو تەنها ناوی فێرگەکەبوو لەوێ، دەنا هەستم نەدەکرد تیشکم بەردەکەوێ. هەتاو لەم هەسارەیە تەنها ناوی ئەو ئینیستووتە نییەکە تیایدا دەخوێنم، بەڵکە بناغەکەی بە خشتی عەشق بنیات نراوە و ناوەڕۆکی پلانی خوێندن و ڕێساکانی بە زمانی ڕووناکی نووسراوە و لەسەر بنچینە و ڕێسا و ڕێزمانی ئەڤین داڕێژراوە، کە ئەفسووس لە زەوی فێری نەبووم.**

**هەتاوەکەی ئەوێ تەنها کلێشە بوو، کلێشەیەکی بێگیان، بێ بناغە و بێ بنچینە بوو، کەچی بڵند و بڵندتر دەکرایەوە، هەر وەستایەکی نەزان چینێکی تری لەسەر ئەو باڵەخانەیە ڕۆدەنا، باڵەخانەی دڕدۆنگی. ڕۆژێ لە ڕۆژان نەمبینی کتێبێکی زمان یان ڕێزمانی عەشق لەسەر ڕەفەی کتێبخانەی ئەو قوتابخانەیەدا هەبێ، تا بیخوازم و لێوەی فێربم. تا فێرم بکات چۆن تیشک بدوێنم و، گیانێک بخاتەوە بەر ئەو کلێشە نوتەکە. ئەوەی دەمزانی خۆم فێری بووم، ئەوەی لە ناخمدایە. ئەو فێری کردم**

ئەوەندە عاشق بم، ئەوەندە خۆشم بوێی و هەرگیز لەبیرت نەکەم.

دوای پەرجووی دەربازبوون لە قەدەری چاڵ و دیسانەوە لێکدابڕان، ئەو نووتەکییەی گیانم بێئارامیان کردبووم و چارێکی ترم نەبوو، جگە لەوەی لە هەتاوێکی تر بگەڕێم بۆ فێربوونی زمانی ڕووناکی و لە ئۆرانووسدا ئەم خەونەم بەدی هات.

ئێستا و لێرە لە دوای نزیکەی نیوەی تەمەن وەک منداڵێکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە سەر کورسییەکی نیانی ئاوەز دانیشتووم و، لەسەر تەختەی سپی سۆز، بە تەباشیری گزنگ، حەرف حەرف خۆم فێری زمانی ڕووناکی و ئایینی ئەڤین دەکەم. دوو مامۆستای دێرین لەم قوتابخانەیەدا وانەی لۆژیک و ڕەوانبێژی عەشقم پێ دەڵێنەوە، ئێڤا و ئادەم، کە وەک کچی خۆیان خۆشیان دەوێم و زیاتر لەدایک و باوکی سەر زەویم نازم دەکێشن. ئەوان نەبوونایە تەنیایی و هەستی بێکەسی دەیانکوشتم، ئاخر تۆ نازانی بە بێ تۆ چەند هەست بە بێ کەسی دەکەم، گشت کەسەکەم. ئاوێنە نەبووایە شێوەو ڕووخساری خۆمم بیر چووبووەوە. سوپاس بۆ ئاوێنە، ئەو ئاوێنەیەی کە نایابترین دیاری تۆیە لە لام، تۆ پێت بەخشیم و هەمیشە لە لامە، ئاوێنەی ئەڤین.

وەک هەمیشە زۆرت بیر دەکەم ئازیزم، زۆر زۆر. ئەمجارەش چاری ترم نەبوو جگە لەوەی پێنووسەکەم لە مەرەکەبی تیشک پڕ بکەم و بە زمانی ئەم هەسارەیە نامە تەواونەکراوەکەی ئەوسا سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە.

نازانم دەتوانم ئەم نامەیە تەواو بکەم یان نا، تەمەن مەودا دەدا یان نا، نازانم دەتوانم بۆتی بنێرم یان نا، ئەگەر بینێرم دەگاتە دەستت یان نا، ئەگەر بگاتە دەستت کاتت هەیە بۆ خوێندنەوەی یان نا، ئەگەر خوێندتەوە کاتت هەیە بۆ وەڵامدانەوەی یان نا، ئەگەر وەڵامت دایەوە دەگاتە دەستی من یان نا، نازانم. بەڵام من دەینووسم و، مەخابن کە دەبێ ئەدرەسی هەسارەی زەوی لەسەر بنووسم و لە ویش گەرەنتی وننەبوونی ناکەم. ئەدرەسی هەسارەی سووری زەوی لێدەدەم، چونکە تۆ لەوێی، لە دۆزەخیترین پنتی ئەو هەسارەیەدا نیشتەجێی. ئێستاش تەنها بوونی تۆ بە هەسارەی زەوییەوەم دەبەستێتەوە و وام لێدەکات بیری دۆزەخ بکەم، دەنا بۆ

**هەتاهەتایە ئۆرانووسم دەکرد بە ماڵ و، لە نێوان ئۆرانووس و ڤینۆسدا هاتوچۆیەکی هەمیشەییم دەکرد.**

**"سێوە" نیشتەجێی هەسارەی ڤینۆسە و، هەموو ڕۆژێ لەوێوە بە تەلەفۆن پەیامم بۆ دەنێرێت، لە پەیامەکانیدا باست دەکات و ئەویش وەک من بیرت دەکات. لە پەیامێکیدا بۆی نووسیبووم "سوپاس بۆ نیگا نیانەکانی لاس، کە ئەوەندە بە سەلیقە و سۆزەوە ڕژاوەتە ناو نیگا نەرم و گەرمەکانی تۆوە و من دروست بووم."**

**"سێوە" ئێستا لە گەورەترین زانکۆی هەسارەی ڤینۆس، بەشی ئەندازەسازیی گەردوون خوێندکارە، گەشتی زانستی زۆریان کردووە بۆ سەر هەسارەکانی تر و بۆ سەر مانگ، زەوی نەبێت کە هێشتا بیریان لێ نەکردۆتەوە، ئەویش لەبەر سێوە. ئەوان دەزانن سێوە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەسارەی زەوییەو بە کۆرپەیی بە پەرجوویەک لەوێ دەرباز بووە و بە تیژەوەتیر و هەوڵی بێوچانی دایک و باوکێکی ڕۆحی گەیشتۆتە سەر سنووری هەسارەی ڤینۆس. ئەوان لەبەر سێوە دڵیان نایە گەشتێکی زانستی بۆ هەسارەی زەوی بکەن، تا چارەسەرێکی ئەو نەخشەیەی نەکەن بیر لە گەشتێکی وا ناکەنەوە. سێوە و پرۆفیسۆرەکانی و شاگردەکانی هاوڕێی خەریکی داهێنانێکی نوێن. خەریکی چێکردنی نەخشەیەکی نوێن بۆ گۆڕینی شێوەی هەسارەی زەوی، ئەوان پێیان وایە شێوەکەی ئێستای زەوی هەڵەیەکی گەورەی تێدایە و پێویستە بگۆڕدرێت. ئەوان پێیان وایە فۆرمی تۆپئاسای زەوی خەوشێکی گەورەیە و زەمینە بۆ خلیسکان خۆش دەکات. ئەوان بە بەرەنجامێکی گرنگ گەیشتوون و پێیان وایە ئەگەر زەوی تۆپئاسا خڕ نەبووایە ئەو هەموو فتبۆڵێن و بالەیەی پێ نەدەکرا. ئەوان لە ئەزموونکارییەکی بەردەوامدان و هەموو جۆرێکی فۆرمە ئەندازەییەکانیان تاقیکردۆتەوە بۆ گۆڕینی نەخشەکە، چوارگۆشە، لاکێشە، قۆقز، لوولەیی، لەولەبی، بەڵام لەسەر هیچ کام لەمانە کۆک نین و، ئێستا لەسەر پێشنیاری سێوە و بە یارمەتی بیرۆکەکانی ئەو، خەریکن بیر لە سێگۆشە دەکەنەوە. وێنای کە زەوی سێگۆشە بێت!**

**ڕەنگە بپرسی بۆ سێگۆشە؟ منیش بە تەواوی نازانم بەڵام دەرکی هەندێ لەو سۆنگانە دەکەم کە ئاوەزی سێوەی بۆ فۆرمێکی سێگۆشەیی وروژاندووە، ئەی بۆ چوارگۆشە**

**نەبێت، یان لاکێشە؟ بە تەواوی نازانم بۆ، ئەوە کاری پسپۆڕێتی "سێوە"یە و، ڕەنگە ئەگەر ڕێککەوت و جارێک هەرسێکمان یەکمان گرتەوە و لە سەرخوانێک کۆبووینەوە، خۆی بۆمان باس بکات.**

**یارە هەمیشەییەکەم، وەک هەردەم پێم خۆشە هەموو شتێکت بۆ باس بکەم، هەموو شتێک. بەلام پێم وا نییە تۆ کاتت هەبێت تەنانەت بۆ بیرکردنەوە لەخۆت، نەخوازەلا بۆ خوێندنەوەی نامەیەکی وا چڕ و پڕ و هێمائامێز، کە هەر دێڕەی چڕکراوەی چیرۆکێکە و ژیانی لێوە هەڵدەقوڵێت.**

**تکایە ئەم قسەیەم وەک گلەیی لێ وەرمەگرە، چونکە مەحاڵە دڵم بێت گلەییت لێبکەم. تێگەیشتنم هەیە بۆ ئەو دۆخە دۆزەخییەی کە تۆی تێدای. ئاخر لە زەویت و زەویش جەنجاڵتره لە دۆزەخ. زەوی هەتا کەش و ئاو و بایەکەشی دۆخێکی نائاسایی هەیە، یان زۆر گەرمە یان زۆر سارد، یان ئەسفەلسافلینە، یان زەمهەریر. زەوی زۆر شلۆقە و تا دێ شلۆقتر دەبێت، تا دێ لە باڵەخانە بێ بنچینە و بێ بناغەکانەوە هەر ژن و پیاون و بە بێ ئەڤین، تەنها وەک ئەرکی سەرشان جووت دەبن و لە جووتبوونی بێتام و چێژ زارۆک چێ دەبن. زارۆکی کۆیلە و بەستەزمان، لە دایک و باوکی کۆیلەتر و بەستەزمانتر. ژمارەی دانیشتوان وەک بۆمبای ئەتۆم دەتەقێتەوە. هاکا بوو بە شەش ملیارد و حەوت ملیارد و هەشت و، ئیدی جێگەی کەس نابێتەوە. کۆمپانیای مرۆڤ چێکردن هەر بەردەوامە، ئۆرگانی سێکسی ژن و پیاو بوونەتە ماشینەکانی ئەو کۆمپانیایە و بەرهەمەکانیان زارۆکە، زارۆکی نیوەمردووی نیوەزیندوو. بە تایبەت لەو کەرتانەی زەمیندا کە ئەڤین یاساغە و ماچ دەدرێ لە خاچ. ئەو زارۆکانەی کە لە جووتبوونی بێ ماچ و بێ ئەڤین دروست دەبن زەوی پڕ دەکەن. دانیشتوان دەتەقێتەوە، زانا نەزانەکانی خۆرئاوای زەوی بیر لەوە دەکەنەوە چۆن کێشەی زۆری دانیشتوانی زەوی چارەسەر بکەن، هەموو جۆرێکی چەک دادەهێنن بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە، دیاردەی مرۆڤزۆریی، کورتترین ڕێ دەدۆزنەوە بۆ چارەسەری کێشەکە، بیر لە قەلاچۆکردنی دەکەنەوە، تاکوتەراکوژیی داد نادات، دەبێ لە ڕەگەوە، لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێن، جینەکان بنبڕ بکرێن، بیرۆکەی ژەهراویکردنی هەناسە، ژەهراوی کردنی ئاو، ژەهراویکردنی با دەبێت بە تیۆری، تیۆری پراکتیزە دەکرێت، خۆ**

دەبێت تاقیگەیەک هەبێت، خۆ دەبێت بەشێکی مرۆڤ لەو تاقیگەیەدا بکرێن بە کەرەستەی ئازمایشت، ئەی چۆن بزانرێ ئەم چەکانە و ئەم ژەهرەدەرمانانە برەویان هەیە و چارەسەری کێشەکە دەکەن؟ نەژادێ لە جینەوە بنبڕ دەکەن؟ کێ بکرێتە ئەو کەرەستەیە، کام چینی مرۆڤ، کام توێژ، کام گەلی بێ خاوەن و بێ سەرکردە؟ کام شار بکرێتە ئازمایشتگە؟ نەخشەی جیهان دەهێنن و مێژووی یەک بە یەکی گەلان تاوتوێ دەکەن، بۆ مرۆڤگەلێ دەگەڕێن بێ خاوەن بن، بۆ وڵاتێ نە وڵات بێت و نە وڵات نەبێت، لەناو ئەو وڵاتەشدا بۆ شارێ دەگەڕێن دوورەدەست بێت و زوومی کامیراکانی مانگە دەستکردەکانیش پەی پێ نەبات. پێیان سەیرە، کتێبەکانی مێژوو باسی گەلێک و وڵاتێک دەکەن، دەگەڕێنەوە سەر جوگرافیا و ئەتڵەس هەڵدەدەنەوە، کە دەچنە سەر نەخشە خڕەکەی زەوی و دەگەڕێن و دەگەڕێن، نایدۆزنەوە. خۆیەتی، دۆزییانەوە، باشترین شوێنە بکرێت بە ئازمایشتگە، باشترین مرۆڤگەلن بکرێن بە کەرەستەی ئازمایشت. کەس پێ نازانێ و لە کەسەوە دیار نین، کەس لەسەریان نایەتە دەنگ، ئاخر پێویستە هەموو شتێ بە نهێنی بێ، هەموو شتێک.

کۆمپانیای فرەڕەگەزی بیناسازیش بیر لە داهێنانی تر دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێکردنی دانیشتوانی زەوی. ناچارن باڵەخانەی بڵندی هەزارنهۆمی دروست بکەن. بەڵام باڵەخانەکان ڕێ لە هاتوچۆی باڵندەکان دەگرن و باڵندەکانیش ناچار وەک جاران کۆچی سووری بەرەو باکوور و باشوور نەکەن، گەرمیان و کوێستان نەکەن. ئەوان دەتارێن، ئاسمان بە جێدەهێڵن، پەنا بۆ بنجک و دار و دەوەن دەبەن.

چەند گوناهە باڵ ئازاد نەبێ، چ سامناکە باڵ بچەپێت و ناچار بێت نیشتەجێی تاراوگەی دارستانەکانی زەوی بێت و خەون بە هەور و بە نیشتیمانی ئاسمانەوە ببینێت. دانیشتوان دەتەقێتەوە و بەردەوام دەتەقێتەوە، لە حەژمەتی ئەوەشدا مرۆ لە خۆی و یەکتری وەڕز و تووڕە دەبێت و، ئەمجارە خۆی دەقێنێتەوە و باڵەخانەکان دەتەقێنێتەوە.

بیستوومە ئەمجارە بیر لەوە کراوەتەوە باڵەخانەی بڵندی هەزارنهۆمی لە بنی دەریاکاندا دروست بکرێت. مەخابن ئەمجارە تەنگ بە ماسی و گیاندارەکانی ناو دەریا

**هەڵدەچنن و ڕێگەی هاتوچۆ و پیاسە ڕۆمانسییەکانی ئەوان بەو بەربەستە دیوارانە دەگیرێت و ئەوانیش پاش عەیامێ چەپین و خەمخواردن، پاش پڕ بوونی کاسەی حەسرەت و لێوانلێوبوونی پەرداخی ئازار و مەینەتی، بێهیوا دەبن لە هەموو شتێ، مانایەک لە بووندا نادۆزنەوە، ناچار دەبن بیر لە هەڵگیرساندنی شۆڕش بکەنەوە دژ بە دانیشتوانی باڵەخانەکانی ناو دەریا و زەریاکان. نەهەنگەکان لە ئێستاوە لە تەگبیری ئەوەدان چۆن سەروگوێلاکی ئەو باڵەخانانە بهێننە خوارەوە و بیانکەن بە پەند. هەر لە ئێستاوە لەناو دەریادا خەریکی ڕاهێنانی ئەو ماسییانەن کە وەک ژمارە زۆر و وەک جۆر گرگن و ساویلکەن، مەشقیان پێ دەکەن و تەیاریان دەکەن کە خۆیان بکەن بە تەیارە و خۆیان بە ناوقەدی باڵەخانەکانی ناو دەریادا بکێشن و وردوخاشیان کەن. سەرانی مرۆڤ و سەرانی ماسی دەبن بە دوژمنی باوککوشتەی یەکتر و ئیدی زەنگی سامناکی شەڕ لێ دەدەن و هەموو شوێنێ دەبێتە مەیدان. مرۆڤە ساویلکەکان و ماسییە ساویلکەکان تیا دەچن، وەک گەڵای دار لە وەرزی خەزاندا، هەڵدەوەرێن و زریان دەیانبات. ئەفسووس ئیدی لە سەر زەوی بە ئاسمانەکەی و دەریاکانیشیەوە لەبەر کۆبوونەوەکان بۆ پلانی پەلامارەکان و، لەبەر مەشقکردن بۆ تەقاندنەوە و تەقینەوەکان، کەس کاتی نییە بۆ خۆی، بۆ یەکتری و بۆ مەشقکردن لەسەر عەشق. عەشقی چیی؟ ئەڤین دەبێتە مەحاڵ، چ سامناکە کە دەرفەت نەبێت بۆ تەماشاکردنی ئاوێنە.**

**خاترجەم بە هەناسەکەم گلەییت لێ ناکەم، تێگەیشتنم هەیە بۆ ئەو نەهامەتییەی کە سەپاوە و دەسەپێ، کێ مافی هەڵبژاردنی هەیە؟ ئەی کوا ئەڵتەرناتیڤ لەبەردەستایە بۆ هەڵبژاردن؟ منیش تا لەوێ بووم کاتم نەبوو بۆ خۆبینین، کاتم نەبوو بۆ بیرکردنەوە، هەموو شتەکان بە ڕێکەوت و بە گۆترە و هەڕەمەکی لەدەوروبەرمدا ڕوویان دەدا، بیرم لە هیچیان نەکردبووەوە، هێندەم دەزانی ڕووداوەکان ڕوویانداوە و کاریان تێکردووم. لە ناو ڕووداوێکدا بەرەو هەناوی ڕووداوێکی تر هەڵدەهاتین، لەناو ڕووداودا نەماندەتوانی بیر لە ڕووداو بکەینەوە. لەبەر کارەسات نە کارمان هەبوو نە کات. کارێکی ئەوتۆم نەبوو، کەچی کاتیشم نەبوو بۆ خۆم، تا تەرخانی کەم بۆ نووسینی نامەی کۆتایی، کە هاوکات هی**

سەرەتاشە. نامەی هەزار و یەکەمینم بە تەواونەکراوی درێنرا و پەرت بووەوە، بە درێژای ڕێ بیرم لە تەواوکردنی دەکردەوە، ژیان چ ڕێیەکی درێژە و، تەمەن چەند کورتە کە فریا ناکەوێت ئەم ڕێیە ببڕێت و بگاتە شوێنێ.

من لەوێ فریای تەواوکردنی ئەم نامەیە نەکەوتم، ئێستا لەگەڵ خۆمدام و لەبەردەم ئاوێنەیەکی باڵاڕووانی دەروون و ئەڤیندا دانیشتووم. بەدەم فێربونی زمانی ڕووناکی و ڕێزمانی نوێی عەشقەوە هەوڵی تەواوکردنی ئەم نامەیەش دەدەم.

هیوادارم وەک هەزارەکەی ڕابردووی لێ نەیەت و بتوانم بۆتی بنێرم و بگاتە دەستت. نامەکەم ناخەمە ناو هیچ زەرف و پاکەتێکەوە، نایبەمە هیچ پۆستەخانەیەک، لە ترسی ونبوون و ونکردنی، بە کراوەیی و بە کۆترێکدا بۆت دەنێرم، کۆترێک کە خوێنەکەی سپییە، وەک بەفری کوێستان، دەنووکی تیژە وەک چاوی تەوار. من دەینێرم و تۆ وەریبگرە، ئیدی گرنگ نییە ئێستا دەیخوێنیتەوە یان دایدەنێی بۆ ساڵی کۆتایی تەمەن، کە ئەوسا ئیدی هەموو شتێ دەبێتە یادگاری و هەموو شتێ لە پشتمانەوەیە و دەبێت تەنها بە چاوەکانی پشتی سەر تەماشایان بکەین.

ئەم نامەیەش پڕە لەو پرسیارانەی کە لە تیژەوەتیر دەچن و مەگەر هەر پەرجوویەک بتوانێ وەڵامیان بداتەوە. ئێستا و ئەوساش نازانم بۆ ئەوەندەم خۆش دەوێی؟ بۆ نەمتوانی و ناتوانم جگە لە تۆ کەسی دیکە ببینم؟ چۆن توانیم بەرگەی ئەو تەنیاییە و ئەو مەودایانە و ئەو مەرگانە و ئەو چاڵانە بگرم؟ چ هێزێکی مەزنە کە لە ئۆرانووس و ڤینۆسەوە کەمندکێشی زەویم دەکات؟ تۆ بۆ ئەوەندە ئالوودەی خاکیت و خاکییت؟ ئەی من بۆ ئەوەندە خاکم خۆش دەوێت؟ بشێ هۆی ئەوە بێت کە تۆ خاکییت، یان سیحرێک لەخۆڵدا هەیە کە تەنانەت بە مردنیش بە مشتێکی ئەو نەبێت سوکناییمان نایە و کەف و کوڵی دەروونمان دانامرکێتەوە.

من خاکم خۆش دەوێت، ئۆخژنم بە خاک دێتەوە، بەڵام هەستێکی زۆر قووڵم بەرامبەر بە "با" هەبووە و هەیە. هەر لە سەرەتای سەرەتاکانەوە هەستم دەکرد من ئاسایی نیم و گەردیلەکانی ڕۆحم لە شوێنێ جێ بە خۆیان ناگرن. تامەزرۆی جوانی بووم و هەستم دەکرد جوانی لە جێیەک نیشتەجێ نییە و جوانی ئازادییە و جوانی هەڵفڕینە و

گەڕانە و دۆزینەوەیە. لە "با"دا خۆم دەبینییەوە، بوونم بە "با"وە بەند بوو، بەڵام نەک هەموو بایەک، نەک ڕەشەبا و زریان و تۆفان. حەزم لە گڤەگڤ نەبوو، عاشقی جۆرێک با بووم کە بە هێمنی و بە چرپە دەدوا، وەک هەناسەکانی تۆ، وەک هەناسەکانی خۆم، بایەک لە جۆری شەماڵ و سروە و بای وەشت، هەستم دەکرد با ڕێیەکە دوور و فراوان، زۆر فراوان، ڕێک بە قەد خودی گەردوون فراوان و بەرینە ئەو ڕێیە. لە جیهانی بادا هەستم بە شپرزەیی نەدەکرد، چونکە کاتم زۆر بوو، هەستم دەکرد تەمەن درێژە بە قەد ژیان، تەمەن نەوەستاوە و شەپۆل دەدا. لە کۆچ و گەشتدایە و دەبینێ و دەبیستێ و هەست دەکات و تام دەکات و بۆن دەکات. هەستەکان لە جیهانی بادا چالاکتر کار دەکەن، هەستم دەکرد لە جیهانی "با"دا ئازادم. نازانم من ئاسایی نەبووم یان گەردوون، بە خۆم نەبوو هەندێ جار هەستم دەکرد تەنانەت گەردوونیش بچووکە و جێگەی ئەو باڵانەی تێدا نابێتەوە کە فەنتازیای من دەیانئافراند.

کە منداڵ بووم، شەوان کە لە سەربان دەنووستین و هەموو ئەوانی تر پرخەیان دەهات و من بێدار دەمامەوە. چاوم دەبڕییە ئاسمان و لە نێوان ئەستێرەکاندا بۆ نهێنییەک دەگەڕام. دەوروبەرەکەم نەیاندەزانی من شەوان نانووم و بەدرێژایی شەو خەیاڵم مەیدان ساز دەکات و هەموو ئەستێرەکان دەهێنێتە خوارەوە و دەیانهێنێتە گۆ و دەیانکاتە مرۆڤ و وازییان لەگەڵ دەکەم. هەر لەوساوە "با" م خۆش ویست، چونکە دەمکرد بە ئەسپەشێ و سواری پشتی دەبووم و هەڵدەفڕیم. کوێم ویستبا دەیبردم، تەنانەت دەیبردمە خزمەتی خوداش.

من بە منداڵی زۆرجار چوومەتی کنی، زۆری دەست بەسەرمدا هێناوە، دەزانی خودا کوێی ماچ دەکردم؟ کە سەرم هەڵدەبڕی تەماشای ئاسمان بکەم، فرسەتی دەهێنا و ژێرملی ماچ دەکردم، ختووکەم دەهاتێ و تریقوتوق پێدەکەنیم، خۆم گرمۆڵە دەکرد و ئەویش دیسانەوە بەزۆر ژێرملی ماچ دەکردم و حەزی دەکرد گوێی لە تریقوتوقی پێکەنینەکانم بێت، دەیگووت پێکەنینەکەت لە سەمفۆنیا دەچێت.

بە شەو لەگەڵ خودا یاریم دەکرد و دەمەوبەیانی خەوم لێدەکەوت. کە بەیانی زوو

دایکم لە خەو هەڵیدەستاندم بۆ ئەوەی بمنێرێ بۆ قوتابخانەی (هەتاو)، شەکەت و ماندوو بووم و ئەو نەیدەزانی من بەدرێژایی شەو لەگەڵ کێدا بووم و چەند یاری و گەمەمان کردووە. کە دەیبینی هەر وەنەوز دەدەم پێی وابوو تەمبەڵم، بەڵام من بەڵێنم بە خودا دابوو کە ئەو نهێنییە لای کەس نەدرکێنم کە من و ئەو هێندە پێکەوە هاوڕێین و بە درێژایی شەو پێکەوە یاری دەکەین.

کە لە وانەی جوگرافیادا گەیشتینە باسی هەسارەکان و بۆ یەکەم جار بوو بزانم زەوی هەسارەیە و هەسارەی تریش هەن. هەر ئەوسا حەزم دەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ئۆرانووس، ڤینۆس، عەتارد، زوحەل، مەریخ، مشتەری، نیپتۆن و پلۆتۆش ببینم. هەموویان ناویان لە زەوی خۆشتر بوو، هەستم دەکرد ئێمە لە ناخۆشترین هەسارەدا دەژین.

هەتا منداڵ بووم کاتم هەبوو بۆ بیرکردنەوە، بۆ ڕامان و قووڵبوونەوە. حەزم نەدەکرد گەورە بم و هەموو ئەو شتانەم لەدەست بچێت کە خۆم بۆ خۆمم چێ کردبوون. دەیانگووت زوو زمانت گرت، زۆرت دەگووت و شتی سەیرت دەگووت. هیچیانم لەبیر نییە ئەوانەی کە گووتوومن، بەڵام هەموو ئەوانەم لە یادە کە نەمگووتوون و نەمدەوێرا بیانڵێم. پێم خۆش بوو لێمگەڕێن بەیانیان لەسەربان بنووم و بۆ قوتابخانە خەبەرم نەکەنەوە، لەناو ئەو جیهانە جوانەی خۆمەوە کە من و خودا چێکەری بووین دەریان دەکردم و ، پەلیان دەگرتم و دەیانناردم بۆ قوتابخانە کە وەستایەکی ساختەچی بناغەکەی دانابوو، مامۆستایەکی نەزانیش دەرسی پێ دەگووتمەوە. لە ناو ئەو یارییستانە جوانەوە کە من و خودا بە ساکاری و شادمانییەوە شەوگارمان پێ لەت دەکرد و، لە ناو ئەو ماچ و مۆچ و تریقوتۆقی پێکەنینەوە بەئاگایان دەهێنامەوە و دەیانناردم بۆ خوێندنگە، مامۆستاش بە ڕاستەییەکی ئەستووری لەدار دروستکراوەوە پێشوازی لێ دەکردم و بە حەرفی تاریکی فێری وشەی (دار)ی دەکردم.

بیرمە ڕۆژێ لە خوێندنگە لەسەر پێکەنین دارکاری کرام. لەو ساتەدا بوو کە ماچەکەی خودام بیر کەوتەوە کە لەژێر ملم دەیکرد و ڕیشی زبری دەچەقییە ملی نەرمم و ختووکەم هاتێ، تریقوتوق پێکەنیم. مامۆستا بە ڕاستە ئەستوورە دارینەکەی ناولەپمی سوور کردەوە. بەدەم هەنیسکەوە گەڕامەوە ماڵەوە، دایکم گووتی: دەستی خۆش بێت

**کوتەک لەبەهەشتەوە هاتووە. باوکم گووتی: خۆمان پێمان گووتووە گۆشتەکەت بۆ ئەو و ئێسکەکانت بۆ ئێمە. خۆمم هاتە بەرچاو کە ئیدی مندالْ نیم و تەنها ئێسک و پروسکم و ڕۆژێک مامۆستاکەم لەناو کیسەیەکی نایلۆن دەمداتەوە دەستی دایکم و باوکیشم لەناو باخچەی مالّەوە دەمنێژێت. لە مالّیشەوە هەر گریام، ئەو شەوە بە دەم هەنیسکەوە خەوم لێکەوت، خەونم بینی، هاتەوە کنم، خودا کە بینی هێندە خەمبارم لە باوەشی گرتم و زۆر دلّی دامەوە و منیش گلەییم لێکرد بۆ لە کاتی وانەخوێندن و لەناو پۆلدا ماچم دەکات و ختووکەم دەدات، ناترسیٚ گۆشت و پێستم لێک بکرێنەوە و کەولّ بکرێم.**

**بەلێنی دا ئیدی لە قوتابخانە نەیەتە لام، تەنانەت لە پشووی نێوان وانەکانیشدا نەیەت و، هەر بە لای قوتابخانەکەشماندا ڕەت نەبێت، بەلێنەکەی خۆیشی بەجێگەیاند.**

**ئیدی لەو ساوە لە پۆلدا هێمن بووم. وەک کۆستکەوتوویەک مات و خەمبار دادەنیشتم. لە پشووەکانیشدا کز و بێدەنگ، هەستەکانم لە پشتی دەیان کێوی نەستەوە دەشاردەوە. ئیدی لە قوتابخانە پێنەکەنیم. بەلام زۆر بیری خودام دەکرد، پەشیمان بوومەوە لەوەی کە گلەییم لیٚ کرد. ئاخر ئەگەر وا نەبووایە دەبووایە هەموو ڕۆژیٚ کووتەک بخۆم، نەدەبوو لە قوتابخانە پێبکەنین. بۆ من پرسیارێکی زیندوو بوو، دەبوایە جارێک لە خودا بپرسم بزانم گەورەکان ڕاست دەکەن کە کووتەک لە بەهەشتەوە هاتووە؟ لێم پرسی و بە سەرسوڕمانەوە گووتی : ئای لەو درۆیە! ئای لەو قسە قۆڕە!**

**پێکەنین یاساخ بوو، نەک هەر لە قوتابخانە، تەنانەت لە ڕێگەی قوتابخانەش. دایکم دەیگووت، کچم لە ڕێگە سەلار و سەنگین بە، تۆ کچی، پێنەکەنی، ئاغر ئاغر بڕۆ بۆ مەکتەبەکەت و ئاغر ئاغر وەرەوە مالّەوە، بەم لاو بەولادا نەچی، تەماشای ئەملا و ئەولا نەکەی. ئیدی لە ڕێگەش پێنەکەنیم و لە مالّەوەش پێنەکەنیم.**

**بەلام بە شەو خودا شتی دیکەی پیٚ دەگووتم، دەیگووت: پێکەنین وەک هەلْفڕین وایە، خەندە زمانی ڕۆحە، گوزارەیە لە چێژ و فەرامۆشی و دلْنیایی لە کاتی**

**شادمانیدا. ڕووانین و دۆزینەوەی دەوروبەر گەردوون فراوانتر دەکاتەوە، تا بزێوتربی جوانتری، تا عاشقتر بی یاخیتری و تا یاخیتریش بی خۆشترم دەوێی.**

**من دەبووایە لە نێوان خودا و ئەواندا هەڵبژێرم، یان گوێڕایەڵ بم یان یاخی. کامیان هەڵبژێرم؟ ئەگەر گوێڕایەڵ بم دەبێ شەرمن بم، دەبێ ڕێگە نەدەم هەستەکانم بدوێن، دەبێ هەمیشە بڵێم بەڵێ وایە، بەڵێ بەسەرچاو، ئەوسا خۆشیان دەوێم و پەسنم دەکەن. بەلام ئەگەر یاخی بم دەبێ ئازاد بم، دەبێ ڕێگە لە هیچ هەستێکی خۆم نەگرم، دەبێ بۆ ئەو شتەی کە بەدڵم نەبێت بڵێم نەخێر وا نییە، نا ئەوە ناکەم، ئەوسا ئەوان بە بێشەرم و بێئەدەب ناوم دەبەن و خۆشیان ناوێم. کامیان هەڵبژێرم؟ خوداوەندەکانی دەوروبەرم یان خوداکەی ناخم؟ ئەوانەی دەوروبەرم زۆرن و ئەوەی ناخم تەنها یەک دانەیە، تۆ بڵێی من و ئەو بە تەنیا بتوانین بەرامبەر ئەو هەمووە بوەستین؟ کامیان هەڵبژێرم؟ دەمامک بم یان خۆم؟ درۆزن بم یان ڕاستگۆ؟ دەبوو ڕۆڵی یەکەمیشیان تاقی بکەمەوە تا بتوانم هەست بە چێژی ڕۆڵی دووەمیان بکەم.**

**ماوەیەک بە دڵی ئەوانم کرد، شەرمن بووم، هەستەکانی خۆم لە پشتی دەمامکەکانم دەشاردەوە، ئەوانیش هەر پەسنیان دەکردم، چەند شەرمن و عاقڵە! چەند بەئەدەبە! زمان لە دەمیدا نییە! چەند کچێکی سەلار و سەنگینە! بەو پەسنانە هێڵنجم دەهاتێ، دەمزانی ئەو پەسنانە درۆن، چونکە خۆم چاکم دەزانی ئەوەی ئەوان پەسنی دەکەن من نیم، دەمامکەکەمە. بێگومان دەبوو دەمامک شەرم بکات، چونکە درۆزنە! چونکە وەک لێبووک تەنها بۆ ڕازیکردنی دڵی بەرامبەرەکەی ڕووی خۆشە و هەستی ڕازیبوون دەردەبڕێت، دەنا ئەو لە ناخەوە ناڕازییەوە خەمبارە کە وا خۆی کردۆتە قەشمەری خەڵک و بە ئاوەزی پێدەکەنن. بەو پەسنانە تووڕە دەبووم و هەموو جارێ لە کاتی ئەو پەسنانەدا شۆڕشێک لە ناخەوەم هەڵدەگیرسا، ناخەوەم کە خودای خۆمی تێدا بوو، کە هانی دەدام دەمامکەکەم تووڕ بدەم و ڕووی خۆم پیشانی ئەوانی دی بدەم. جوان یان ناشیرین، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ڕووخسارە نەک دەمامک، ڕووخساری ڕاستەقینەی خۆم.**

**لە ئاکامدا بە دڵی خودام کرد و ڕۆژێک بە بەرچاوی هەموویانەوە خۆم ڕووت کردەوە،**

ئەو بەرگانەی باوکم بۆی کڕیبووم و دایکم لەبەری کردبووم دامکەند و تووڕم دا، دەمامکەکەم گرت و دام بە زەویدا و وردوخاشم کرد. دەمامک بوو بە هەزاران پارچە، بە جۆرێ کە کەڵکی چاککردنەوە و پۆشینەوەی نەمێنێت، کە ئیدی هیچ نەبێت بۆ دەموچاوی من دەست نەدات.

لەوساوە هەست دەکەم خودای ناخەوەم لێم ڕازییە. دوای ئەو هەڵبژاردنە ئیدی کە شاد دەبووم، پێدەکەنیم، کە خەمبار دەبووم دەگریام، هەستەکانم ئاوێنە بوون و خۆم تیادەبینینەوە، بزێوبووم و بەسەر دار و بەردا هەڵدەزنام، دەمڕوانی و دەمڕوانی، بە هەموو لایەکدا. سوپاس بۆ ئەو ڕووانینانە، ئەوان نەبوونایە چۆن تۆم دەدۆزیەوە کە دڵنیام تا ئەم ساتە نایابترین دۆزینەوەی ژیانم بووە. چونکە لە ئاوێنە دەچی و بە ڕوونی ڕووخساری خۆمم پیشان دەدەی.

دەزانم بۆ تۆش هەر وایە. تەنها لەگەڵ مندا خۆتی، کە شادمانی پێدەکەنی و کە خەمباری دەگریەی، هەست دەکەی بە درۆ پێناکەنی، بە درۆ خەمبار نابیت، هەست دەکەیت هیچمان لە یەکتر ناوێ خۆشەویستی نەبێ، تەنها خۆشەویستی چڕ و پڕ و بێگەرد و ڕۆشن. تەنها لە ئاوێنەی دەروونی مندا هەست دەکەی تەماشای ئاوێنەی تەڵخ ناکەیت. ڕووخساری خۆت وەک هەیت پیشانت دەدات و ئاسوودەی کە خۆت ئەوەندە ڕوون دەبینی و ئەوەندە جوانی.

ئەفسووس کە ئەوەندە لەیەکتر دوورین، بەڵام خاترجەم بە ئاوێنەی ئەڤین مەودا ناناسێت، سنووربەزێنە و لە هەرکوێ بێت ئەو ساتانەی کە بیری لێدەکەیتەوە لە ناخی خۆتەوە خۆتت پیشان دەدات. ئاوێنەیەکی ئەفسووناوییە ئەڤین. با هەمیشە بیر لەو ئاوێنەیە بکەینەوە، ئاوێنەی ئازادی. من هەمیشە لەبەردەم ئەم ئاوێنەیەدام، چونکە لەم دوورەوە، لە ئۆرانووسەوە هەمیشە بیر لەتۆ دەکەمەوە. تۆش ئاگاداربە لە بەر شلۆقی زەوی و کێشەکانی، لەبەر ئاوێنە تەڵخەکان و لێبووکەکانی ئەم ئاوێنەیە فەرامۆش نەکەی. غوربەتی ڕاستەقینە ئەوە نییە کە بکەویتە هەسارەیەکی تر و لەو هەسارەیەدا کەس نەناسی، غوربەتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئاوێنەت نەبێت و خۆت نەبینی و خۆت نەناسی. ئازیزم، هەمیشە بیر لە

ئاوێنە بکەرەوە، لە ئاو و لە ئاوێنە، لە ئەڤین.

لاسەکەم.. بە قووڵترین ماچ کۆتایی بە پێشەکی ئەم نامەیە دەهێنم و، بە گەرمترین ئامێزی فەنتازیی بوونی هەمیشەییت لە دڵمدا دەلاوێنمەوە. شتێکی گەورەتر لە گەردوون شک نابەم تا ئەم ساتە، بۆیە دەڵێم بە قەد هەموو گەردوون خۆشم دەوێی.

تێبینی: ئازیزم، بۆ ئاگاداریت ئەمە تەنها پێشەکییەکی کورتی نامەکەیە، ناوەڕۆکەکەی لە سێ وەرزی ژووان و سێ وێستگەی ژووانگە پێک دێت، ببوورە نەمتوانی لەوە کورتتر ئەم نامەیە بنووسم، تەمەن ئەگەر کورتیش بێت، کارەسات و ڕووداوەکان درێژی دەکەنەوە، بە جۆرێ کە هەر رۆژێکیان بە ڕۆمانێ بنووسرێن، ئەو ڕۆژەی ئێمەش، ئەو ژووانگەیە و ئەو ژووانە، ئەو چەند کاتژمێرە کە نرخی هەموو تەمەن بوو، بوو بەهەوێنی ئەم وێستگانە و هاوپێچە لەگەڵ نامەکەم. گرنگ ئەوە نییە بگاتە دەستت، گرنگ ئەوەیە بگاتە هەستت، ئارامی و ئاسوودەییت بۆ دەخوازم، عەزیزم، ئارامی و ئاسوودەیی گیانم.

خەزاڵ/ ئۆرانووس

**گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتانت**
**بریندارم بە تیری سینەسۆزی نێشی موژگانت**
**بە زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم**
**دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**

**مەستۆرەی کوردستانی**

## وێستگەی یەکەم

# ژووانێک لە دۆزەخ

ڕابردوو تەمەنە یارە، تەمەنێکی تەماوی تر لە دیرۆکی پێش تۆفانەکەی ئارارات. بێ ئایندەتر لە ڕۆحە ژەنگرتووەکانی پاشەڕۆژ. تەمەنێکی تژی لە بووخری هەڵبوو لەسەر گومەزی ئارەزوو. تەڵختر لە سپێدەی هەمیشەنووستوو، تەزیووتر لە تاوەتەرزەی هەورەئافات. تەمەنێکی خۆڵەمێشی دوای شەپۆلەکانی تاعوون . پێش پەنگرە ڕچیووەکانی ڕۆژانی بۆری ئەنفال. تەمەن ڕاستی نەبوو تا بیکەم بە تابلۆیەکی شەبەنگ، تەمەن خەونێکی بەرین و بەژن زراڤ بوو یارەکەم، من بە بێداری دەمبینی. سەرتاپای عومر، هەنیسکم زەنگیانە بوو، کڵاوی خۆڕڕەنگی هیوام پێ دەچنی. بە دوو چاوی ڕاماوەوە لە دەرگای ئاسینینی خرداخراوی بەختەوەریم دەڕوانی من، دەمگووت بەڵکە لە درزێکی باریکەوە سیمای خۆیم پیشان بدات تەنها یەک جار. پەڕ پەڕ ڕۆژژمێری تەمەن دەکەوتە ناو دۆزەخی کارەساتەوە، خۆڵەمێشی تەنکتر لە پەڕەی گوڵی تەمەن با دەیهێنا و دەیبرد . دوکەڵی پەڕەی سووتاوی عومری خۆمان هەڵدەمژی. دووەمین ئۆکسیدی خەڵووز بوو هەناسەی قەترانیمان. قەڵەمی قاوەیی قەدەر قەراری هەڵبەستنی قەنارەی دابوو بۆ من و تۆ. قیامەتێ لە دەروونمان حەشری دەکرد. قەدەری قاوەیی سوێندی لێ خواردبووین کە بمانکاتە چاوگی ئەم زرێباری حەسرەت و خۆڵەمێشە. بمانکاتەسەرچاوەی قووڵی قەهر و پەنگری ئەندێشە. کێ دەیزانی چاڵەکانی قەدەر پڕە لە هەناسەی سووتماکی عەشق. لە تۆزی خەڵووزی خەون و لە دوکەڵی چڕی خەندە. تژییە لە نزا و لە کزەی پاڕانەوەی ئێمەومانان. سیخناخە لە سەرگوزەشتەی عەشقەتاوان.

**جگە لە خۆم کێ دەیزانی ئەوەنددددە بیرت دەکەم و،**
**هێنددده تامەزرۆی ماچێکی لێوەکانتم**
**جگە لە خۆم کێ گوێی لە قرچەی سووتانی پەڕەکانی**
**عومری بێ لاسی خەزاڵ بوو،**
**کێ سەدای قریشکەی ناخەوەمی دەبیست.**
**قەدەر سوێندی لێ خواردبووین،**
**سوێند بە مەرقەدی ئیمامێکی تاوانبار**
**کە ئیمامیش و بۆمباش بوو، هەر بە سیحر ژیانی دەکرد بە زینهار**
**سوێندی لێخواردبووین، دەنا لە ئاسماندا**
**تریفەی درەوشاوەی هەردوو ئەستێرەمان**
**چەشنی لاولاو بە یەکەوە ئالابوون و،**
**جریووەیان، زریووەیان، زەنگیان، دەنگیان.**
**گەردوونیان کردبووە ئامێزێکی ئاشکرا بۆ ڕازی نیان**

**قەدەر فەرهادکوژە یارە، دەنا**
**تۆ ئەشکەوتی شاخەکانی گەردوونی منت کردبوو بە تاقەوسان.**
**لە مەجنوون تەنیاتر بوویت، کە لە دووی**
**گەردیلەی ونبووی عەشقم دەگەڕای .. لەم بیابان، لەو بیابان.**

**خێڵ چیلکەی لە چارەنووسمان وەردەدا یارە،**
**چارەنووس کام نووسەری نەزان دەینووسیی؟**
**کام قەڵەمی دڵڕەش بەسەر ئەم پەڕانەدا غار دەدا؟**

**ئاخ، چ قەدەرێکی بێ سیحر و بێ سەما و بێ سەحەر بوو سەحرا!**
**چ چارەنووسێک بوو بۆ چیا ئەم چاڵە**
**چ قەدەرێکی قاوەیی و لماوی بوو**
**بێ هیچ هۆیەک لێکدابڕان**
**یارە، بۆم باس نەکردبووی گرتەی فلیمەکانی ئەم مەرگەساتە.**
**زنجیرەی زبری ئەم خەونەمارانەیە**
**پێم وا نەبوو ڕووداوەکانی دێنە دی**
**تۆ بمبەخشە!**
**نەمدرکاندبوو ئەم عەشقە،**
**نەمگێڕابووەوە ئەم خەونە سامهێنەرە**
**بمبوورە یارە، نەمزانی**
**تەمەن و لمی قەدەر ئاوێتە دەبن**
**ئەم تابلۆیە دروست دەکەن**
**بۆم نەگێڕابوویەوە ئەو خەونەی ئەوسا،**
**کە هەر زوو زوو، دیم و نەمدی**
**حەوت هەزار و سێسەد و دە شەو پێش ئێستا**
**دیم و نەمدی ئەو کابووسە کارەساتە**
**نەمدرکاندبوو ئەو عەشقەی**
**تۆ لە نیگامدا ئاشکرا بەدیت دەکرد**
**نەمدەزانی چاوم توانای پاراستنی ڕازێکی وا گەورەی نییە**
**ڕازێ کە لە یەکەم گیربوونی جووتێ نیگا نهێنی خۆی ئاشکراکرد.**
**نەمدەزانی پێ دەزانی کە بێ ئەندازە شەیداتم**
**نەتدەزانی پێ دەزانم کە بە بێ سنوور سەودامی**

نەمدەزانی پێ دەزانی کە ڕۆژانە لەگەڵ خۆمدا تۆ دەدوێنم.
کە شەوانە لەدوورەوە لایەلایەت بۆ دەکەم و،
بە ئایەتی خۆشەویستی دەتخەوێنم
نەتدەزانی پێدەزانم لە خانوویەکی خەیاڵدا
تارای بووکت لەسەر کردووم.
نەک مانگ، تەمەنی هەنگوینت لە ماچی تەڕ بۆ چێ کردووم.
نەمدەزانی کە دەزانی، نەتدەزانی کە دەزانم.
یارە نەم گێڕابووەوە لە لات ئەو خەونەی ئەو شەوە دیم.
شەوی دوای یەکەمین نیگا و یەکەمین بڵێسەی سووتان.
شەوی دوای یەکەمین چرپە و
یەکەمین پیتی تەڕ لە واژەی فرمێسک
لە وانەی یەکەمی گریان

لە خەونمدا من خەزاڵ بووم،
بەڵام خەزاڵێکی بێ لاس، خەزاڵێکی نوقمی لم و،
خەزاڵێکی پاڵکەوتوو لەناو چاڵی قەترانیتر لە شەوە.
تۆ لاس بووی یارە، بەڵام چ لاسێکی قژخۆڵاوی
چ لاسێکی بێ خەزاڵ!
چ لاسێکی تەریووی ونبوو لەناو تەمتوومان
چ لاسێک، یارە چ لاسێک بووی لەم خەونە لماویەدا
چ خەزاڵێکی بێ یار بووم لەناو ئەو خۆڵبارانەدا
پیتەکانی عەشق یارە دەتگووت تەنافن و
کفنی زین و مەمیان بەسەرەوە هەڵخراوە

**خۆشەویستی دەتگووت بروسکەیە هەڵدێ**
**لە ماچ خاچ دروستکرابوو، چوارمێخەی شاخ هەڵکێشرابوو**
**پێشانم نەدابووی گرتەی ئەو کابووسە**
**دەمگووت مەحاڵە بێتە دی**
**تەنها لە خەوندا دەشێ دەریا ببێ بە بیابان**
**لە جێی ئاو لمی پیا بڕوا**
**تەنها لە خەوندا دەشێ لووتکەی سەرکەش ببێ بە چاڵ**
**خەزاڵێ هەبێ بە بێ لاس**
**لاسێ هەبێ بە بێ خەزاڵ**
**تەنها لە خەوندا دەشێ حاڵەکان ببن بە مەحاڵ**

**پێم وا نەبوو، ڕۆژانێ دێ، ژیان لە کابووس سامناکتر**
**تەمەن لماوی دەکات و، زەمەن لە چاڵدا پاڵدەخات**
**پێم وانەبوو، ڕۆژێ دێ من و تۆ لێرە**
**لە کەناری چاڵێکی ڕەشی قەدەردا جەستەمان دەبێتە بێژنگ.**
**تووڕ هەڵدەدرێنە قووڵایی**

**لاس گیان ، خەزاڵم گوێ بگرە،**
**دەزانم ئێوارەیەکی زۆر درەنگە**
**درەنگە بۆ درکاندنی ڕازێکی وا بەژنزراڤ**
**دەزانم تازە بێ سوودە عەشقبازی**
**دەزانم ئەفسووس هێشتاش چارەنووس چارەی ئێمە ناکا و،**
**هەر ناهێڵێ دەروونم هەلاودیوو بێتەوە و**

**وردەواڵەی یادم لەسەر تەختی سینگت هەڵبڕێژم.**
**تا بە دەربڕینی هەستەکانی مەستیم،**
**دەمارەکانم ببنەوە بە ئاوریشم،**
**خوری ئاڵۆزکاوی نەستم خاو بێتەوە، کپ ببێتەوە سوێ و ئێشم.**

**لاس گیان .. خەزاڵم گوێ بگرە،**
**درکاندن دەبێتە دەرمان**
**ئەو ئەڤینەی کە هەموو چاوێ دەیبینی و من هەر پێم وابوو**
**دڵم سنووقی ڕازێکی زۆر بێدەنگە**
**پێم وابوو زمانێ نییە بۆ درکاندن، جگە لە چەپین و مەستبوون**
**کاتێ نییە لە ڕۆژژمێری ساڵەکاندا بۆ ژووان بشێ**
**شوێنێ نییە بهێنێ بکرێ بە پەرستگای ژووانگە**

**ئەم گیاندانە بەکاوەخۆیە ڕەنگە دەرفەتێ بێت ،**
**خودای ئەڤین بەخشیبێتی**
**تا من و تۆ گرێ کوێرەکانی دەروون بکەینەوە**
**تا من و تۆ تاقە یەک یادگاری شیرین لای ژین دانێین**
**بە یەک ئاوێزان داستانێ تۆمار بکەین**
**بە ماچێ مەرگ شەرمەزارکەین**
**ڕەنگە ئەم گیاندانە سستەی ناو چاڵی قەدەر**
**دەرفەتێ بێ بۆ دیدارێ**
**کە تەمەنێ چاوەڕێی بووین لە سەر هەرێزی ژووانگە**
**بەهەشتێ بۆ جەستەی تینوومان ساز بکا**

**ڕۆحمان دەمێک بوو لە چینە بڵند و کەسنەدیدەکانی**
**ئاسۆدا پێکەوە لە شەقەی باڵیان دەدا و، دەفڕین.**
**ئەگەر وا نییە بۆ نامرین،**
**لەناو ئەم گوللەباران و زام و خوێن و خەمانەدا**
**لەناو ئەم چاڵی قەدەرە بۆ بیلبیلەمان وا شەیدایانە**
**لە یەکتری ڕاماون، پێڵووەکانمان بۆ ناتروکێن**
**لەناو ئەم هەموو مەرگەدا، دڵمان بۆ لە لێدان و ترپە ناکەوێ.**
**زمانی ڕۆح و جەستەی من بۆچی لە چرپە ناکەوێ**
**چاوەڕێی چیین؟**
**کەی وا بووە، کێ باوەڕ دەکات وا بڵێم**
**کە گیاندان ئەوەندە خۆش بێت؟**
**کێ دەیزانی چاڵی قەدەر بۆ دواجار و تەنها ڕۆژێ،**
**چەند سەعاتێ بۆ من و تۆ دەبێتە تاراوگەی ژووانگە**
**لە ڕۆژی حەشر و نەشردا،**
**کێ دەیزانی؟ هەر ئەو تەنها جارە و لە ساتی گیانداندا**
**بەختەوەری درزێکی دەرگای ئاسنین دەکاتەوە و**
**بە تیلەی چاو تێی دەڕوانین.**

**یارە نەکەی چرکەیەک لە پێش من بمری، بەرگە ناگرم**
**ئازاری ئەو چرکەساتە وەک سەدەیەک تێدەپەڕێ**
**نەکەی لەم هەلە ئاڵماسینەی گیاندانی ژووانداا،**
**خەوت لێ بکەوێ یارە**
**تەمەنمان تەنها ئەم ساتانەی دەبێتە سەرگوزەشتەی عەشقە ڕازێ**

**ژیانمان هەر ئەم ساتانەی هەیە پێیەوە بنازێ**
**عەشقە ڕازێ کە هەر دەبا**
**لە ئاشکراترین گۆشەی ژیانماندا پەنهانی کەین.**
**گۆشەی تیژی حەسرەتەکان**
**ڕازێ کە هەڵکێشانی هەناسەیەکی سارد و خاومان**
**دەبوو بە شفرەی هەڵهێنانی هێما و کۆدەکانی**
**عەشقێ، چ عەشقێ یارە گیان**
**ئاشکراترین پەنهانی**
**کە هەموو کەس جگە لە خۆمان دەیزانی**
**بە دابڕان دەست پێ دەکات، بە کارەسات کۆتایی دێ.**

**چ عەشقێکە ، خۆمان نەبێت کێ دەزانێ**
**ئێمە تەمەنێ ژیاین و، ژیانیشمان بریتییە**
**لەم چەند سەعاتەی ژووان و ئەویش**
**لە چ شوێنێ؟ لە چ کاتێ؟**

**کات: حەوت هەزار و سێسەد و دەیەم ڕۆژیادی یەکترناسین**
**شوێن: ئاتەشگە ، یان زەمهەری دۆزەخێ.**
**دیمەن: چاڵی جێژووان،**
**بەخرمشی پەنجەی شۆڤڵ هەڵکەندراوە و قووڵ کراوە ،**
**دووری قووڵاییەکەی هێندەی دووری ئەوسامان لە یەکتر ترسناکە**
**کێ دەیزانی ئاوای لێ دێ جووتێ کۆتری نێر و مێ**
**کە گمەیان گۆرانی بوو،**

به زمانی باڵ لەگەڵ ئازادی دەدووان
ئەو زمانەی کە هەوێنی هیوا و خەون بوو بۆ وڵاتی ئازارستان.

یارە وەرە لەم چەند سەعاتەی مێژووی وێرانە خاکی ئەڤین،
لەم چەند دەمژمێرە نەژمێردراوەدا ژیان ئاوەژووکەینەوە.
لەم کۆتاییەدا کە ژان بێسنوور دەمانجنێ،
بگەڕێینەوە بۆ ساتی سەرەتامان
سەد و حەفتاوپێنج هەزار و چوارسەد و چل کاتژمێری بەر لە ئێستا
لەوێ کە تۆ لاوێکی بزێوی شاخەوان بووی،
من کەنیشکێکی مامزئاسا چیایی
لە گیربوونی نیگاماندا پڕیشکی گڕ دەکەوتەوە و
لە بای وەشتی هەناسەمان گڕڕەی گەرمیان دروست دەبوو.

وەرە لەم چەند سەعاتەدا بە یادی یەکەمین نیگا
شەن و کەوێ بە خەرمانی ڕابردووی عومردا بکەین
بەدەم ئەو شەن و کەوەوە
تەماشامان یەکتری خەڵتانی سۆز کات
لەم چەند سەعاتەدا لە جیاتی گشت تەمەنی بێ تۆیی
تەنییایم بهۆنمەوە و بیکەم بە ملوانکە خاچێ
لەسەر سنگتا چوارمێخەی خەمم هەڵکێشم.
با لەم دەمژمێرە دەمداخراوانەی کۆتایی گەردوون
زمانمان بکەین بە باخچە و،
گوڵ بە وشە و

**گەلا بە داستانی سۆز و،**
**دۆزەخیترین ژووانگەش بکەین بە ماڵ**
**ماڵی هەمیشەی سۆز و خەڵوەتگای عەشقێکی مەحاڵ.**

**ئەم چەند سەعاتە دەگمەنە و،**
**با وەک دوو گەردانەی یاقووت بیهۆنینەوە**
**بۆ یادگاری لە گەردنی یەکدی بکەین**
**با لەم چەند سەعاتەدا بۆنی یەکتری بگرین و،**
**تامی یەکتری بگرین و،**
**ئەم تام و بۆنە دەگمەنە لای سروشت دانێن بە یادگار**
**با لەم بۆن و بەرامەیە گوڵێکی نوێ**
**گوڵێکی سەیر**
**گوڵێکی هەتاهەتایی لەم سەرزەمینەدا بڕوێ**

**وەرە یارە،**
**ئەم چەند سەعاتی گیاندانە لەباوەشم بگرە و، لەباوەشت دەگرم.**
**ئەو باوەشە بەهەشتییەی کە یاساخە**
**ماچم بکە و ماچت دەکەم**
**ماچێ لەم بەر و ماچێ لەو بەرە**
**ئەگەرچی لەسەر تەنها ماچێ**
**لە دەڤەری ئێمەدا شەڕەخەنجەرە**

**یارە ژیان میهرەبانە کە ئەم چەند سەعاتەی کردینە خەڵات و**

**نەیهێشت بە بێ ژیان بمرین**
**میهرەبان بوو ژیان کە نەیهێشت بۆ هەمیشە دابڕان پیشەمان بێ.**
**چەند کاتژمێری کۆتایی نەیهێشت لاس بە بێ خەزاڵ و**
**خەزاڵ بێ لاس دوا نیگای بپێچێتەوە و چاو لێک بنێت.**

**سووپاس یەزدانی میهرەبان**
**بۆ ئەم چەند سەعات ژیانە ،**
**کە هێندەی گشت تەمەن تام و بۆنی هەیە .**
**سووپاس لاسە شیرینەکەم کە باوەشت**
**هێندەی بەهەشت فەرامۆشی بە جەستەی ماندووم دەبەخشێ**
**لەناو ئەم مەنجەنیقەدا**
**ژیان میهرەبان نەبوایە ، چۆن ژووانگەی چێ دەکرد و،**
**لەم ساتانەی کۆتاییدا پەرجووی خوای عەشق نەبوایە**
**چۆن دوای تەمەنێ دابڕان و ونبوون لە یەکتری.**
**تۆ دەگەیشتییە ئێرە ،**
**لەم وێستگە هەڵامساوەدا یەکمان دەدی.**
**ئەفسوونی ژیان نەبوایە**
**ئەم هەموو دەریا و کیشوەرەی ڕێی کاکێشانی نێوانمان**
**چۆن ئاوا کورت ، کورت دەبووەوە؟**
**چۆن دەگەیشتیە کەناری من و چاڵ و لە قەراخی یەکتریدا،**
**پێکەوە و بە تیرێکی پیبر بەردەکەوتین و دە پێکراین.**
**پێکەوە و هاوچرکە دەکەوتینە قوڵایی ئەم چاڵەوە و،**
**بۆ یەکەم و دواجار جەستەی شەڵاڵی خوێن و تاسەمان**

وەکو دوو بێچووە مراوی، باوەشیان بەیەکدا دەکرد.
ئەفسوونی ژیانە هەموو،
سیحراویین میناکانی چاوەڕوانی و،
سیحراوییە کەشتی ژیان. زۆر سیحراوی!

وەرە یارە،
دەڵێی چی هەتاهەتایە، بە بەردەوامی و بێ وەستان
بەم لەززەتەوە گیان بدەین و قەت قەتیش نەمرین
گیانمان بدەین بە یەکتری و، یەکتریش بکەین بە گیان
هەموو ژیان چڕ کەینەوە لەم گیان و گیاندانە جوانەی
عەشقی لە ئامێزگرتووە
دەبا نەمرین، مادەم ژیان میهرەبانە
دڵی نەهات دابڕان هەمیشەیی بێ و،
بمانکاتە دوو ئەستێرەی نامۆی هاوتەریب.
بمانکاتە دوو هاودەمی لە یەک غەریب
نەیهێشت غوربەت و تاراوگە تەم لە چاوی تەمەنمان کات
چەند سەعاتێ ئامێزی یەکی بۆ کردینە فەرشی فەرامۆشی
چەند سەعاتێ لەززەتی ژیانمان نۆشی.
یارترینم،
چۆنت تێبگەیەنم چەند و چۆن و
بۆ ئەوەندە خۆشم دەوێی؟
لە کەیەوە و، بۆ بەتەنها هەر تۆ و هەر تۆ؟
چیت تێبگەیەنم کە خۆم هەموو تەمەن لەگەشت و ئەزمایشتدابووم

**ئێستا و ئێستاش بەرسڤم نەبوو بۆ ئەو پۆلە پرسیارە**
**کە خۆم هێشتا نەمزانیبێ بۆ و چەند و چۆن**
**لە کام پێوەر بدوێم تاوەکو بزانی**
**هەرچی بڵێم مشتێکێتی، تەنها مشتێ**
**مەگەر شێت بم بتوانم لە خەروار بدوێم.**

**وەرە زامەکانی لەشت**
**بە هەتوانی نەرمی ڕۆحی بەپەرۆشم،بۆ داپۆشم .**
**وەک هەمیشە ببەرەوە بە سەدای سۆز لە نەستم و**
**بە زەنگی ئاوەز لە هۆشم.**

**دێتەوە یادت یارە،**
**ئەوسا کە تۆ پێشمەرگە بووی،**
**چۆن بەسوێراوی فرمێسکم لە سەنگەردا**
**زامەکانم بۆ دەشووشتی؟**
**چۆن لە واژەگوڵ و گیای ماچ هەتوانم بۆ چێ کردی؟**
**کە من دەرمانم بەو گەڵاو گوڵانەی هەست چێ دەکرد بۆت،**
**دەیانبردمەوە بۆ ئەوێ، بۆ سەدەکانی ناوەڕاست**
**لە مەیدانی کڵێسایەک، بە بەرچاوی خاتوو مەریەم و مەسیح دا**
**بە تاوانی سیحربازی لە تەنووریان دەپەستانم**

**نووری دیدەم، دەنگ و ڕەنگ و سەنگی گیانم!**
**یاد چ شاباڵێکی هەیە!**

**چۆن دەبێتە بەرەی سیحری و**
**دەمباتەوە بۆ ئەوساکە.**
**ئەوسای تژی لە سەهەندەیی و سەما و**
**لە ساتەمەرگ و سەروەری**
**ئەوسای سامناک، چ شاکارێکە شابالی بیرەوەری.**

**دێتەوە یادت کە بۆنی خاکوخۆڵی سەر ڕانکوچۆخە تۆخەکەت**
**کە بارانی بەهاران ئاوپەرژێنیان دەکرد ،**
**عەتری سیحراوی خۆت و خاک چۆن و چەندیان مەست دەکردم؟**
**ئەی دێتەوە یادت بە مەستی چەند حەیرانت دەبووم و**
**سۆزم دەکرد و سترانم بۆت دەگووت؟**
**بیرتە هەر جارێ تفەنگت دەنایە شان**
**چۆن چۆنی تەماشام لە بالآت دەئالآ و، کە دەچوویە مەیدان**
**تا لە چاو ون دەبووی چاوم نەدەتروکان**
**تۆش بە بێدەنگی هەر ئاوڕت دەدایەوە و،**
**دەمزانی نیگات چی دەفەرموێ،**
**باس لە کام حەز و، گوزارە لە کام سات دەکات**
**دەمزانی بۆ تەماشام دەکەیت وەک ئەوەی ئاوێنە بم**
**بێ ئەوەی بیبیستم، دەمزانی لە چی دەدووای**
**لە چ ئەڤینێکی بێدەنگ و نیان.**
**ئەوینێکی فریشتەیی**
**فراوانتر لە گەردوون و، شەپۆلاویتر لە دەریا و ،**
**ڕووناکتر لە ئەستێرەکان.**

تۆ تەماشا، لەم کاتە چرچ و لۆچەدا،
لەناو ئەم شوێنە شەپریوە، چیتری سەیر دێتەوە یادم، یارە
ئێوارانی درەنگی بەهاران
کە لەسەر بانیژەی گڵیندا دەنووستم، چاوم دەبڕییە ئاسمان
لە خەرمانەی مانگ ڕادەمام
خەیاڵم پەرش دەبووەوە بەناو تریفەی زیووین
دوو ئەستێرە لە هەموویان ڕووناکتر بوون،
دەمگووت ڕەنگە ئەستێرەی بەختی ئێمە بێ
کاڵێنەی چاوەکانم تریفەی ئەستێرەکەی تۆیان
هەڵدەمژی و هەڵدەمژی و هەڵدەمژی
کە بەیانی زوو ڕادەبووم
دەمبینی کاڵێنەی چاوم پڕیەتی لە زیووی عەشقت
سۆمام پڕە لە نهێنی
کە تۆم دەدی، بە نیگایەک گەردانەی ڕازم دەبچڕا
دەوروبەرمان خەڵتانی تریفە دەبوو.

یارە، ئێستاش
ئەوەتاین لەناو دڵی نوقورچ نوقورچاوی چاڵ و
دەوروبەرمان پڕە لە لاشەی پێکراوی بێچووە باڵندەی شاخەوان
پڕە لە لاشەی کوژراوی کوڕکوڕ و کۆتری سپی و
هەوێردەی جوان
ئەوەتا جەستەی شەلاڵی برین و ئارەقی لەززەت،
جەستەی جانانەم.

**بەسەر جەستەی شەلاڵی خوێن و ئارەقی سۆزی تۆ،**
**جەستەی جانانەت کەوتووە.**
**دوو جەستەی کۆتر و کوڕکوڕێ**
**کە تاقە جارێ ژووانیان هەبوو، ئەویش لە نیوەشەوی ژیان و**
**لە ژێر پردەکە، پردی سیرات، لە تەنیشت ماڵی خوا.**
**چ ئەدرەسێکی سەیرە یار،**
**چەند گۆڕاوە ئەو هاوڕێ میهرەبانەی چاخی منداڵییم.**
**نا ئەمەیان هەو نییە، من دڵنیام کەسێکی ترە و من نایناسم.**

**چەند سەیرە، سەیر!**
**لە خەونیشدا نەماندیبوو ڕۆژێ دەبین بە دراوسێی کەسێکی وا**
**نە لە زمانمان تێدەگا و، نە خۆشی لە ڕووخسارمان دێ**
**نە سڵاومان لێ دەکات و،**
**کە سڵاویشی لێ دەکەین بە مۆڕە بەرسڤی سڵاو دەداتەوە**
**پارشێوانی مانگی ڕۆژوو ئێمە کولێرەی نەرم و گەرم و**
**گوێزی هەورامان دەکەینە کاسە هاوسێ**
**ئەو ئێواران خورمای ژەهراویمان بۆ چاڵ بۆ دەهێنێ.**
**ئێمە کولیچەی جەژنی لەسەر سینی زێڕ بۆ دەبەین**
**ئەو لە سپێدەی جەژن دا،**
**ئاوهەڵدێڕێکی سوورمان بە دیاری بۆ دێنێ.**
**چ حەیف یارە کە نەتوانی ماڵ بگوێزیتەوە و بڕۆی.**
**چ گەڕەکێ ئێمەی هەتیوو دەگرێتە خۆی.**
**چ شارێ،ئیدی دەوێرێ ئێمەی هەناسەژەهراوی**

**ئێمەی کۆچەر بکاتە خەڵک و دانیشتووان**
**چ وڵاتێ، یارە دەتوانێ بمانکات بە هاوڵاتی؟**
**هەتا ماوین لێرەین، لە چاڵ،**
**دراوسێی ماڵی خواین ئێمە.**
**نە ئەو بار دەکا و نە ئێمە،**
**حەیف یارە**
**دەبێ ڕابێین بە هەناسەی ژەهر و پەژارە و سێدارە.**

**نامەوێ چرکەیەک بوەستم بمبوورە،**
**زۆر بمبوورە یارە کە هێندە زۆر دەڵێم**
**مەبەستمە پێش مردن بزانی**
**کە چەند بەتین و هێزەوە خۆشم دەویستیت و**
**چەند بە تەوژم خۆشم دەوێی.**
**چەند پێویست بوویت و لام نەبووی**
**چەند پێویست بووم و مەخابن، لە لات نەبووم**
**مەوداکان نێوانیان کردبووین بە چاڵ و**
**پردێکیش لە نێواندا نەبوو، پردێکی تاڵە موو،**
**تەنانەت پردێکی وەک سیرات**
**نە دەنگم دەگەیشت، نەدەمبیست سەدایەک، ئاخێکت، داخێکت**
**ئەویش هەر قەدەر بوو؟ ئاخ قەدەر**
**دووریش هەر قەدەر بوو؟**
**ئەی خۆمان لە کوێ بووین، چ کارەین لە بووندا**
**هەر کاتێ بەرامبەر ئاوێنەی درزبردووی ڕابردوو**

**لە ڕووخساری هەمیشە زەردی یەکتر دەڕوانین**
**لە جیاتی هەر شتێ ، ئاخێک هەڵدەکێشێن، دەبێژین ئاخ قەدەر.**
**مەوداکان قەدەر بوون،**
**قەدەرێ کە بە دەستی خۆمان وەک یاری منداڵان لە لم چێیان دەکرد.**

**ئای یارە، چیم دابوو لە مەودا؟**
**ساڵەکان ، دەهاتن بەڵام من فێڵم لە کاروانی ساڵ دەکرد،**
**نەمدەهێشت هەر ئاوا بە بێ تۆ بە لامدا تێپەڕن**
**نەمدەهێشت بێ دیاری و یادگاری بڕۆن و گوزەر کەن**
**ئەمەیان ڕازێکە وا ئێستا بەدەم ئەم گیاندانە جوانەوە**
**بە پەلە بەیانی دەکەم بۆت**
**نەوەکو نەزانی شاڵاوی ئەو سۆزە هەتا کوێی دەرروونی ڕاماڵیم**
**هەر ڕۆژێ کە دەهات، هەر ڕۆژێ**
**بە خامەی خەمەکان نامەیەکم لە پەڕەی دڵمدا دەنووسی و**
**نەم دەنارد. هەر ڕۆژێ نامەیەک.**
**نامە بوو بە دووان و بە سیان و،**
**نامە بوو بە دەیان، بە سەدان.**
**یارە .. هەزار و یەک نامەم ژمارد و، نەمدەنارد**
**هەزار و یەک نامەم بۆت نووسی**
**هەزار و یەکەمین نامەیان درێژ بوو ، دوادێڕیم دەنووسی کە هاتن،**
**دوادێڕی تۆفانی ئەنفال هات ڕایماڵی**
**نامەکان ، هەر هەزار و یەکیان لە یەک زەرف دامنابوو بینێرم.**
**زەرفێکی هەرمێیی، لەگەڵ ئەو نامانە نەوای ترپەی دڵم دانابوو**

**دامنابوو.. ڕۆژێ بێ و بینێرم بۆ ئەدرەسی بینابیت**
**ڕۆژێ بێ و ببینیت**
**سالآنێ تەرخان کەی بۆ لەبەرکردنی ئایەتەنامەکان**
**عەزیزم، ببوورە، نازانم بۆ دەبوو نەینێرم؟**
**بۆ دەبوو گشت ژیان ببێتە زەرفێک و هەزارویەک نامە و**
**ئەو زەرفەش بۆ هیچ کوێ نەنێرم؟!**
**نەمناردن، نەتبینی، ئەو ڕۆژە هەر نەهات**
**ڕەشەبا بردنی و نازانم بۆ کام ڕێ، بۆ کام دێ**
**نازانم بۆ کام شار، کام کیشوەر، بۆ کام جێ**
**دێڕەکان ئێستا و ئەوساش خەونی ساوایان نەهاتە دی**
**بەدیداری سۆمات شاد نەبوون.**

**یارە، حەیفە بمرین**
**سەرتاپای جەستەمان پێکراوە دڵ نەبێ**
**دڵمانە نایەوێ عەشقمان وا سانا ئالآی سپی هەڵ بکا**
**دڵمانە لە ترپە ناکەوێ و نایەوێ ژووانگە جێ بێڵێ**
**ڕۆحمانە نایەوێ و دەترسێ هەڵفڕێ**
**یارە، مەخابنە بمرین**
**یارە چونکە زۆر ئەفسووسە، ڕەنگە نەمرین**
**نازانم بۆچی و چۆن،**
**دڵم هەر ئەوەندەم پێ دەڵێ کە نامرین.**

**چۆن نامرین؟**

وا شۆڤڵەکانی مەرگ لە دووری دوورەوە دەنگیان دێ
هاکا دێن، ئەم عەشقە و جەستەمان
لەم بیابانی عەدەمەدا لە بن لم حەشار دەدەن
هاکا دێن، فرسەتە یارە گیان با بدوێین
بۆ وەکو هەمیشە بێدەنگی و
تەنها بە چاوانت عەشقێکی گەردوونی و نهێنی
عەشقێکی سەرتاپا خەماوی، سیحرامێز
بە نیگای ڕووت و قووت دەنوێنی
بۆ وەکو هەمیشە بە نیگا عەشقت دەدرکێنی و
بە زمان وشەیەک ناڵێیت و بە گوێ چرپەیەکت نابیستم؟
بۆ وەکو هەمیشە بێدەنگی و، منیش حیکایەتت بۆ دەگێڕمەوە؟
هەبوو نەبوو،
چی هەبوو؟ چی نەبوو؟
هیچ هەبوو، هیچ نەبوو!
کۆتایی حیکایەتەکانمان یەکسانن بە هیچ
یارە ئەفسووس، ئێستاش و ئەوساش
لە پاش هەموو حیکایەتێ، دەبێ بڵێم
"منیش هاتمەوە، کەوشەکەم دڕا، هیچم پێ نەبڕا."

چیمان پێ بڕا یارەکەم، "هیچ" کەی شتە؟
وردوخاشی کە بێدەنگی!
هەتا کەی من وەک شەهرەزاد حیکایە تخوانت بم، لاسە
تۆش بێدەنگ بێدەنگ و سەرسام

**لە پێکەوەبوونی وەک پێکەوەنەبوومان بڕوانی؟**
**با ئەمجارەش خۆم ختووکەی یاد بدەم و**
**مرواریییەکانی جێژووانی ژێر دارهەنار و سێوەکان لەم دۆزەخەدا هەڵڕێژم**
**گوێ نەدەمە بێدەنگیت و هەتا مردن من گۆرانی بۆ تۆ بێژم.**
**یارەگیان،**
**لە یادتە جارێکیان باوەشم بۆ سەرت کردبووە جۆلانێ و**
**ناولە پم کردبووە کە پری سۆز بۆ تەوێڵی گەرمت**
**تۆ چاوت لێکنابوو، من گۆرانیم دەچڕی**
**پڕ بە ئەوک سترانی بێدەنگیم بۆت دەگووت**
**ئەشکی تۆش ئەڤینی ئاو دەدا، هەردووکمان دەگریاین**
**کانییەک لە تەنیشت ڕۆحماندا بێ پەروا هەڵدەقوڵا**
**بۆرکانێک لە ناخمان نێڵەنێڵ هەڵایسابوو،**
**دڵمان قوڵتەی دەهات، هەر دەکوڵا**
**ئامێزم بۆ سەرت کردبوو بە قەڵغان**
**تا تیری سەرنجی ناحەزێ نەیپێکێ**
**لە پی خۆت بۆ مەمم کردبوو بە سەیوان**
**تا تەرزەی تەنیایی و بێ تۆیی نەبارێ بەسەریا و نەئێشێ**
**لە لێومان ئاوێتەی شەرابێکی خەستی حەسرەتمان چێ دەکرد بە ماچ و،**
**لە جەستەش ئاوێتەی ئەڤینی ئەبەدی.**

**خەیاڵ بوون، ئەمانە ،**
**خەیاڵی بزێوی دوو عاشق کە نەفرەت نەیدەهێشت**
**لە ئامێزی یەکتر بشکێنن سەرخەوێ.**

خەیاڵێ کە بۆنی وەنەوشەی جێژووانی
گەردوونی پڕ دەکرد لە تەما.
کە نەرمیی هەرێزی ژووانگەی فەنتازیا
لە شەپۆلی دەریا بزێوتر ختووکەی هەست و نەستی دەدان
کە گەرمیی هەناسەی تێکەڵاو لە بۆرکان
بەهێزتر شاڵاوی دەهێنا.
لە یادتە عەزیزم؟
چەند خانووی خەڵوەتمان لە خەیاڵ چێ دەکرد،
لە ناویا هەر وەکو دوو یەزدان .
من حەوا، تۆ ئادەم
لە هیچێ ئاسمان و ڕێسمانمان چێ دەکرد
تا بیکەین بە بەهەشت
لە بیرتە ،من بەتامترین سێوم دایتێ و
تۆ گازت لە کوڵمی سێو دەگرت
لە بیرمە تۆ گوتت حەوا گیان،
ئەم سێوەت لە کوێی بەهەشت هێنا ئەی من بۆ نەمدەدی
چەند ژیبریت حەوا گیان، چۆن توانیت گەردوونی باخی سێو
لەناو ئەم بەهەشتە بێتامە پەیدا کەیت
چۆن زانیت چێژ و بۆی باخی سێو ئەوەند نایابە
هەر یەکجار بۆنی کەی دەبیتە حەیرانی و تا ماوی حەیرانی بۆ دەچرپی.
سوپاس بۆ ئەم سێوەی تامی دا بەبوون و، بۆنی دا بە ژینم.
سوپاس کە بێبەشت نەکردم، زۆر سوپاس حەوا گیان.

**یارە، چۆن دەمتوانی لە پەنای دارسێوێ بسرەوم**
**تۆم لەگەڵدا نەبی**
**چۆن دەمتوانی سفرە ڕابخەم، ژەمی سێو دابنێم،**
**بە تەنیا پێک هەڵدەم.**
**چۆن دڵم دەهات تۆ بێبەش کەم**
**لە تامی تەلیسم و لە بۆن و بەرامەی عەشقەسێو؟**
**وەنەبێ نەزانم،**
**دەمزانی حەسوودێک حەرامی کردووە خواردنی ئەو میوە ڕەسیوە.**
**دەمزانی هەتا هەم یاخیبوون دەبێتە پیشەم و،**
**نەفرەت و سزادان دەبێتە پیشەی ئەو**
**دەمزانی هەتا هەین لە پای نۆشینی خۆشاوی ئەو سێوە،**
**لە پای زرینگەی ئەو پێکهەڵدانە.**
**لە ناو قەفەزی دادگای ئاسماندا گەمارۆ دەدرێین**
**لە هەموو کات و شوێنێ دەردەکرێین.**
**بەڵام هەر دەبوو بینۆشین، سێواوی ئەڤین.**
**دەبوو بینۆشین، بۆ ئەوەی نەمرین.**

**یارە، کێ ناڵێ ئەم چاڵی دۆزەخە**
**لە سزای خواردنی ئەو قوومە سێواوە نەبوو بە چارەنووس**
**کێ ناڵێ ئەو نەبوو کەسوێندنی لێ خواردین؟**
**کێ ناڵی ئەم گوللەبارانەی کە دووشی پێکردین لەم حەمامەگەرمە**
**سزای تامی سێوەلاسوورەی بەهەشت نییە؟**
**دوور نییە ئەم هەموو دابڕان و مەرگی جەرگانە**

**لە تۆڵەی ئەو بۆنە ، ئەو تامە نەبووبێ**
**کە پێش ئەو ، من و تۆ کردمان، ئێرەیی دەهاتێ**
**دەمزانی حەسوودە و قەد چاوی بە مەشقی جوانی عەشق هەڵنایە .**
**لەبەهەشتی بەرین هەردووکمان دەردەکا**
**بەڵام قەت نەمدەزانی هێندە دڵڕەقە**
**هێندە نا میهرەبان**
**چاڵێکی ئاوامان بۆ دەکات بە قەدەر**
**لە سەحرایەکی وادا بێکەس و دەرەتان**
**لممان بۆ دەکاتە زەمین و بە فەرش و**
**لممان بۆ دەکاتە سەیوان و ئاسمان.**
**باوەڕم نەدەکرد ئەوەندە کافر بێت، سوورەتێ بۆ سزا دابنێ.**
**ئایەتگەل بۆ ئەشکەنجەدانمان چێ بکات**
**باوەڕم نەدەکرد ئەوەندە دڵ ڕەش بێت دڵی بێت،**
**لە هەموو تەمەندا لە یەک دامانببڕێ و،**
**دوا ساتی ژیانیش هەر بۆ سەیرانی خۆی**
**دیمەنی من و تۆ پێکەوە کە غەرقی خوێن و خەم و تاسە و لەززەتین،**
**ببینێ و پێکەنێ**
**باوەڕم نەدەکرد دڵی بێت عەشقێکی بەم جۆرە ئەنفال کات،**
**باوەڕم نەدەکرد.**

**یارە، تەماشام دەکەیت، وەک ئەوەی بتەوێ هەر بە چاو**
**بیرەوەری ئەو ڕۆژەم وەیاد بێنیەوە**
**کە توووند لە باوەشت گرتم و تووند بە خۆمەوەم گوشیت**

پێت گوتم خەزاڵ دەڕۆم و ڕەنگە ئیتر نەیەمەوە
شەڕ ، شەڕ، شەڕ، شەڕ
ئەم وشەیە چەند دەیترساندم لاسەکەم
چەند تۆقیبووم لەسیمای ئەو تەتەرانەی
کە هەواڵیان لە سەنگەرەوە دەهێنا
هەموو تەمەن لەوە تۆقیبووم چرکەیەک پێش من بمری و
سەدەیەک بە ئەشکەنجەوە بەسەر بەرم
چۆن بمتوانیبا وێنای کەم دنیایەک هەیە و تۆی تیا نیت
چۆن بمتوانیبا لە گەردوونێکدا هەناسە بدەم
تۆ هەناسەی تیا نەدەیتەوە، یارە
بۆ من دووری مەودا نەبوو،
لە هەرکوێ بای هەستم دەکرد چەشنی با دەبیە هەناسە و
هەڵتدەمژم چرکەی جارێ
لەهەرکوێ بام لەوێندەرێ ئامادەبووی
بۆ من تەنها هەبوونت بەس بوو یارەکەم،
تەنها بوونت و هیچی تر
چەند سامناک بوو جارێکیان لێم بیستی و گوتت:
ئەم شەڕەیان شەڕی چارەنووسە خەزاڵ، ڕەنگە ئیتر نەتبینمەوە
ئەم شەڕەیان بێ شوومارە، هێزی ئەهرەمەن زۆر قورسە،
بێ ئەژمارە،
ڕەنگە ئیتر تۆ و کوردستان نەبینمەوە
ڕەنگە ئیدی لە چاوی تۆ و هەوری ئەودا
تاڤگەی سۆز بەسەرمدا نەڕژێ و دووشێکی خوداییم پێ نەکا.

**ڕەنگە تەمەنی داهاتووم سەرتاپای ببێتە زام و**
**تۆ نەتوانی ببیتە هەتوانم خەزاڵ**
**ڕەنگە ئیدی بینینەوەی ئێوەم بۆ ببێتە مەحاڵ**
**با ماچێکی تۆ و مشتێ خاکی کوردستان**
**وەک یادگاری لەم شەڕەدا لەگەڵما بێ**
**سیخناخت کردم بە ماچ و**
**منیش بە هەستی سەودایی تژیم کردی**
**یارە، دوای سەفەری ئەوسات ئیدی سەیوانی سۆزێکم نەبوو**
**لە ژێریا ئارام بگرم و لە ژێریا هەناسەبدەم،**
**دوای ئەو کۆچە، دوور لە بالاّت.**
**ئیدی تەنیاتر بوومەوە لەو خودایەی**
**سزای تەنیایی بۆ خۆی و، بۆ تۆ و من دانا.**
**ئیدی لەو ڕۆژەوە ئێمە چرکەکانی ونبوونمان لێ دەبوو بە ساڵ**
**ئیدی ئێمە نەماندەزانی لە کوێین و،**
**لە کام دۆڵی قوڵی قەدەر یخ دراوین**
**ئیدی تۆ لە قۆڵێکەوە تەنیایی گیانی دەکرۆشتی و،**
**من لە قۆڵێکی ترەوە فرمێسک نیگامی تەڕ دەکرد**
**تۆ لە جیاتی من لەگەڵ خۆتدا دەدوایت و،**
**من لە جیاتی تۆ لەگەڵ خوا**
**نازانم کام یەک لەو کۆچ و کاروانانەبوون کە ئیدی**
**دوا نیگامانی وەکو یەکەمین نیگا کرد بە مێژوو**
**جگە لە کۆچ و کاروان و ڕێ خاوەنی چی دیکە بووین ئێمە یارەکەم**
**کام کۆچیان بوو، کە ئیدی نەخۆمم دەدی و نە تۆ**

**تۆ لە ناو پۆلە کوڕکوڕێکی سەرسام و ڕەنگھەڵبزرکاوی چیا**
**بەسەر خاچێکەوە چوارمێخەت کێشرابوو**
**بیری شاخ و منت دەکرد**
**منیش لەگەڵ کۆترەباریکەکانی گەرمەسێردا**
**پێکەوە شەتەک درابووین،**
**پێکەوە و هەریەک بۆ یاری نازداری خۆی**
**بە چرپە دەماندوواندن**
**شەوگارمان بە داستانی ژووانی جێبەجێ نەکراو،**
**بەهەژان و بە گریان و سۆزی حەسرەت بەسەر دەبرد.**
**یارە،**
**نەمدەزانی لە کام کاولستانەوە،**
**لە کام عەرعەری عەدەمەوە،**
**لە نزیک کام سووچی ماڵی خوای**
**گوێم لە ناڵە و سەدا و قریشکە و هاوار بوو**
**نەمدەزانی ڕووی دەم لە باشوور یان باکوور،**
**خۆرهەڵات یان خۆرئاوای دۆزەخ بکەم**
**تا دەنگمت بگاتێ**
**هەر لم بوو باکووری بیابان، لمی داخ**
**هەر لم بوو داپپۆشیبوو**
**دڵی لەتلەتبووی ڕاگوێزراوی چیا و، ڕۆحی شاخ**
**هەرگەردیلەی ڕۆح بوو تیکەڵ بە لم بوو بوو،**
**لە باشووری سەحرا.**
**هەرگلێنەی چاو بوو، لە ناو لم جێمابوو، لە ڕۆژئاوای سەحرا.**

**هەر پەنجە و ئەڵقە بوو بەر پێم دەکەوتن**
**کە دەستە غەیبییەکان بە کێشیان دەکردم بەرەو خۆرهەڵاتی**
**ئەم سەحرای فەنایە ،**
**تینوو بووم و دەریا هەر لم بوو،**
**شەپۆل دەیخنکاندم. ئاوی لێ نەبوو سەحرای برینگی زەمین،**
**کوانێ من دەمتوانی بێ زەمزەمی ئەڤینی تۆ بژیم.**
**هەمیشە مەرکانەیەک لەو ئاوی حەیاتەم پێ بوو، ئەوسا نەبێت**
**لە سەحرا ئاوی حەیات یاساخ بوو حەیاتم.**
**لە سەحرا تۆ و ئەو مەرکانەیە و هەموو شتێکی دیم لێ ون بوو.**

**بیرتە یارە عەسرێکی تاوەڕۆژێ؟**
**لە کەناری ڕووباری سیروان**
**بەرامبەر بە قەڵای شێروانە لە پەنای بەردێکدا دانیشتین،**
**تۆ گوتت تەماشا ئەم دەشتی گەرمیانە چەند جوانە!**
**من گووتم تەماشا ئەم چیاو و چۆڵانە ،**
**ئەم لووتکە و دۆڵانە**
**هەر هەموو دارێکی بەردێکی، گەردێکی**
**ئەم کوردستانە چەند جوانە!**
**تۆ گوتت خەزاڵ گیان چەند جوانی، چەند لەم خاکە دەچی.**
**من گووتم حەیاتم ئەم خاکە سەرچاوەی ئەڤین و ژیانە .**
**ئەو ڕۆژە و لەو کانییە پڕمان کرد دەروون و دڵمان و مەرکانە**
**ئەڤین ئاوە لاسی خوێن شیرین، ئاوی ژین.**
**چ عەسرێکی عەنتیکە بوو!**

**عەسرێکی سەرتاپا ئاسمانی**

**ڕووباری سیروانیش شینایی کردبوو بە کراس**

**لە کەنار ئێمەوە ڕاکشابوو دەیچڕی قەتار و،**

**سۆزی نەرمی گەرمیان**

**لە پەنای ئەو بەردە لە یەکتر ڕامابووین**

**ڕامانێ کە دەتگووت ساتێکی وەستاوی زەمەنە**

**لەم لاوە سیروان و، لەولاوە بەمۆ**

**لەم لاوە قەڵا و لەو لاوە باوەشاسوار و، لەولاتر دەربەند و**

**لەملاوە باوەگوڕگوڕ و ، لەو لاوە حەمرین**

**تەماشایان دەکردین و بە بزەی شیرینیان**

**بە هێمای چاوقوچان دەیانگووت: دەزانین ئێوە چەند عاشقی یەکترین**

**لە پاڵ ئەو تاوێرە هەر دەتگوت پەیکەرین**

**پەیکەرێک لە خوناو**

**نازدارتر لە تیشک و، سازگارتر لە پاراو**

**پەیکەری دووکەسی بە نیگا لێک ڕاماو**

**دەتگوت هەرگیز ڕۆژێ تۆ کوڕێکی شەرمن و، من کچێکی بزێو نەبووم**

**ئەوساش بێدەنگ بووی یارە، لاوێکی شەرمن**

**ئەوساش هەر من دەمدواندی ، هەر من**

**من بووم یەکەم ئایەتی سوورەتی خۆشەویستیم دابەزاند**

**بەڵام تۆ ، تەنیا تۆ بووی سروشی هەمیشەی پەیامم**

**ئەو ئایەتە تیشکامێزانەی لە خەڵوەتگەی جێژوان**

**لە هەوری تاسەمەوە بۆم دادەکردی بە تاو**

**لە چراخانی چاوی خۆتەوە هێنابووم ڕووناکی و ڕەنگەکان**

**تۆ سروش بوویت و من خودا، پێم گووتی بخوێنەوە:**
**تۆش فەرمووت بمبوورە خودایە خوێندەواریم نییە**
**حەرف حەرف ئایەتەکانی عەشقم پێ لەبەر کردی**
**تا کردمی بە پێغەمبەرترین عاشق**
**بە عاشقترین پێغەمبەر**
**ئیدی تۆ خۆت پەیامت پەخش دەکردەوە**
**بیری نوێ، وشەی نوێ، وتەی نوێ، کردار و ڕەفتاری نوێ**
**ئیدی سیروان ، دەشتی گەرمیان، چیا و ئەشکەوت و دۆڵەکان.**
**هەر هەموویان باوەڕیان بە ئایینی ئەڤین و**
**پەیامی درەوشاوەی ژینی بێ شین، ژینی زیووین،**
**ژینی تژی لە ئەڤین، هێنا.**
**پەیامی نوێ بوو، کەسی تر لە پێش تۆ نەیگووتبوو،**
**نەیوێرابوو بڵێ:**

## "ئەڤین ئاوی ژیانە"

**ئیدی تۆیان بە پێغەمبەری خۆیان هەڵبژارد**
**زەردەشت بوویت و کەناری بەردی جێژووانیش ئاڤێستا**
**دەنک دەنک ژیلەمۆی گەشی گاتاکانت دەکردە مرواری سۆز**
**بە سەر پشتی ئەسپەشێی شەپۆلی سیروان،**
**دەتگەیاندە ماڵە بێ چراکانی ئەوبەر و ئەم بەر.**
**چ خەوێکی خۆش بوو، بەڵام ئاخ**
**چی دەکەی لە قەدەر؟!**

**یارە،**
**لە کوێ بووی ئەو کاتەی**
**من هەنگاوم لە ناو لمەکان چەقیبوو**
**لە کام ژێرزەمینی زیندانەوە ڤیژەت**
**وەک بروسکە دەروونی منی دەسووتاند**
**من هەموو جەستەم بوو بووە دوو گوێ و تەنها ڤیژەم دەبیست.**
**من هەموو بوونم بوو بووە دوو بینایی و جگە لە لم و ونبوون،**
**هیچی دیکەم نەدەبینی**
**هەموو جەستەم دەبوو بە دوو دەستی نزا**
**دەپاڕامەوە: ئاهورامەزدا دەبێ زەردەشت لە کوێ بێت!**
**ئاهورامەزدا**
**بۆ ئاوازی گاتاکان جاران لە سیمفۆنیای بێتهۆڤن دەچوون**
**ئێستا لە بارەبارەی مێگەلێکی ون؟!**
**بۆ ئاتشگەکانی عەشق جاران سەرچاوەی نەورۆز بوون**
**ئێستا تەمەن ئەوەند تاریک و نووتەکە ؟!**
**بۆ ئاڤێستای جاران لەسەر لووتکەدا دیار و سەرکەش بوو**
**ئێستا لەناو سەحرای عەدەم و فەنادا فەوتاوە ؟**
**هەموو جەستەم دەبوو بە دوو چاو بۆ ڕووانین**
**تا بزانم لە کوێم، لە کوێی!**
**هەموو جەستەم دەبوو بە ئاوەز و لە بوونمان ڕادەمام**
**تا بزانم ئێمە کێین و بۆچی لەوێین؟**
**تا بزانم تەنیایی تا کوێ بڕ دەکات**
**هەموو جەستەم دەبوو بە سەر**

**لەو سەرەشدا هەمان نەخشەم حەشار دابوو کە من و تۆ**
**ڕۆژێ لە پاڵ کانییەکی جێژوواندا کێشامان و،**
**گوتمان ئەگەر ڕۆژێ بە یەکتر گەیشتین**
**ئەم نەخشەیە دەکەین بە کۆشکێ بۆ عەشقمان**
**هەموو جەستەم بوو بوو بە دەستێک و**
**پارچە ئاوریشمێکی چوار رەنگ.**
**لەو سەحرایەدا دەمشەکاندەوە**
**بەڵکە لە شوێنێکەوە تۆ ئەو ئاوریشمە ببینیت و بەو ڕەنگانە**
**بمدۆزیەوە و بتدۆزمەوە.**

**یارە، با پێڵووت کز نەبێ عەزیزم**
**تا چاڵی قەدەر قووڵتر بێ، خۆشترم دەوێی**
**تا مەودای نێوان دوورتر بێ، خۆشترم دەوێی**
**تا قیامەت ڕاوەستاوتر و ئامادەتر بێت،**
**خۆشتر و خۆشترم دەوێیت.**

**وا نزیک دەبێتەوە دەنگی شۆڤڵ، ڕەنگی مەراق**
**هاکا لم چاوی کراوەمان پڕ دەکات لە خۆی،**
**هاکا دڵمان ماوەیەکیش لە ژێر لمەوە لێ دەدات**
**هاکا ماوەیەک لە ژێرخانی دۆزەخەوە وازی عەشق دەکەین و،**
**کۆگۆڕێک دەبێتە میوانگەمان**
**یارە، فرسەتە با بدوێین.**
**با نەهێڵین داستانەکانمان داپۆشرێن**

**با ڕازەکان و ڕۆحمان لەم چاڵەوە،**
**پێش گەیشتنی چنگی پڕ لمی شۆڤڵ، ئازاد بن و**
**بگەڕێنەوە سەر چیا**
**بچنەوە ناو ئەو ڕەزانەی کە پێکەوە بینیمانن**
**ئەو باخانەی کە هەنار و سێوەکانی بەهەشتیی بوون.**

**ئەی ئەو ڕۆژەی کە پێکەوە هەنارێکمان لێ کردەوە**
**ئەو هەنارەت دێتەوە یاد؟**
**دەنکەکانی دەتگوت یاقووتی سوورن و**
**لە ناو دەمتا دەتکرد بە شەرابی لەعلی و،**
**لە پێکی ماچێکی کریستاڵیدا لێوی منت پێ سوور دەکرد**
**لە بیرتە پێت گوتم "حەبیبە" من "نالی"م**
**من پێکەنیم، و تۆ گووتت:**

**"شەرابی لەعلی ڕوومانی لە نالی**
**حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان"** [1]

**ئێوارەیەکی چەند جوان بوو،**
**نازانم بۆ هەستم دەکرد ئەوە خەونە،**
**تەنها خەیاڵێکی چڕە و هەر هەوێنی داستانێکە**
**بە تەنها خۆم قارەمانیم.**

---

[1] دێڕە شیعرێکی حەزرەتی نالی یە.

**چێژی ئەو شەرابە یارە،**
**وەک موچوڕکی چڕترین ساتی ئەڤین بوو.**
**نازانم بۆ ئەوەند گریام ئەو ئێوارە، بە دەم هەنیسکەوە دەمگووت:**

**"دوو چاوی من کەوا سەیلی سروشکن**
**دەپێون ئاوی بەحری خوێ، بە پێوان"**[2]

**دڵم دەیگووت ئێوارەی وا نابێتەوە.**
**قەت شەرابی وا چێ نابێ**
**هیچ هەنارێ وەکو لەعلی ئەو ڕوومانە**
**شیلەی نییە و شیلەی نابێ**
**هیچ هەنارێ، یارە، هیچ هەنارێکی بوون، لە گشت گەردوون**
**نابێتە شەرابی نەمریی وەک ئەو شەرابەی بە لێوت**
**لێوی منت پێ دەڕەنگان.**
**ئیدی چۆن بتوانم بمرم کە بە پێکی**
**شەرابی نەمریی فریشکم گرتبێ.**

**پێت سەیر نەبێ وا هەرزەکارانە دەدوێم**
**نازانم بۆ گەورە نابم**
**تەمەن لە وێستگەی یەکەمین نیگاماندا،**

---

[2] دێڕەێکە لە هەمان شیعری حەزرەتی نالی.

لای یەکەمین چرای چرپە دایبەزاندم و لەوساوە
هەر لەو مێرگەدا بە دوو دەست نێرگز دەچنم
ئێستاش هەر کەنیشکێکی چواردەساڵەی بزێوم و
لە کڵاوڕۆژەنەی خۆرەوە
بۆ گرتنی تیشکی سرکی بەر پەنجەرەی چاوەڕوانی
بەم لاو بەولادا ڕادەکەم.
دەزانی بۆ وا بزێو و هەرزەکارم، دەزانی بۆ گەورە نابم؟
بیرتە گوتت بەم بزێوییەوە جوانی
دڵنیام چرکە بە چرکەی هەموو ئەو ژیانەت لە بیرە
کە تیا نەژیاین
سات بە ساتی ئەو ژووانانەی
کە قەدەر دوای دەخست و، هەر دوای دەخست،
نەم دەزانی بۆ چی و بۆ کەی، بۆ چ ڕۆژێ
نەمدەزانی بە تەمایە ڕۆژێ
لە ژووانگەیەکی عاجباتیدا بماننێژێ.

چاوت کز نەبێ ڕۆحی من، لە مەرگ نزیک نەبیتەوە
با بە مردوویی نەمرین و، بە چاوی داخراوەوە
پێشوازی لەو حەسوودە نەکەین کە ڕۆژێ
لە سەر تیشکە ماچێ لە ماڵەکەی خۆیدا،
کە هەر خۆی ناوی نابوو بەهەشت ، قاوی داین.
با بە چاوی کراوەوە، بە زیندوێتی بمرین و،
بە یاخیبوون پێشوازی لە مەرگ بکەین.

**تا بزانێ ئێمە سێوی نەمرییمان پێکەوە خوارد**
**ئێمە شەرابی لەعلییمان لە ئاوێزانی خۆش چێ کرد**
**تا لە جەژنی داهێنانی نەمرییدا پێکی شانازی هەڵبدەین.**
**ئێمە دوو خوودای جیا بووین و،**
**کەسمان نەماندەگووت هەر من، بە تەنها هەر من یەزدانم.**
**کەسمان تەنیایی و بێکەسیمان نەپەرست**
**شانازیمان بە پێکەوەبوون دەکرد و ،**
**دڵدار و دڵبەری یەک بووین.**
**دوو خوودا بووین، دوو ئەستێرە.. لە یەک ئاسمان**
**دوو جەستە بووین، دوو ڕەوان و هەمان ژیان.**

**چاوت دامەخە لاسەکەم،**
**با قەدەر بە مەرگی ئێمە پێنەکەنێ**
**با یادی ڕۆژانی ئەوسا، ئێستامان لە بیر باتەوە**
**با گڵۆپی ئەو یادانە لە قووڵایی ئەم چاڵەدا داگیرسێینین**
**بیرم خەرەوە،**
**ئەگەرچی یەک چرکەش لە یادم نەچووە و ناچێ**
**ئەو بەیانییەی کە پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ تۆ هەڵهاتی و،**
**بە لاسکی گوڵەباخێ ختووکەی لا ملت دەدام ،**
**بە ئاگات هێنامەوە تا ماچم کەیت و مژدەم بدەیتێ**
**مژدە، مژدە**
**بەڵام خۆ من نەنووستبووم،**
**وەک هەموو کاتێ لە ژێر پێڵووەکانمەوە گەشتم دەکرد**

**خەونم دەدیت و لەو خەونەدا**
**هەردوو ببووین بە جووتێ ژیلەمۆ**
**ئاتەشگەیەکمان جۆش دابوو**
**پەیتا پەیتا لاپەڕەکانی ژێردەستی و،**
**کتێبە کۆنەکانی سەر رەفەی مێژووی کۆیلەیەتیمان دەسووتان**
**پەیتا پەیتا، پێنووسەکانمان تێ دەخست**
**ئەو پێنووسانەی هیچیان بۆ عەشق نەنووسی**
**خێرا خێرا، ئەو نەخشانەمان دەسووتان کە بە خەڵووز کێشرابوون**
**بە خوێن سنووریان لە نێوان دڵی لەتبوومان دانابوو.**

**زیندە خەو بوو یارە، چ زیندەخەوێ بوو**
**لەو ڕۆژەدا بەدیار ئەو ئاگردانەوە**
**من و تۆش سەرلەنوێ و نوێتر لە گشت کاتێ**
**پەیمانمان بە یەکتری دا**
**بۆ یەکتری ببین یان نا، هەر یەکتریمان خۆش بوێ**
**لە کوردستان بژین یان نا، لە سەر زەوی بین یان ئاسمان**
**وەک هەمیشە**
**هەر یەکتری و هەر کوردستانمان خۆش بوێ.**
**هەر دەمزانی ئەم دەڤەرە**
**ڕۆژێ دێ تۆ و من دەیکەینە مێرگی ئەڤین و ئازادی**
**هەر دەمزانی، ئەگەرچی ئەوە خەون بوو.**

**یارە بۆ نایەی ناوی ئەم وڵاتەی خۆمان بگۆڕین**

**ئەم ناوە کۆنیشە و وەک تاوێریش قورسە لەسەر دڵی دراوسێکان**
**چی دەڵێی لە ئەمڕۆ بەدواوە ناوی بنێین ئەڤینستان**
**بەڵام دەترسم بەو پاشگری ستانەوە بیناسنەوە و**
**نەخشە بەدەری کەن.**
**نا .. پاشگری لاند جوانترە، لە ئەمڕۆوە ئەڤینلاند نیشتیمانمانە.**
**بەڵام شوێنەکەی خراپە، دەبێ شوێنیشی بگۆڕین.**
**ئەم شوێنەی ئێستای لێژە و لافاو زوو دەیگرێ.**
**مەترسی بۆرکانی زۆرە.**
**بەوە نییە شاخاوییە، شاخەکانی لەناو دۆڵی قووڵدان**
**بۆ کوێی بەرین دۆڵ نەبێت و خۆر بیگرێ**
**نەخشەی زەوی بهێنەرە بەر چاوی خۆت،**
**کوێ باشترە بۆ ئەڤینلاند؟ تۆ بڵێ؟ کوێ؟!**
**چۆن هیچ کوێ؟!**
**کەواتە لە زەوی گەڕێ،**
**گەردوون تەنها زەوی نییە.**
**خوا نەیبڕێ هەسارەی دیکەمان زۆرن.**
**ئۆرانووس چۆنە ئازیزم بۆ ئەڤینلاند؟**
**یاخود ڤینۆس! ڕەنگە ئەمیان لەبارتر بێ**
**هەسارەی جوانی بۆ وڵاتی ئەڤین، "تیپ تۆپ"ە، "پێرفێکت"ە!**

**تۆ بڕوانە، منیش شێتم!**
**بڕوانە لەناو چاڵەوە تا کوێی گەردوون هەڵفڕیووم**
**نەک بە تەنهاش،**

**نیشتیمانێکم لەگەڵ خۆمدا هەڵفڕاند.**

**لاس، بەم زام و خەمانەشەوە باوەشت**
**لەم تاراوگەیەدا وەک باوەشی وڵات ئارامیم دەداتێ.**
**بەم نیمچە پیرییەشەوە وەک ئەوسا هەر لاسار و لاوین**
**تۆ بە پەنجەکانی ڕۆحت تاڵە سپییەکانی قژم دادەهێنی و**
**من تاڵەمووی سپی سەرسنگت دەژمێرم**
**تۆ لە لۆچی دەوروبەری چاوم بۆ یادگارییەکانی**
**حەوت هەزار و سێسەد و دەڕۆژ پێش ئێستا دەگەڕێی و**
**من لە قوڵایی چاوتدا**
**لە پەناگە ئەبەدییەکەی خۆم دەگەڕێم.**
**تۆ لە سەفەری چارەنووس هاتوویەوە و،**
**برێ لە من ماندووتری. بۆ سەرخەوێ چاو لێک دەنێی**
**من قووڵ، قووڵتر لە گشت کاتێ تێت دەڕوانم.**
**بە دەم خەوەوە، زۆر هێمن، بە ئاسپایی**
**بێ ئەوەی خەوت بزڕێ بە برژانگم هەڵتدەگرم**
**لەناو گلێنەمدا لە سەر چرپای سۆماییم داتدەنێم**
**بە نیگایەکی ئاوریشمی داتدەپۆشم**
**ئۆخژنم نایە ، نەرمەماچێکی چەناگەت دەکەم**
**بە ئاگا دێی، دەبینی لە شوێنێکی جیای**
**دەبینی ئێستا ئیتر تۆ لە ناو ئەو گلێنانەدای**
**کە تەمەنێ تاراوگە بوون و، تۆش پەنات بۆ دەبردن**
**کە تەمەنێ نەیاندەهێشت سنووری ئەو کیشوەرە سەیرە ببڕی.**

**ئێستا لەوێی. ئێستا هەر پەناهەندە نیت**
**ئێستا خانەخوێی هەمیشەی ئەو کیشوەرەی**
**ئێستا تاقە دانیشتووی ئەو دەڤەر و دەوروبەرەی،**
**دڵنیاتر لە دڵنیایی تیا نووستووی.**
**ئێستا پاشای میهرەبانی ئەو گەردوونەی.**

**یارە، تۆ تەماشای ئەو کۆرپە جوانە کە**
**لە پاڵ ئێمەوە کوژراوە و،**
**لەم دۆڵی ڕەشی لمەدا توورِ دراوە.**
**دەبێ دایکی ئەم کۆرپەیە لە کوێ بەدوایدا بگەڕێ؟**
**دەبێ باوکی ئەم کۆرپەیە لێرە بێ یان لە چیا؟**
**ئەی دەبێ ئێستا کام چیا بە پێوە مابێ و**
**کام شاخ بە لادا کەوتبێ؟!**
**دەبێ ئێستا پێشمەرگەیەک مابێ لەناو ئەو ئەشکەوتانەدا**
**پلانێ بۆ پەلامار و، بۆسەیەک بۆ دوژمن دانێ؟**

**لەو ساتانەدا کە هاتن،**
**کە شار و دێ وەکو ناولە پی سواڵکەر بەتاڵ کران.**
**لەو کاتانەی کە بە قژ بەرەو ئیڤای خۆڵەمێشی پەلکێش دەکرام.**
**لەو چرکەساتەدا بیرم لە خۆم و قەڵەم و تۆ و تفەنگ و،**
**دیرۆک و کارەسات و شۆڕش و**
**هەموو دیاردە نادیارەکانی دی دەکردەوە.**
**دەمبینی تۆ و پۆلەمەلێکی تینوو**

**لە فڕین تێر نەدەبوون و لەو ئاسمانەدا مانەوە و،**
**مانتان گرتبوو لە زەمین.**
**ڕۆژگارتان بە هەڵفڕین و، شەوگارتان بە نیشتنەوە**
**لە ئەشکەوتەکانی سەر هەور بەسەر دەبرد.**
**دوا یادگاری من لە لای تۆ ئەو تۆپەڵە قژە قاوەییە بوو**
**کە لە تویێ پەنجە زبرەکانی ئەوان بەربووەوە.**
**تۆ هەڵتگرت و، تا ئێستاش تاڵێکی لە گیرفانی چەپتدایە.**
**لە نامەیەکدا بۆت نووسیم:**
**ئەم تاڵەقژانە سیحرن**
**هەرکە حەزرەتی عیزرائیل پێدەزانێ لە کوێم و شاڵاو دەهێنێ**
**تاڵێ لەم قژە دەسوتێنم ،**
**هەرچی دار و بەردی ئەم گەرمیانە هەیە دەبێتە ئاگر و**
**عیزرائیل دوور دەخاتەوە.**
**یارە ئەی بۆ ئەو تاڵەقژەت هێشتەوە کە ئێستاکە لە گیرفانی**
**چەپتدایە و دراوسێی دڵتە!**
**بۆ ئەو تاڵەشت نەسووتاند تا عیزرائیلەکانیی ئەنفال دووربِبنەوە و**
**شاڵاو نەبەن؟! بۆ نەتسووتاند؟**
**بۆ دڵت نەهات دواتاڵی یادگاریمان گڕ تێبەردەی.**
**خۆ تۆ منداڵی خاک بوویت و، لە ناو شەڕدا زمانت پژا و،**
**لە سەر شەقامی شۆڕشدا پێت گرت**
**تۆ چوار دەورت گڕ و مەرگ و نائومێدی و ماندووبوون بوو**
**چۆن دەتتوانی هێند هێمن و ناسک و ڕۆمانسی بیت؟**

**یارە، ئەو دەم تەنها ئاسمان مابوو ،**
**ئیدی زەوی دادی تۆی نەدەدا**
**باڵت کردە زمان،**
**بە فڕین حەسرەتەکانی منت دەنووسییەوە**
**ئیدی من چۆن بمتوانیبا کەمترم خۆش ویستبای.**
**تۆ لە هەڵفڕین تێر نابیت و،**
**منیش شەیدای باڵندەم لە وەرزی فڕین**
**تۆ تەنها بۆ بیرکردنەوە لە فڕینێکی بەرزتر دەنیشیەوە**
**منیش ئاوەزم پڕیەتی لە سروود بۆ بەرزەفڕیین**
**تۆ هەمیشە ڕێبواریت و،**
**منیش لەوەتی هەم ڕێگا چێ دەکەم، بۆ ڕێبوارەکانی سەرزەمین.**
**تۆ لەوەتی لەدایک بووی وەکو ئەم کۆرپە کوژراوە**
**کە هاوچاڵی قەدەرمانە**
**بەرائەت لەسەرچاوەی چاوەکانتەوە هەڵدەقوڵێ.**
**منیش بینی پێوە دەنێم،**
**منیش تامەزرۆی ئاوی سازگاری سەرچاوەم.**

**یارە، بشێ ئەم کۆرپەیە بەرهەمی ئەڤینمان نەبێت؟!**
**با قەت جەستەت بەر جەستەشم نەکەوتبێ،**
**بشێ نووری ئەو دیدارە ساکارانەی کە هەر لە دووری دوورەوە**
**ڕۆحیان ڕووناک دەکردمەوە**
**نەبوویێتە تۆوی ئەم کۆرپە نازدارەی لە پاڵمانەوە**
**لە ناو هەلۆرکەی چاڵدا وا شیرین شیرین و**

**بۆ هەمیشە دوایین خەوی لێ کەوتووە؟**
**بۆچی ناشێ؟**
**ئەی بۆ شیا عیسا لە نوور دروست ببێ ،**
**بێ ئەوەی مەریەم و خودا جەستەیان بەر یەک کەوتبێ**
**بێ ئەوەی لە ژووانێکدا**
**یەکتریان لە بەرگ و دەمامک و جل داماڵیبێ.**
**تەنها بە نوور، نووری ڕووت و قووت، نووری نیگا.**
**نووری سپی، کۆرپەیەکی گەردوونییان چێ کردبێت.**
**ئەی بۆ هەزارونۆسەد و هەشتاوهەشت ساڵ**
**پێش لەدایکبوونی ئەم کۆرپەیە شیا و، ئێستا ناشێ؟!**
**یارە، هەست دەکەم من دایکی ئەم ساوایەم**
**هەست دەکەم لە منداڵدانی گەرم و گوڕی مندا ڕۆژێ**
**نوتفە بووبێ**
**هەست دەکەم لەو ژووانەدا دروست بوو بێ**
**کە بێ پەروا چاوەڕێی بووین و هەر نەهات**
**هەست دەکەم تۆ باوکی ئەوی و ئەو کۆرپەی من،**
**بەڵام لەبەر بەرزەفڕین و کۆچەرییت**
**ڕێنەکەوتووە بیبینیت**
**نا هەست ناکەم،**
**بیرم دێ کە ڕۆژێ هەر لە وەرزێکی وا**
**وەرزی هەڵوەرین و بارێزە و تەمتومان**
**وەرزێ کە تەرزەی حەسرەت وەک بەرد دەباری**
**شاخ دەتگووت فیلە ،**

هەور دەتگووت تەیرەکانی ئەبابیلە
وەرزێ کە تۆ لەسەر پشتی ئەسپەشێی ئاگرینەوە غارت دەدا
من خەڵتانی گەرمەژانی منداڵبوون بووم
کەس نەیدەزانی ئەم ژانە بۆ وا سەختە
کەس نەیدەزانی دوو گیانم
کەس ، هیچ کەسێ ، جگە لە خۆم
کەس پێی وانەبوو مریەم بم، بە بێ سکپڕبوون و هەژان
ژان بمگرێ و، بە بێ سەرپەرشت و مامان، پێغەمبەرێکی وام ببێ.
من دایکیم و،ئەم پێغەمبەرە کوژراوەش کچی منە
تۆ باوکی ئەوی یارەکەم،
بە نووری دیداری پیرۆزت دروست بوو.
ئەو کاتانەی تۆ بە ئاسمانی گەرمەسێردا هەڵدەفڕیت
من هەموو چاوەکانی ڕۆحم تێ دەبڕیت.

سەرسام مەبە ئازیزەکەم، کاتی سەرسامیمان نییە
دەترسم هێندە کات لەم دواسەعاتانە نەمابێت
بۆ تەواوکردنی داستانی ئەم عەشقەی
کە مەشقێکمان لەسەر نەکرد.
دەترسم پێش تەواوبوونی دوا ئایەتی " سوورەی ئەڤین"،
لە ژێر لمدا حەشار بدرێین، ئاوا ببین.
بمبوورە درەنگ هاتمە گۆ،
درەنگە بۆ دانپێدانان و درکاندن و چرپەچرپ
درەنگە بۆ سەماکردن لەسەر شانۆی ئەم شینەدا

**درەنگە بۆ دەستپێکردن**
**درەنگە بۆ هەموو شتێ، جگە لە چاوەڕێ کردن**
**لە وێستگەی ئەم گیاندانەدا.**
**درەنگە بۆ هەموو شتێ، بێجگە لە زەنگی مردن.**

**تۆ تەماشا، تەماشا قەدەر چەند سەیرە!**
**چەند ملیۆن جار خەونم بەوەوە دەبینی**
**ڕۆژێ سەر بنێم بە سنگتا و گوێ لە ترپەی دڵت بگرم**
**چەند هیوادرابووم ئەو جارەش لەناو نەرمە چنوورێکدا ڕاکشابین.**
**سپێدەیە بێت خۆر بە ناز چاو لە جەستەمان دابگرێ.**
**لە گوڵجارێ بین بەرامەی گوڵەمێخەک دەماخمان پڕ کات لە ئاوەز.**
**شنەبایەکی نەرم ختوکەمان بدا.**
**ئاونگی سەر پەڕەی گوڵەباخ جار جارێ بپرژێتە سەر ڕوومەتمان.**
**ئەو ئاونگانەی سەر گۆنای یەکتر بمژین،**
**بە دەم مژینی شەونم و،**
**بە دەم چرپەچرپی شەماڵی هەستی ئێمەوە،**
**تابلۆیەک بۆ سروشت چێ بێ.**
**تابلۆیەک کەرەستەکەی تەنها ماچ و ئاوێزان و**
**جوانی و هەست بێ.**
**بە پەڕەمووچی ڕەنگینی پەلکەزێڕینەی ئومێد ڕەنگکرابێ.**
**کەچی یارە،**
**تۆ تەماشا، ئەو هیوایە چۆن چۆنی کفنی لمینی ئەنفالی پۆشیوە**
**سەرم ناوەتە سەر سنگت، بەڵام دڵت بزێو نییە وەکو جاران،**

**سست و سستر دەبێتەوە ترپە ترپی.**

**نەرمە چنووری چی یارە؟!**

**لەناو چاڵی قەدەردابن و، خەڵتانی هەنیسک و مەرگین**

**گوڵەمێخەکی چی یارە؟!**

**بۆنی هەڵکڕوزانی هەناسەی سووتاوی ئەو کوڕ و کچانەی هاوچەرخ و**

**هاوچاڵمان دەماخی پڕ کردووین لە ژان.**

**شنەبای چی؟ تۆفانە، سوورەتی تۆفان**

**وا خەزان و لمبارانی ئەم سەحرایە کوێرمان دەکات**

**ئاونگی چی؟**

**فیچقەی نەزیف لە جێژامی گوللەباران**

**وەکو ئاوهەڵدێر دەپژێ.**

**تابلۆیەکی زۆر سامناکترە لەو کابووسەی**

**جارێ دیم و نەمدی**

**دڵم نەهات باوەڕ بکەم، کە دێتە دی.**

**دڵم نەهات بۆت بگێڕمەوە فەسڵە دزێوەکانی ئەو ناخەونە.**

**لەو کابووسەدا یارە،**

**یوسفم دی، ئەو یووسفەی دەیانگووت جوانترین پیاوە.**

**زیندانییەکی تەنیا بوو،**

**لەناو چاڵێ، بیرێکی قووڵ، ڕێک وەک ئەم چاڵی قەدەرە.**

**چاوم هەڵدەگلۆفی تا بزانم ئەوە یوسفە یاخود تۆ**

**من خەزاڵم یان زوڵەیخا، کامیانم من، کامیانی تۆ**

**دەنگێ دەیگووت یوسف لاسە،**

**دەنگێ دەیگووت لاس یووسفە**

**یەکێ دەیگووت خەزاڵ و زوڵە یخا یەکن،**
**یەکێ دەیگووت زوڵە یخا خەزاڵە ، یارە**
**زوڵە یخایەکی بێ یووسف و بێ لاس بووم**
**یوسفێکی بێ خەزاڵ و زوڵە یخا بووی**
**چەند جوان بووی تۆ !**
**کە لە ناو چاڵەکەتەوە پێڵووت هەڵدەبڕی و، لە منت دەڕوانی**
**دەمگووت ئەی هاوار چاوی خوا بۆچی ئەوەندە سیحراوی و**
**ئەوەندە پڕە لە ئەڤین!**
**دەنگی دەدایەوە دەنگت کە هاوارت لێ دەکرم ، ئای زوڵە یخا**
**چ فریادێکی ڕۆحتەزێن بوو فریادت**
**چۆن دەمتوانی فریای فریادت بکەوم؟**
**دەنگدانەوەی زەنگی دەنگت لە خوڕەی گەلییەک دەچوو،**
**لەسەر سەری ئاراراتەوە زۆر بە تەوژم دابکات،**
**لە لووتی لووتکەی جودییەوە بپژێ و بڕژێ**
**بپژێ و بڕژێ**
**حەزم دەکرد لەو ساتەدا ببمە ئاوسترین هەور و،**
**بە خوڕترین باران داکەم**
**خەریک بوو لە تاو زەنگی دەنگی تۆ**
**سێڵاوێ لە ئەشکی عەشقم دروست ببێ**
**حەزم دەکرد لەناو ئەو بیرە قووڵەوە دەرت بکەم**
**لەباوەشت بگرم و بە پێی پەتی و بە کراسێکی دڕاوی کوردییەوە بەناو**
**ئەو سێڵاوی قوڕاوەدا ڕاکەم.**
**حەزم دەکرد لە فەلسەفیترین پەڕەی پەرتووکەکەم**

**کەشتییەکی کاغەزینت بۆ چێ بکەم.**
**کەشتییەک لە سەر ئارارات لەنگەر بگرێ و**
**لووتکەی "جودی" یا "ئاگری" بکاتە مینایەکی چاوەڕوانی**
**لەو کەشتیەدا داتبنێم. بتکەم بە نووح!**

**نووحی ڕۆحم، عەزیزەکەم**
**لەم کەشتییەدا دانیشە و سەر دەرمەکە ئەم لافاوە بێ ئامانە**
**ئەم تۆفانە لەوەناچێ مێرووولەیەک دەرباز بکات**
**باڵندەیەک بە ئاسمانەوە نەماوە، ئیتر فڕین مانا نادا**
**ئەم تۆفانە کۆتایی زەمەنە نووحە بێکەسەکەم**
**لێرە دانیشە تا بچم لە نێرومێی هەر گیانداری**
**گەردیلەیەک بدۆزمەوە و،**
**لەناو باخچەی ئەم کەشتییە کاغەزینەدا بینێژم**
**بۆ ئەوەی عەشق نەفەوتێ**
**نووحی ڕۆحم،**
**لەم کەشتییەدا دانیشە هاکا تۆفان کۆتایی دێ.**
**هاکا ئارارات دەبێتە گەردوونێ نوێ.**

**ئاگری داخ،**
**لەو کەشتییە کاغەزینە پەیامێکی لە ئاگر چێ کرد بۆ چیا.**
**لەو دەڤەرە شاخاوییە قەومێکی قەرەباڵغ لە دوورەوە هاتن.**
**نەریتی تایبەتی بۆ ئەو دەڤەرە هێنا.**
**دڵی شاخیان داخ دەکرد و، ڕەش دادەگەڕا دڵی کێو،**

**ڕەشپەرستی بوو فەلسەفەی ژینیان**
**ڕەشیان ناو لێ نابوو " قەرە"**
**بە چیاشیان دەگووت "داغ"**
**ئەوان "داغ" یان دەسووتاند تا"قەرە" ببێ**
**"قەرە"یان دەپەرست ئەوان**
**ڕۆژێ لەم دەڤەرە جوانەی ئێمە**
**ڕیزە چیایەکیان سووتان، ڕەش داگەڕا ڕیزە چیا**
**لەو ڕۆژەوە ئەو کێوانەی ئەو بەرەوە خەڵوزئاسان**
**ناخیان کووانووی مێژووە**
**قەرەداغ، بەڵێ قەرەداغ**
**پێش ئەوەی بڵێسەی ئەنفال بیسووتێنێ**
**خۆی سووتابوو، ڕەش داگەڕابوو قەرەداغ**
**"قەرە" کرابوون "داغ"ەکان**

**بیرتە یارە،**
**سەردەمێ لەوێ تۆ هەڵۆ و من تەوار بووم؟**
**هێلانەکەت لە سەر دارگوێزێکی کەڵەگەت و شەکەت،**
**بەرامبەر هێلانەکەی من چێ کردبوو**
**تەق تەق هەموو سپێدەیەک بە دەنووک**
**لە لقی ئەستووری ژێر هێلانەکەی منت دەدا.**
**دەهاتم و، پێکەوە بە چاوی تیژمان لە قەرەداغمان دەڕوانی.**
**دەتگووت تەوار با بەرەو قۆپی هەڵفڕین، بەرەو کوێستان.**
**دەمگوت هەڵۆ با بەرەو کەرکووک هەڵفڕین، بەرەو گەرمیان.**

**ئای چەند گەشتی گەشاوەمان دەکرد، بەرە و**
**قەرەداخ و دەشتی هەولێر،**
**شارەزوور و شاربـاژێر و**
**بەرەو هەورامان و بـادینـان و گەرمیان.**

**ئەی بیرت دێ کە بەرگی شێخێکی زۆڵ و شەیتانت دەپۆشی و،**
**سلێمانیت بیر دەهێنامەوە، و دەتگووت:**

**" لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو**
**نە مەحکومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**
**لەبەرقاپی سەرا سەفیان ئەبەست شێخ و مەلا و زاهید"[3]**

**یارە دەبی بە کێ ببە، شێخ، پییر، مورید، زاهید**
**دەبی بە کێ ببە ، بەڵام پێش من نەڕۆی.**
**یارە لەناو ئەم گڕڕەی لمەدا با تەنها بیر**
**لە سلێمانی و لە بەفر بکەینەوە.**
**با وای دانێین بەیانییەکی خامۆشە و**
**تۆش پیرەمێردێکی ماندوو.. پیرێکی ژیر،**
**لە خەو هەڵدەستی و دەڕووانی شار**
**بۆ تەلیسمی تەماشا چێ کراوە ئەوەند شەنگە،**
**دەڕووانی بەفرەبـاریووە**

---

[3] دێڕە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە.

**"سلێمانی دەڵێی بەڵقیسە تارای زیووی پۆشیوە."[4]**

**یارە، نەکەی چرکەیەک لە پێش من بمری، بەرگە ناگرم**
**چرکەکانی ئەم سەعاتی کۆتاییە بە یەکەوە بەسەر دەبەین.**
**لەناو ئەم هەموو مەرگەدا، تەنها ئەم چرکانە ماون.**
**نزیکەی شەست خولەکی دی**
**وا گوێم لێیە دەڵێن دوای چاڵەکانی دراوسێ**
**نۆرەی ئەم ژووانگەیە دێ، دابپۆشرێ**
**داماندەپۆشن و، ئیدی خوا ئەم سەیرانە نابینێ**
**داماندەپۆشن و ئیدی مێژوویش ئێمە لە بیر دەکا**
**تەنها خۆمان دەزانین کە نەمردووین و**
**تەنها خۆمان دەزانین**
**هێشتا گیانمان نەداوە و قەتیش نایدەین.**

**یارە، ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژانی هەزارەیەکی تر**
**ڕۆژێکی پاش هەزاران ساڵی دوای ئەم سەعاتانە**
**بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری کلتووری**
**بێن و ئەم ناوە هەڵکۆڵن**
**ئێسکەکانمان بدۆزنەوە و، پێیان سەیر بێت**
**کە ئێمە هێندە تێکەڵین**

---

[4] ئاماژەیە بە دێڕە شیعرێکی پیرەمێردی نەمر کە دەڵێ:
بەیانی بوو لە خەو هەستام کە ڕووانیم بەفرە باریووە
سلێمانی دەڵێی بەڵقیسە تارای زیووی پۆشیووە.

که ئێسکه‌کانمان ئه‌وه‌نده چڕ به یه‌که‌وه نووساون
که ئێسکی پیاو له هی ژن جیا ناکرێته‌وه
که هی ساوا له هی دایک، که هی پیره‌مێرد له لاوان جیا نابنه‌وه.
ئاخۆ ئه‌وان چی بنووسن، ئاخۆ پێیان وابێ ئێمه چۆن مردبین؟

یاره زۆر پێکه‌نینم دێ،
ڕه‌نگه بنووسن هه‌زاره‌یه‌ک پێش ئێستا سه‌حرایه‌ک هه‌بووه.
ناوی عه‌ده‌م یان عار، عار، یان عه‌رعه‌ر بووه
کلتوورێک هه‌بووه ته‌بایی
په‌ڕ و باڵی نه‌رم و شلی به‌سه‌ر خه‌ڵکه‌هێژاکه‌یدا په‌خش بووه
له‌م کلتووره‌دا گه‌لێ هه‌بووه، گه‌لێکی ژیاندۆست
هێنده ژیاندۆست بوون دڵیان نه‌هاتبوو به مردووی بمرن،
هه‌موو به زیندوویی مردن.
له‌م کلتووره عه‌شقدۆسته‌دا ژن و پیاو دڵیان نه‌هاتووه دوور بن له یه‌ک،
له ئامێزی یه‌کدیدا تا مردن ژیاون
ته‌نانه‌ت له ساتی باوه‌ش و ئاوێزاندا به زیندوویی مردوون.
له‌م کلتووره ئایدیاله‌دا
یه‌کسانی له ناو بورجی سه‌رلووتکه‌دا بووه.
نێر و مێ هه‌مان مافیان هه‌بووه له ژیان و
هه‌مان مافیان هه‌بوو له مه‌رگ و له نه‌مان.
له ئاکامدا ده‌گه‌نه‌ئه‌و سه‌ره‌نجامه‌ی که
له‌م کلتووره‌دا ته‌بایی سه‌روه‌ر بووه.
کلتوورێکی بێ قابیل و کلتوورێکی بێ هابیل

**هەرگیز برا برایەکی نەکوشتووە.**

**یارە،**
**ئەوان بەو کەللەسەرو ئێسکە تێکەڵاوانەی ئێمەدا**
**کە ئاوێتەی یەکن و، یەکیان لە باوەش گرتووە**
**بەم جلوبەرگە ڕەنگینەی بەرمانەوە**
**وا دەزانن لە زەماوەندێکی شەنگی ئازادیدا کۆوەبووین و،**
**لە کۆڕی سەمایەکی گەرم**
**یەکتریمان بە خۆمانەوە گوشیووە و،**
**لەو ساتەشدا**
**کارەساتی بوومەلەرزە یان بورکانێ، یان لافاوێ،**
**هەمووماني ڕاماڵیوە.**
**بە زەڕەبین لە ئێسکی ئەم کۆڕپەڵەیە ڕادەمێنن**
**کە ئەوسا ئیدی مشتێ خۆڵی سپییە**
**دەڵێن، ئەم پۆدرە بۆن خۆشە لەو کلتوورە دەگمەنەدا**
**بۆ بۆنخۆشکردنی نۆبووک و کۆڕپەڵە بەکاربراوە.**

**یارە،**
**ئەوان بە مەعریفەی سەیر و سەمەرەی هەزارەی داهاتوو.**
**چۆن لە بێ مەعریفەیی ئەم چەرخە هاوچەرخەی ئێمە دەگەن**
**بە فەلسەفەی چاخێکی نوێ، چۆن دەتوانن**
**لە فەلسەفەی چاڵ تێبگەن.**
**ئەوان بە چاویلکەی سپی، بە پێوەری تیشکی لیزەر**

**چەند مەزن و چەند دەگمەنیش بێت ئەو پێوەرە**
**ناتوانن لە قوولایی و لە نوتەکی ئەم چاڵی قەدەرە بگەن.**
**ئەوان شتێ دەنووسن و،**
**ئێمە تەواو پێچەوانەی ئەوانە بووین.**
**مەحاڵە ئاوەز و زانست و لۆژیک**
**لەم بێئاوەزییە ،**
**لەم دیاردەیەی کە لەهیچێ کەسێ دیار نییە**
**بە ئەنجامێکی باوەڕپێکراو بگەن.**
**یارە پێکەنینم دێ،**
**گەر هێندە نەزان بن مرۆڤی داهاتوو وایان زانیبێ**
**ئێمە سەر بە کلتووری سەحراین**
**بشێ لە خشتی تەوێڵمان نەنووسرابێ ئەمانە خەڵکی چیابوون؟**
**یان وا بزانن لەناو ئەم گەلە باوەشبەیەککردووەدا**
**هەرگیز قابیل و هابیلێک نەژیابێ.**
**قەت برایەک برایەکی نەکوشتبێ،**
**تۆ بڵێی ئەو هەموو هەڵە و پەلانەی ناوچەوان سڕابێتنەوە و**
**هیچ هێمایەک لەو نەفرەتانە بە ئێمەوە نەمابێ.**

**یارە ،**
**دەزانی لە هەموو ژیانمدا جارێ لە تۆ دڵگیر بووم و،**
**ئەو جارەشیان ئەو دەمەبوو**
**کە پێم گوتی، لاسە مەڕۆ بۆ ئەم شەڕە**
**یارە ئەم شەڕە جیاوازە، نەکەی بڕۆی**

**من ئەو ڕۆژە، ازانم بۆ سیمای تۆم دەدی دەگۆڕا**

**دەمێ دەبووی بە قابیل و**

**دەمێ دەبووی بە هابیل و**

**ڕانکوچۆخەکەت پڕ پڕ بوون لە پەڵەی بۆر**

**منیش جلێکی دڕاوی سەرتاپا قەترانیم پۆشی**

**یەکەم جار بوو خواحافیزیت لێ نەکەم و**

**یەکەم جار بوو بەرەو مەیدان بڕۆی ،ماچێکت نەکەم و،**

**ئەو جارەیان، نە تۆ ئاوڕی ئەڤینت دەدایەوە و**

**نە من جامێ ئاوم بەدواتدا ڕژاند**

**نە تۆ چاوت هەڵدەهێنا تەماشام کەی ،**

**نە من ئارەزووی تەماشا و، مەیلی چاوبڕینە نیگاکانتم مابوو**

**دەمزانی یەکێکیان دەبی،**

**هەر کامیان بیت بۆ من دەبێتە کارەسات**

**هەر کامیان بیت بۆ من یەکە**

**نزام دەکرد،**

**خودایە ئەم خۆشەویستەم بە دەستی عەزیزێکمەوە نەکوژرێ**

**خودایە دەستی بە خوێنی برایەکی من یاخود خۆی**

**ڕەنگی سووری نەفرەت نەگرێ**

**یارە، دانی پێدا دەنیم**

**هەر ئەو جارە، بە تەنیا ئەو تاقە جارە لێت دڵگیر بووم.**

**زۆر پێکەنینم بەوەش دێ**

**ئەگەر لە خوێندنەوەی ئیسک و پروسکماندا بۆ شوێنەوارناسێکی گێل و**
**بەستەزمان ئەوە دەربکەوێ**
**کە لە ناو ئێمەدا عەشق ئاوێنەیە بۆ خۆبینین**
**وێنەیەکە بۆ خۆناسین**
**ئاوێزان و ماچ ئامرازن بۆ داهێنانی بەهەشتێ لەسەر زەمین**
**یارە، ئەوان درۆ دەکەن**
**ئێمە گەلێ بووین لە عەشق زۆر دەترساین**
**نەک چاویلکە، چاومان نەبوو بۆ ڕووانین**
**ئاوێنەی چیی؟ کانییەکی ڕوونمان نەبوو بۆ خۆبینین**
**تەتەرێکمان نەبوو، چاوی لە ئێمە ساختر بێ**
**بۆ دۆزینەوەی ڕێ**
**تا بەرەوە ناخەوەی خۆمان پێشمان کەوێ**
**تا بۆ دۆزینەوەی خۆمان هاوکارمان بێ.**
**ئێمە لە عەشق تۆقێنراین**
**دەروونمان تژی کرابوو لە داستانی سزادان و ئەشکەنجە**
**لە پای مەشقی عەشق**
**هیچ گوناهێ هێندەی ئەڤین مەزن نەبوو**
**هیچ سزایەک هێندەی سزای ئەو گوناهە سەخت نەبوو.**

**یارە، لە کتێبێکی کۆن کۆندا**
**کە لە حەوتەمین چینی کتێبخانەیەکی ڕەنگئاسمانی**
**خواستبووم و دەمخوێندەوە.**
**هەموو دەستەخوشکەکانی خۆم دەبینی چۆن لەناو گڕی دۆزەخدا**

به‌ بێكه‌سی هه‌ڵده‌قرچێن.
مه‌مكی ژنێكم به‌ قولابی ئه‌فسانه‌ی زیناوه‌ دی، هه‌ڵواسرابوو.
لێوی كچێكم دی له‌ سزای ماچێك به‌ ڕم و تیغ داپاچرابوو
دایكێكم دی سزایه‌كی سه‌یر درابوو.
ئه‌و له‌ كاتی شیرپێداندا پیاوێكی نامه‌حره‌م له‌ ناو ده‌می ساوه‌كه‌وه‌،
سه‌رنجی له‌ گۆی مژراوی مه‌مكی دابوو،
ئه‌و دایكه‌ به‌ گۆی مه‌مك هه‌ڵواسرابوو، به‌ گۆی مه‌مك!
له‌و كتێبه‌دا كه‌ له‌سه‌ر ڕه‌فه‌ی دێرینترین په‌رتووكخانه‌ خواستبووم و
ده‌مخوێنده‌وه‌ دۆزه‌خێكی پان و به‌رینم ده‌بینی
هه‌ر بۆ عه‌شق چێ كرابوو، ته‌نها بۆ عه‌شق!

ناهه‌قمان نه‌بوو لاسه‌ گیان ئه‌وه‌نده‌ له‌ عه‌شق بترسین
ناهه‌قمان نه‌بوو ته‌مه‌نێ یه‌كتریمان خۆش بوێت و نه‌یدركێنین
ناهه‌قمان نه‌بوو ئه‌وه‌نده‌ پڕ بین له‌ شێرپه‌نجه‌ و گرێ.
كێ به‌رگه‌ی ئه‌م ئازاره‌ سه‌ختانه‌ ده‌گرێ.
یاره‌، كه‌ چاویلكه‌كه‌ی خۆم داده‌كه‌ند و،
كتێبه‌كه‌م ده‌خسته‌وه‌ سه‌ر ره‌فه‌ی ئاسمان.
بۆ پیاسه‌یه‌ك ده‌هاتمه‌وه‌ سه‌ر زه‌وی
ده‌مبینی له‌م ڕێ، له‌و كۆڵان.
هه‌ر لاشه‌ی ژنه‌ و له‌سه‌ر عه‌شق دۆزه‌خی بۆ داخراوه‌
هه‌ر لووته‌ و، گوێیه‌ و مه‌مكه‌
له‌سه‌رانگوێلكی قه‌راخی شاره‌كان فڕێ دراوه‌.
گوێم لێ بوو له‌و دیووی دیواره‌كانه‌وه‌

**خوشکەکانم فریادیان دنیا کاس دەکات**
**دایکم دەگری**
**نەنکم چەقۆ بۆ کوڕەکەی تیژ دەکات و،**
**پوورم بۆ سەربڕین لەسەر جاجمێکدا یخ دراوە.**
**نەمدەزانی چی بکەم یارە،**
**لە ئاسماندا هەر دوکەڵ و دۆزەخ پەنایان دەدام و**
**لە زەمیندا هەر دۆزەخ و دوکەڵ.**
**چیم کردبا؟**
**چۆن بمبوێرابا عەشقی خۆم،**
**عەشقێکی ئەوەندە مەزنم درکاندبا.**
**چۆن بتتوانیبا گوێ بگری لە داستانی تاوانی وا.**

**یارە بیرتە، پێم دەگووتی**
**تۆزێ باسی منداڵیی خۆتم بۆ بکە؟**
**هەموو کاتێ کە تۆ دەتویست دەست پێ بکەی**
**بروسکەیەک دەهات و بانگ دەکرای بۆ شەڕگە**
**شۆڕش قەت نەیهێشت بتناسم**
**لەبەر شۆڕش کاتمان نەبوو بۆ گوێگرتن لە یەکتری**
**لەبەر شۆڕش هیچ شتێکم لێ نەبیستی**
**چ کارەساتێکە مرۆڤ،**
**بە سۆنگەی شەڕ کاتی نەبێت بۆ خولەکێ خۆشەویستی**
**چ مەرگەساتێکە شۆڕش**
**قەدەغەی کات هەست و نەستی خۆشەویستی**

چ کارەساتێکە یارە تەمەنێک خۆشت دەویستم و نەتناسیم
هەموو ژیان خۆشم ویستی و هەتا ئەم ساتەش ناتناسم.
کوا گرمەی هەوری شۆڕش و، گڕی بروسکە دەیانهێشت
تۆ بمناسی و من بتناسم.
هەر جارەی بە هێمایەک بانگت دەکردم
زمانی چاو نەبووایە هەرگیز نەمدەزانی هێندە خۆشت دەوێم
زمانی جەستە نەبووایە
چۆنم توانیبا تامەزرۆیی و ئەڤینی تۆ بپێوم.
هەر جارەی ناوێکت دەنام،
دەمێ پێت دەگوتم شیرین، دەمێ دەتگوت هۆ زوڵە یخا
جار نا خاتووزین بووم لە لات، زۆر جاران دەبووم بە خەزاڵ.
ناهەقت نەبوو نەمناسی، کوا دەیانهێشت تۆ بزانی
من ئەوان نیم،
من کەنیشکێکی گەرمیانیم.
لە پێدەشتی ئەندێشەوە وەکو گڕڕە هەڵدەکەم و،
دۆزەخێ لە ناخم دەزێ
چۆن بتزانیبا دوێتێکی چاوکەژاڵی ئەڵوەنێکی مەنگ و یاخیم
چۆن بتزانیبا ئەوان نیم،
شارەزووریم، شاربازێریم، قەرەداخیم.

تۆ تەماشا، منیش شێتم،
خولەکەکان وەک شاسواری بروسکە ئاوزەنگی مەرگیان لە دەستدایە و،
وەکو ڕەشەبا غار دەدەن

**منیش لەم دوا خولەکانە قەتماغەی قوڵترین زامی مێژووی جەستەم**
**هەڵداوەتەوە و،**
**سەرنجی چ ئەلبوومێکی ترسناک دەدەم**
**ئەلبوومی بەرەی جەنگێکی ئێجگار دێرین و بەردەوام.**
**جەنگێ کە ئێمە هەمیشە قوربانی بووین، ئاکام.**

**لاسە بمبوورە، دەزانم ، لە زمانی چاوت دەگەم**
**ئەم سەرنجەت دەناسمەوە**
**دەزانم حەز دەکەی باسی کام لاپەڕەی ژیان بکەم.**
**دەزانم دەتەوێ کام لاپەڕەی خەیاڵ هەڵدەمەوە.**
**ئەو ڕووپەڕەی کە ڕۆژێکیان پێکەوە دەمانخوێندەوە و**
**لە نێوانیاندا پەڕێکی گوڵەباخمان بۆ نیشانە و بۆ یادگاری دانا**
**پەڕی گوڵەباخی وشکبووی نێوان کتێبێکی کۆن بوو،**
**فەلسەفەی بوون و نەبوونی فێر دەکردم.**

**بوون و نەبوون،**
**قووڵتر لە بیرەکەی یووسف بیرم لە بوون دەکردەوە**
**ئێمە لە کوێی ئەم بوونەداین؟**
**ئایا دەشێ بوونێ هەبێ نادیار بێ،**
**بۆ لە هیچ کوێوە دیار نەبووین؟**
**ئێمە با بووین،**
**هەبووین بەڵام بە بێ ڕەنگی، با هەیە و نادیاریشە .**
**ئێمە هەین و عەشقیش هەیە**

**با دیاریش نەبین، وەکو با بوونمان هەیە ئێمە و عەشق.**
**بەڵی هەبووین، فەرهادەکەم**
**هەبووین، بە دەم سووتانەوە سروودی بوونمان دەچڕی**
**بەڵام هەمیشە گومانێ لە ناخەوە**
**گومانێکی زۆر بەتەوژمتر لە یەقین**
**دەروونمانی هەڵدەکۆڵی.**
**بیرتە، یارە منداڵی سەرەتایی بووین**
**کە بۆ سروودی بەیانی ڕیزمان دەبەست**
**چەند بڵند بە بێ بڵندگۆ ئەم گومانەمان دەچڕیی؟**

**"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان**
**نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان**
**کەس نەڵێ کورد، مردووە، کورد زیندووە**
**زیندووە قەت نانەوێ، ئاڵەکەمان"** [5]

**یارە ئێمە گومانمان کردبووە سروود بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی**
**یەقینی بوون و مانەوە و زیندوێتی.**
**ئێمە هەین و ئێمە هەبووین**
**ئێمە ئێستاش وەکو هەموو کاتێ زیندووین.**
**لەناو چاڵی مەرگ و گۆڕی بەکۆمەڵیشدا هەر زیندووین.**
**گەواهیش بۆ ئەم سروودە ئێمەین، یارە ، کە بێژنگین و نەمردووین.**

---

[5] بەیتێکی سروودی نەتەوەیی کوردە، شیعری "دڵدار"ی شاعیرە.

**خۆشەویستی چەند لە مردن بەهێزترە!**
**عەشق قەڵغانمان نەبووایە هەرمێی دڵمان کوا دەیتوانی**
**لە لقی بڕدراوی لەشمانەوە وا سەوز بنوێنێ**
**وا وردە وردە سەوزتر و سەوزتریش دەبێتەوە**
**یارە هەست دەکەم نامرین،**
**من دڵنیام ئەڤین لە مەرگ بەهێزترە**
**چەند جوانی بەم زەردەخەنە و سەرنجەوە**
**لەم زەردەخەنە تێدەگەم**
**زەردەخەنەی بڕیارێکە کە هەمیشە تۆم پێ ناسیووە یارەکەم**
**زەردەخەنەی کۆڵنەدانە**
**لەم سەرنجانەت تێدەگەم**
**ئەم سەرنجانە بوون کە منیان ئالوودەی ئەڤینت کرد**
**داوی نەرمی ئەم سەرنجانە بوون کە هەرلە یەکەم نیگاوە**
**توووند بە تۆوە شەتەکیان دام بێ ئەوەی شەکەتم بکەن**
**ئەم سەرنجەت هەر لەو سەرنجانە دەچێ**
**کە سالانێکە تێم دەگری.**
**بەڵێنێکە کە بێ ئەوەی لێت ببیستم هەمیشە بە منت داوە.**
**پەیمانی ئەڤینە یارە،**
**پەیمان بەستن لای من و تۆ جیاواز بوو لە پەیمانی باو**
**جوودا بوو لە پەیمانی بەسەردا سەپاو**
**من نەمدەویست ئەڤینم شەکەتت بکا**
**تۆ نەتدەویست ئەڤینت شەتەکم بدا**
**نەماندەماندەویست لەناو یەکدا بتوێینەوە و ببین بە یەک**

**نەماندەویست لەژێر بنمیچێکدا پێکەوە بژین**
**هەرگیزیش نەگەین بە یەک**
**لە ژێر بنمیچی ماڵێکی ڕۆژهەلاتی یەکتری و ئەڤین بکوژین**
**نەمادەویست هێندە نزیک ببینەوە لە یەکتری**
**لە نێواندا مەودایەک نەمێنێتەوە بۆ عەشق و بۆ خۆشەویستی**
**نەماندەویست ببین بە خاوەنی یەکتر،**
**ببین بەتەوق و بە کۆت و ببین بە پاوەنی یەکتر.**
**نەماندەویست ماچ و ئاوێزان ببێتە ئەرکی سەرشان**
**بە ئامرازێ بۆ چێکردنی بێچووی مرۆڤی بەستەزمان**
**پەیمانێ بوو بۆ ڕزگارکردنی ئێرۆس**
**بۆ گەشەدان بە جیاوازی**
**بۆ ڕێگەگرتن لە هەنگاوی یەکتر بڕ،**
**بۆ هەڵزنانی هاوتەریب بەرەو لووتکەی خودی خۆمان**
**یارە،**
**دابڕانمان ئەم عەشقەی پاراست و نەیهێشت بمرێ**
**لەناو ڕۆح و لەناو دڵ و لەچاواندا پاراستبوومان بۆ ئەمرۆ**
**ئەمڕۆ کە ڕۆژی هەڵوەرین و سووتانە لەناو لمدا**
**ئەو ناهێڵێ هەڵوەرێین و بسووتێین و کۆڵبدەین و داپۆشرێین.**
**گەر ئەو نەبا ئێستا من و تۆ چۆن دەمانتوانی**
**لەناو ئەم هەموو هەڵوەرینەدا چرۆ بکەین؟!**
**لەناو ئەم هەموو سووتانەدا ئاوا ئارام ئارام بدوێین**
**گەر ئەو نەبا کەی ئەو هەموو شکۆفەی یادانە**
**مەست دەبوون بە ئاونگی ئارەزووی گەش،**

گەر وا نەبا چۆن هەردووکمان دەبووین.
ئێمە گرەومان بردەوە لە یەزدان و،
سزاکەیمان کرد بە جوانترین داهێنان.
ئەو لە سۆنگەی تامی سێوێ پێی وابوو بە دابڕان سزای داوین
ئێمە دابڕان نەبووایە ئەم ئەوینەمان دەفەوتا و
ئێستا نەماندەتوانی بەردەوامی بە ژیان بدەین.
ئەو بە دابڕان نەفرەتی لێ کردین و،
ئێمە دابڕانمان کردە سەرەتایەک بۆ ژیانی پاش تۆفان و
پاش گوللەباران و خەزان.
ئەو لە درزێکی ئاسۆوە بە تەوسەوە
تەماشای ژووانگەی خەڵتانی خوێنی ئێمە دەکا و،
ئێمەش بە شانازیەوە بەم عەشقەی خۆمان دەنازین.

یارە، دەزانم تۆ لە من شەکەتتری
لە من شەتەکدراوتر و گوللەبارانکراوتری
بەڵام بۆ نایەی پێش ئەوەی ئەم کاتە لۆچ بێ،
لوولی دەین و بیخەینە گیرفانمانەوە
پێش ئەوەی شۆقڵ ڕووی دەمی لماوی خۆی لە ئێمە کا
هەموو بوونمان بکەین بە پێ و
هەموو دنیا بکەین بە ڕێ.

یارە، تۆ وەکو هەمیشە کوڕەئازابە و
لەم عەشقە بێسنوورەی منەوە وزە وەرگرە

**هەستە تا گیانمان بڕ دەکات لە مەرگ و لەقەدەر هەڵبێین**
**دەی خێراکە، ئەم خولەکانە با نەبن بە کۆتایی**
**با سەرەتا بن سەرەتا**
**سەرەتایەک بۆ عەشقێکی تا هەتایی.**
**یارە، دەزانم لە من بریندارتری**
**لە من زیاتر بێژایانی، بەڵام هەستە، خێراکە زوو**
**با ژین بکەین بە تاقە خولیا و ئارەزوو.**

**یارە، ئۆخخەی!**
**پێم وایە هاتیەوە هۆشی خۆت**
**بە دەنگی من ژێی ڕۆحت کەوتەوە ژەنینی سەمفۆنیای ژیانەوە**
**یارە،**
**دەمزانی دەتوانم بە دەنگم زیندووت کەمەوە**
**دەمزانی ئەم یادە تاڵ و شیرینانە دەگەنە فریات و**
**ناهێڵن وا سانا ڕۆحت بەبێ من بەرەو ئاسمان بفڕێ**
**دەمزانی لەززەتی دەنگم وزە دەدا بە ئاوەزت**
**دەیبزوێنی هۆش و هەستت**

**یارە، تۆ هەمیشە دەتگوت خەزاڵ دەنگت سۆزێکی وا مەزنی تیایە،**
**دڵم پڕ دەکات لە هەژان**
**دەتگوت دەنگت پەرجوویەکە مردوویش بم ئەگەر بانگم کەی دێمەوە**
**کۆڕی ژیان و، دەست دەکەمەوە بە سەما و بە تێکۆشان.**
**هەر وەکو ئەمڕۆ لە بیرمە، ئەو جارەیان**

لە ناو چاڵی سەنگەرێکدا لە کەناری مان و نەمان ڕاکشابووی.
هەر ئەم پەرجووە فریات کەوت، پەرجووی دەنگم.
بانگم کردی، لاسە نەمری
لاس نەیشکێنی ئەو پەیمانەی پێت داوم
چرکەیەک لە پێش من نەمری
لاس خۆت بەڵێنت پێ داوم ناپاکیم لەگەڵدا ناکەی
پێش من نامری، هەرگیز نامری
پێش تۆ نامرم، تا هەتایە
ئەو پەرجووە گەورەترین گەواهی بوو
کە ئێرۆس بە مەرگ نابەزێ.
گەلێ بەهێزترە لە شاڵاوی پەلامارەکانی تاناتۆس و،
کۆڵنەدەرە وەک تێکۆشان.

دەست دەنێمە بن هەنگڵت.
لە ڕەشەبای لماوی هەناسەکانی تاناتۆس دوور دەبینەوە.
خۆم دەکەمە دارعەسایەکی چاوتیژ تر لە شاباز و لە هەڵۆ و،
خۆت بە باڵامەوە بگرە، باڵاگەردانت بم.
خەمت نەبێ، کە چەشنی شمشاڵ کونکونە
پشت و چوارپەل و گەردنم
کە لە هێڵەک کون کوون ترە
سەرتاپای جەستەی بە بزمار دابێژراوت.
کە پەڵەی خوێن چەشنی پینە
سروشتی کردۆتە دەرۆزەکەری بەر دەرگای شەوگاری قڕوقات

**کە ئەم بۆشاییانە پڕن لە سامناکی و لە نووتەکی**
**هاکا ڕووانیت وەکو جاران زیندووین و**
**زیندەخەو بەرەو هەمان ئاسمانی ئارەزوو هەڵماندەفڕێنێ**
**بەرەو هەورە کۆچەرەکان.**
**بارانێکی تیشک دەبارێت و ئەم کوونانە پڕ دەبنەوە لە ڕووناکی.**
**تەنها هەنگاوەکانی سەرەتا سەختن،**
**هەر کە ئەم چاڵە کەوتە پشتی سەرمانەوە،**
**ئیدی هەموو دنیا ڕێیە و، هەموو جوڵەیەک هەنگاوە.**
**هەر لەم قەدەری شەوە تێپەڕین، ئیدی گشت شوێنێ هەتاوە.**

**چەند بزەیەکی شیرینە لە لێوتەوە،**
**کە ڕاتهێنام بە بینینی ببمە خۆر و ،**
**هەر کە لە ڕۆژهەڵات ئاوا بووم لە ڕۆژئاوا هەڵبێمەوە.**
**بزەی پەرجووە گیانەکەم**
**موعجیزەیە بزێویمان.**
**سەهەندەیی و هەڵزنانە بەرەو لووتکەی کێوی مەحاڵ. خەندەیەکە لە منی خۆرەوە تیشکەماچ دەمژێت و،**
**دەیکاتەوە بە ئاوێنە بۆ ڕووخسارم.**
**بزەیەکە دەیناسمەوە،**
**لە پیتی سینی سەرەتا و سەرهەڵدان و سروود دەچێ.**
**بزەیەکی تایبەت بە تۆیە و**
**لە هی کەسی تر ناچێ.**

**نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ**
**نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ**

**نالی**

## وێستگەی دووەم

# کەناری دۆزەخ

خەزاڵەکەم، هەر لە یەکەم دڵۆپی ئەو بارانەوە
کە قەترە جیوەییەکانی
حەوزی هەناویان پڕ کردم لە پزیسک و،
گریان بەردایە خەڵوزدانی هەستم
هۆشم گەیشتە دۆزەخ و هەستم لای دەنگت مایەوە.

ئەم داستانە خۆی پەرجووە
کێ بیستوویەتی شتی وا
ئێمە بۆیە ماینەوە تا ئەم هەنگاوە بزێوانە بە سەما بنووسینەوە.
لێفەی لم بۆیە نەیتوانی دامانپۆشێ،
ئەو نەیدەدین، هەردووکمان لە ژێر یەک لێفە
بە پۆپە شمینی یادگاری داپۆشرابووین.

لەبەر دەروازەی دۆزەخدا پێشوازی دەنگت نەبووایە
مەلەکووتی کراسڕەشی مەملەکەتی ئاگر
دەیکردم بە کەڵەوژی دۆزەخ،
ژیلەمۆکانی ئەوێندەری بە من خۆش دەکرد.
لەگەڵ دووەم حەرفی باران
لە دوای دەنگهەڵبڕین و چڕیینی دووجار ئای ئای
هۆشم گەیشتە بەهەشتێکی سامناکتر لە دۆزەخی ئەم دەورانە
بەهەشتێکی پڕ لە پییری ڕیشنی لاو
پڕ لە گۆشتی کچی بەحەڵاڵ سەربڕاو
سەدان حۆری چاوبەخومار و خەمبارم دی

**لە ناو پاکەتی جوان جواندا وەک دیاری پێچرابوونەوە**
**بدرێنە ئەو ئیمامانەی کە بۆمبا بوون**
**چەند گوناە بوون ئەوان .. خەزاڵ**
**جەستەی لاواز، چاوی بێ ناز،**
**دەروونیان تژی بوو لە ڕاز.**
**خەمبارتر بوون لەو هاوڕێیەت ، کە ڕۆژێکیان بۆت باس کردم**
**بە زۆر تارای سپی بوکیان کردە سەری**
**کردیان بە دیاری بۆ پیرێکی سەرسەری**
**قەهری حۆرییەکان خەستتر بوو لە قەوارەی**
**ژانی هەموو ئەو ژنانەی کە جەستەیان قەیسەری ئازادە و،**
**ئاوەزیان دوکاندارێکە دیل و زەلیل.**
**شەنگ بوون، بەڵام**
**جوانییان لەو گەڵایانەی پایز دەچوو کە بەدەم ڕێ و**
**لە ژێر هەنگاوی ڕێبواراندا دادەڕزێ و**
**خشەیان دێ.**
**لەو سێوانە دەچوون کە هەر بەدارەوە**
**شوێنگازی کرم و ، نیشانەی درم دەموچاویانی ڕنیبێ.**
**لەو گێلاسە گەییوانەی لە لقوپۆپ بەردەبنەوە و،**
**لە ژێر پێدا نەزیف دەبن، لووتیان دەپژێ.**

**خەزاڵ باش بوو کە نەمردی .**
**تۆ کە خاڵیت لە گوناە و بێبەریت لە پەڵە و تاوان.**
**بمردبای .. خوانەخواستە ڕەنگە سوورگومیان کردبای**

**بێ ئەوەی من شوێن و سۆراخت بزانم**
**بۆ ژێرخانی بەهەشتێکی دۆزەخئاسایان ناردبای،**
**بیانکردبای بە سەردەستەی فریشتە و حۆرییان.**
**بیانکردبای بە دیاری، یان بە یاری.**

**عەزیزەکەم،**
**چیت داوە لە باخی عەدەن؟**
**تۆ هەر ئێستاش دەروونت چەشنی باخچەیەک بەم ڕۆژگارە**
**چرۆکانی دەپشکوێن و دەکرێنەوە.**
**چیت داوە لە باخی عەدەن،**
**کە من بەو چاوانەی خۆم دیم وێرانەیە**
**لەو باخەدا خەزاڵ گوڵی خۆڕسک بۆ سوێندیش نەدەڕسکا،**
**شین نەدەبوو گیایەک، نەدرووا هەنجیرێ، هەنارێ، سێوێ**
**لە ناو لمدا چۆن گوڵ دەڕوێ؟**
**گوڵی نایلۆن بوون چاوانیان فریو دەدا**
**ئەوەی دار بوو، بۆ دەرمانیش دەست نەدەکەوت**
**ئاو نەبێ دار بە چی دەڕوێ؟**
**گیا دەمێک بوو گیانی دابوو، گیا نامۆیە بە بۆنی لم**
**ئاو، ئاوی چی؟ ڕووباری چی؟**
**زەمزەمی چی؟**
**تەڕیی تاوان بوو لەوێندەر.**
**ئاونگ حەرام بوو بۆ گوڵ و،**
**پەروانە و شەم بە تۆمەتی زینا گۆشاوگۆش سەربڕان**

**خەزاڵ لەو سەعاتانەدا کە هۆشم لەو بەهەشتەدا**
**بەناو لمدا پیاسەی دەکرد.**
**هاوڕێکانی منداڵیمانم دی لەوێ لەسەر گردەلمێ**
**"حەمامقولی"[6]یان دەکرد و،**
**لە لم کۆشکیان بۆ ئومێد دروست دەکرد و،**
**بە چیلکە لەسەر لم نەخشەیان دەکێشا،**
**نەخشەی باخ و نەخشەی شاخ و نەخشەی رووبار.**
**نەخشەی دەربەند و دووکان و دەریاچەی وان،**
**نەخشەی ئەڵوەند و زرێبار**
**بە قامیشێ ناوی دڵدار و دڵخوازی خۆیان**
**لەسەر لەوحەی داخی لم دەنووسی .**
**ئینجا قامیشیان دەکردە بلوێرێکی ئابەنووسی.**
**چ نەوایەکی دڵهەژێنیان بەتەلی کەمانچەی هەست و**
**بەزەلی قامیشەلانی گیانیان دەژەنی.**
**قەت نەمدەزانی ئەو هاوڕێیانەمان هێندە عاشقەوماشقەن**
**ناوی ئەو دڵخواز و دڵدارانەی لە سەر لمدا کێشران**
**قەت ڕێنەکەوتبوو بیبیستم لێیانەوە**
**نەیاندرکاندبوو لای هیچ کەس وتەنانەت لای خۆیان.**
**خاترجەم بەخەزاڵ هەر من و تۆ نەبووین**
**دەرک بکەین ، نەیدرکێنین .**

---

[6] یارییەکە منداڵان لە ناو لمدا دەیکەن، بە لم خانوو، کەپر، قەبر و شتی تر دروست دەکەن. ئەم یارییە لە گەرمیان پێی دەڵێن حەمامقوولی.

تەماشامان ببێ بە دارێکی نادیار.
سەرنجمان ببێ بە لوغز و، نیگامان ببێ بە نیگار.
هەر ئێمە نەبووین یارەکەم،کە عەشقمان ببێتە یادگار.
ئەوە میرات بوو میرات.. لە باب و باپیرانەوە،
لەناو بوخچەی هەرگیز نەکراوەدا بۆیان دانابووین و
لە سنووقێکی قفڵدراوی دارین بۆ نەوەی ئێمەیان جێهێشت.

ئەو سنووقانەی کە وێنەی ئەسپێکی بوراق کۆدی بوو.
چ بووراقێ،
خەزاڵ دەڵێن ئەو بوراقە ئەسپەشێیەکی باڵدار بوو.
بە منداڵی زۆر بە ترس و زۆر بە پرسەوە ڕادەمام لەو وێنەیە .
لە خەیاڵگەی منداڵیمدا
ئەسپی باڵدار سنووقەکەی بەجێدەهێشت،
دەهاتە ناو شارەکان و
لە ژێر بنمیچی گومەتی مزگەوتەکان و ماڵەکان
هێلانەی سامناکی چێ دەکرد و، کە ئێمەی منداڵ دەنووستین،
بە شەقەی باڵ بەخەبەری دێنایینەوە.
باڵی گەورە دەیترساندین.
باڵی ئەفسانەیی ئەو دەبووە چاوگی تۆقین.
وێنەکەی بوراق دەمێ دێوەزمە و دەمێکی تر جنۆکە بوو.
دەبوو بە دایکی ئاڵ و دەبوو بە شەوە.
بوراق دێناسۆر بوو یارە، ئەسپەشێ نەبووە هەرگیز
هەر بوراق بوو تۆی گەیاندە بەردەم کتێبخانەی کۆنی

**حەوتەمین چینی ئاسمان و لەوێ**
**دەستە خوشکەکانت قرچ قرچ قرچ قرچ هەڵدەقرچان.**
**دۆزەخ لەوێ بوو ئازیزم، لە هەرحەوت کیشوەری جیهان**
**دۆزەخ لێرە بوو گوڵی من، لە دەروونی سەیری خۆمان.**

**کە هۆشی منیش گەیشتە بەر دەروازەی ئەو دۆزەخە**
**بیرم لە تۆ و لە مریەم و، لە زوڵەیخا و،**
**لە کەژاڵ و، مەهاباد و، لە فادیمە و پێلا و سارا دەکردەوە.**
**بیرم لە هەموو لەیلاکان دەکردەوە**
**یارە دەزانی لەم سەحرای عەدەمەدا وا چاکە بانگت کەم لەیلا و،**
**بەم کۆڵە ڕیش و قژەوە منیش هەر دەڵێی دەروێشێکی دێوانەم،**
**دەکرێ بەشەم بانگت کەم و، تۆ بە وەلی بانگم بکەیت،**
**یان بە مەجنوون، فەرق ناکات ناوەرۆکی هەموو یەکن،**
**بە تەنها سیما و ناوەکان لەیەک جودان.**

**هێی چ سەیرن ئەم وێستگانەی ژیان!**
**کێ دەیگووت ڕۆژێ لە سارای لمدا**
**خەیمەیەکی خووم هەڵدەدەین**
**من دەبم بە قەیس و تۆ دەبی بە لەیلا**
**چ چاوەشارکێیەکی هەمیشەیی بوو تۆ و من و**
**عەشق و قەدەر پێکەوە دەمانکرد و یەکتریمان ون دەکرد و**
**یەکتریمان دەدیتەوە.**
**چەند بە دوامانەوە بوو ، چەند ڕاوی دەناین،**

جلێکی سەربازی لەبەر دەکرد قەدەر،
جلێکی چەور و چڵکن و خۆڵەمێشی
کاسکێتی ڕەشی لەسەر بوو،
بە شەوان دەبوو بە جەردەیەکی جەلاد،
ئەستێرەی لە ئاسمان نەهێشت قەدەر،
هەمووی بۆ سەر شانەکانی خۆی دزیبوو.

لەو چاوشارکێ سامناکەدا لە ترسی ئەو
لە کوێی بوون خۆمان لە یەکتر دەشاردەوە
کە هەرگیز خۆمان و یەکتر بەدی نەکەین.
لە کوێی ژیان خۆت لە من حەشاردا لەیلا،
خۆ من هەموو ڕێگاکانم بە دووی پەناگەی نیگاتدا ورد ورد بڕی.
شوێنێ نەما تیایدا شەمامەیەکی سۆراخت بە دیاری بۆ دانەنێم.
دەمزانی ئەو شەمامانە بۆنیان دەگاتە ئاوەزت
بۆنی شەمامەی خەتخەتی پرسیارەکانی تۆش دەگەیشتنە من و،
بەرسڤیشم دەدانەوە.
بەرسڤ بە هەست، بە نەست، بە دڵ، بە پێ، بە دەست
ئێمە هەمیشە بە هەستی بینین یەکترمان ون دەکرد،
بە هەستی بۆن یەکتریمان دەدیتەوە.
هەستی بیستنمان وەک مشک
گوێی دەنایە ئەو دیووارە بەرزانەوە کە لە نێواندا بە خۆڕسک دروست دەبوون، بڵند دەبوون
هەستی بەریەککەوتنمان فێڵی لە هەموو یاسایەکی سروشت دەکرد.

ئێمه  خه ڵوه تی عه شقمان بۆ دابه ستنی ئه م نوێژه
له  خانووی خه یاڵ چێ ده کرد
ئێمه  ئه و هه موو مه ودایه مان له  کوون فه یه کوونێکدا
ده کرد به  هیچ، ئاوێزانی یه کتر ده بووین.
ئه و هه موو ئۆقیانووسه ی نێوا نمان ده کرده
دوو  پێکی شه رابی له علی هه ناریی.
له  دوو  په رداخی کریستاڵی فه نتازیا لێکیا نمان ده دا و،
به  زرینگه  و زه نگی ئه و  په رداخانه
 به  هه ست مه ست ده بووین
له  چاوی یه ک هه ڵمان ده دا  پێکی سیحر.
نۆش ئازیزم،
نۆشی گیانت بێ خۆشاوی خۆشترین عه شق.
به  هه ستی شه شه م هه میشه  هاموشۆی یه کمان ده کرد و
به  هه ستی حه وته م حه یرانی یه کتر ده بووین.
هه ستمان ده کرد که  هه ستێکمان زیاتره  له  هه موو که سێ
هه ستی تووندی که مه ندکێشی
هه ستێکی موگناتیزی وا له  هه رکوێیه کی گه ردوون بای
 به ره و هه واری دڵی من ڕایده کێشای
له  هه رکوێیه کی جیهان و له  هه ر وه رزێکی ژیان و
له  هه ر ساتێکی ڕۆژگار بام
هه ستی حه وته مت فه رمانی پێ ده کردم
هه ر ئێستاکه  له به رده م حه زره تی خه زاڵ ئاماده  به !

منی هەردەم کەمەندکێشکراو بەرەو تۆ
چۆن دەمتوانی نەگەمەوە بەر قاپی چاڵی قەدەرو
لە حزووری حەسرەتەکانتدا لە هۆشی خۆم نەچم
چۆن دەمتوانی بەکاری نەبەم کۆدی "کوون فەیەکوون"
لە چرکەیەکدا دۆزەخ و بەهەشت نەکەمە ئەفسوون و ئەزموون.
حەزرەتی خەزاڵ،
خۆی پەرجووە دێڕ بە دێڕی ئەم داستانە.
گریّ و گرەوە ئازیزم، تیژەوەتیری ژیانە.

با ئەمجارە من سەری تۆ لەباوەش بگرم و
سترانی بێدەنگیت بۆ بچڕم
خەمت نەبێ، چاڵەکانی قەدەر وان لە دوامانەوە
فەرسەخێ دوورن لە هەنگاوی سەرکەشمان
بەچاوەکانی پشتی سەر دەیانبینم
دژ بەوان ڕێگامان پێوا.
دنیا ڕێیە،
بەڵام شوێنپێ لەناو لمدا پڕ دەبێ لە پەژموردەیی و پەشیمانی.
تاوێ سەرت دەگرمە کۆش
تۆ ماندوویت و، نۆرەی منە بیلاوێنمەوە عەشقمان
نۆرەی منە تەماشای ئاوێنە بکەم لە سۆماتا
بە ڕاستەی ڕاستی و بە گۆشەپێوی پاراوی پەیمان
ئەندازەیەک بۆ دڵ چێ کەم،
گۆشەی نەوەتی پلەی عەشق دروست بکەم

حەزرەتی خەزاڵ، چاوکەژاڵ
ئەوسا تفەنگ نەیدەهێشت لەگەڵت بم و
بمبوورە کە کاتم نەبوو بێمە ژووان
بمبوورە کە قەت نەمتوانی بۆت باس بکەم کە من کێم و،
خەڵکی کوێم و، چۆن چۆنی هاتمە جیهان
چەند لە سەراب دەچێ ژیان؟
ڕاستیت دەوێ، نەمدەزانی کەی چێ بووم و
چۆنیان چێکردم دایک و باب.
من نازانم ،
لە هەموو ژیانمدا یەک جاریشم نەدی
بابم دایکم ماچ بکات و خۆشی بوێ.
دایکم سەری باوکم بخاتە سەر ڕانی.
باوکم بە حەیرانی ببێ.
قەت هەستم پێ نەکردبوو لە باخەڵی یەک ئاسوودەن،
کە لە کاتی ئاوێزاندا ڕۆحیشیان یەکتر دەدوێنێ.
دڵنیا نیم لە کام جووتبوونی سەرپێی دروست بووم و
بە کام عەقڵ و بە کام لۆژیک بڕیاریان دا کە من ببم
بڕیاری چی؟
هەر هەموومان بە ڕێکەوت و هەر بۆ ئارەزوو دروست بووین.
نازانم لە چ وەرزێکی ساڵ چێ بووم، چ ساڵێ؟
لە چی کاتژمێرێکی شووم، لە چ ڕۆژ ێکی شەوئاسا لە دایک بووم.
دایکم دەڵێ ئەو ساڵەی کە بەفرێکی فرە باریبوو لە کوێستان

کوا ساڵ هەبوو بەفر نەبارێ لە کوێستان!
باوکم دەیگووت، نا ئەو ساڵەی گرانی بوو
دیرۆکیشمان دەڵێ هەموو ساڵێ ، ساڵی قڕوقات و نەهات بووە بۆمان.
دایکم دەڵێ کە تۆ بووی تۆفان هەڵی کرد
مامم دەیگووت دەیان تۆفان تەمەنمانی ڕاماڵیوە.
باوکم دەیگووت کە تۆ بووی خۆرەتاو جۆیەکەمی زەرد کرد،
خەرمانێکی بە بەرەکەتم هەبوو ئەو ساڵە ،
چەند شادمان بووم خەرمانێکی بەبەرەکەتم هەیە و کوڕێکیش
وێنای دەکرد گەورە دەبم و جووت دەکەم، مەڕەکان دەبەم بۆ لەوەڕ.
گەورە بووم و، نەبووم بە جوتیار نە بە شوان،
بووم بە عاشق.. عاشقی چاوەکانی تۆ و بەژنی بڵندی کوردستان.

چیم بۆ باس کردبای خەزاڵ،
کە خۆم نەمزانیبێ کەی بووم؟ کێ بووم؟
کەی منداڵ بووم، کەی گەورە بووم؟
تەنها مێژوویەک لە ژینما
بە کات و سات و خولەک و چرکە دیارە
ڕووداوی یەکەم نیگایە ، وەک تۆ فەرمووت:
حەوت هەزار و سێسەد و دەڕۆژ پێش ئەم کارەساتی ژووانە
با وردتری بکەمەوە تا وانەزانی بۆ ساتێ توانیومە فەرامۆشت کەم
کاتژمێر سێ و پانزەخولەکی عەسرێکی مانگی گوڵان
لە ماڵێکی ساکاری گەڕەکێکی هەژاری شارێکی ناشار
لە ژوورێکی بێ پەنجەرە، دەرگایەکی بە داری گوێز دروستکراو

**بەڕەیەکی سوور لەمبەر و، لبادێکی سپی لەوبەر**
**حەسیرێک لەمبەر و حەسیرێکیش لەو بەر**
**سەرینێکی پەڕ لە تەنیشت من لای قۆڵی ڕاست دانرابوو**
**پشتییەکی پەڕ لە لای تۆ. بەرگی پشتییەکە شاڵ بوو**
**هەموو شتێکی ئەو ڕۆژەم ورد ورد لە بیرە و**
**دەزانم بۆ وا لە دەروونم چەسپین.**
**کراسەکەت سپی بوو وەکو چۆڕی شیر،**
**تەنوورەکەت ڕەش بوو، ڕەشتر لە چاوی خۆت.**
**پشتوێنەکەت سوور بوو، گوڵێکی پەمەییت بە تەوقەیەک لە قژی قاوەییت دابوو. گوڵیەخەیەکی باڵندەت بە سنگتدا هەڵواسیبوو، هەڵۆیەکی باڵکراوە بوو لە سەروەختی فڕیندا.**
**جانتای قوتابخانەت پێ بوو کاتێ هاتی،**
**دەتویست دوای دیدارێکی کورت بەڕێ کەوی بەرەومەکتەب.**
**تا ئەو کاتە دیدارێکی ئاسایی بوو بۆ ناسینی پێشمەرگەیەک،**
**بەڵام دیدار درێژ و درێژتر دەبوو،**
**نە چاوی من ئیزنی دەدای،**
**نە جەستە و هۆش و هەستی تۆ دەیانویست ئەوێ جێبێڵن**
**ئەو ڕۆژەیان ئەو ژوورەمان کرد بە مەکتەب**
**وانەیەکی جیا لە هەموو وانە ناخۆشەکانی ژیین، دەستی پێکرد وانەی ئەڤین!**
**بەلەززەتترین وانەی ژین!**
**یەکەم نیگامان ئاگرێکی کردەوە،**
**ئەو بۆرکانە هەڵیساوە ئاسان نەبوو خۆش بێتەوە**

**هەتا ئێستاش کڵپەی دێت و**
**دەسووتێت و ڕۆشنی دەکاتەوە دەڤەری دڵمان**
**سەرنجی من وەکو قولاب ماسی سەرنجی دەگرتی**
**تەنها ئەو مێژووی لەدایکبوونەم لە بیرە یارەکەم**
**یارە ژیرەکەم،**
**سەرگوزەشتەی منداڵی خۆم، چیم لێ دەزانێ تا بۆ تۆی بگێڕمەوە**
**سەرگوزەشتەی دوورترین دووریی ژیانم**
**کە لەوێدا و تەنها چەند ساڵێ خۆم بووم و،**
**خۆیشم نەبووم.**
**دایکم دەیگووت ئەو کوڕە بووم بە یەک ، دوو ساڵیی**
**تا دەمتوانی خۆڵم دەجوو، کە گەورەش بووم**
**دایکم هەر بانگی دەکردم کوڕی خاکیی**
**تامی خۆڵ و شیری دایکم کۆکتێلێک بوون**
**مەگەر تامی ماچی تۆ ئەوەندەی ئەوان فەرامۆشیم پێ ببەخشێ.**
**سیحری ئەم سیانە گرەون، کەس ناتوانێ هەڵیان بێنێ.**
**زۆر زوو لە شیری دایک بڕێنرامەوە،**
**بۆیە زۆر زوو دەمم لە مەمکی خاک گیر بوو.**
**کوڕی خاکم و لەوەوە ئیلهامی عەشقی تۆم بۆ دێ**
**سیانەیەکی گیانیبەگیانیین،**
**دەتوانین دوور لە یەک بین، بەڵام بێ یەکتری دەمرین.**
**قەت هەست بە بێکەسی نەکەی خەزاڵەکەم**
**ئێمە سیانین، گوێ مەدەرە دووری و مەودا،**
**ڕۆژێک لە یەک دانەبڕاین**

ئێمە گیانین، لە سێ جەستەی جوداین، بەڵام ئەفسووس
لەم ساتە فێلێهاتووەدا
وەک پەلەوەری سەربڕاو گێنگڵ دەدەین،
لە سەر سنگی داخی سەحراین.
گیان دەدەین بەڵام نامرین، ئێمە خوداین.
خەزاڵ،
لەم لاپەڵە نەرمەی بیاباندا بەیبوونێک نییە تا بە بۆنی مەستت کەم،
هۆشت بێنمەوە ئێرە
لە جۆلانێی ئامێزمدا شەکەتی تۆ ڕادەژەنم
بمبوورە ئەوسا لەو ساتە دەگمەنەدا
کە ئامێزت ئاوەدانترین وڵات بوو بۆ منی لە ئاگرەوە پەناهێناو
لەبەر ماندوو بوونی ڕێگا و ژاوەژاوی دەوروبەرم
نەمتوانی خەو ببەزێنم
داستانەکان بگێڕینەوە بۆ یەکتر
من نووستم و هەستم دەکرد لە ئۆقیانووسی ئارامدا ڕاکشاوم
دانی پێدادەنێم ئەو خەوە ئارامترین خەوی عومری ڕابردووم بوو.
خەوێ لە کەناری یەکتر.
خەوێکی خاو وەکو قژی فریشتەیەکی نازەنین
بە دڵ وریا بووم و چاوی دڵم دەیدی
چاوەکانت ناتروکێنی و تەماشات لە ڕوخسارمدا نوقم بووە
ئاگام لێبوو چۆنم دەکەیتە هەناسە و هەڵمدەمژی
ئاگام لە نەرمی ماچەکانت و، لە گەرمی دەستەکانت بوو
خەونی یاقووتیم دەبینی لە ئامێزتا

**تکایە بێرەوە ئێرە،**
**هۆش مەنێرە بەر دەروازەی ئەو دۆزەخەی**
**کە پەنگری نائارامی لێ دەبارێ**
**با هەست و هۆشت هەر لێرە و، لای خۆمان بێت.**
**کزانەوەی جێسووتانی گوللەکانتە هۆشت دەنێرێ بۆ سەفەر.**
**سەفەر مەکە حەزرەتی خەزاڵ بە بێ من**
**ئەی تۆ بەڵێنت نەدابوو، ئەی من بەڵێنم نەدابوو؟**
**پێت نەگووتم، پێم نەگووتی:**

**" نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ**
**نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ"**[7]

**تا کەی لە کۆچ تێر نابیت تۆ ،**
**هۆشت مەنێرە بۆ هیچ کوێ**
**گەر سووکە کۆچێکیش دەکەی،**
**بچۆرەوە بەردەم دەروازەی زیووینی یەکەم نیگا.**
**یان ڕێکەوە بەرەو مێرگی یەکەمین نامەی نەنێردراو**
**لەو هەزارویەک نامەیەی کە پێت وایە نەتناردوون و ،**
**کە پێت وایە نەمبینیبوون.**
**خەزاڵ کە تۆ نامەکانت بۆ ئەدرەسی بینایی من**
**بە تەتەری ڕاستگۆی عەشقدا ناردبێ،**

---

[7] دڕێکی حەزرەتی نالی یە.

چۆن پێت وایە نەگەیشتوونە بیلبیلەم؟
دیسان پێت وایە نهێنیت لەناو بوخچەی یاد داناوە
دیسان پێت وایە ئەوانەی کە نەتگووتوون نەمبیستوون و
ئەو نامە و یادگارییانەی کە نەتناردوون نەگەیشتوون.
لە یەکەم تا هەزارەمین نامەی نەنێردراوت
گەیشتنە دەستی هەست و بە نەستم لەبەرم دەکرد بڕگەکانی
نامەکان هێندە بەچێژ بوون
هەموو عومری ڕابردووم دەمخوێندەوە و هێشتا
هەر لە سەرەتای یەکەم نامەدا سەرسام و مەستت کردم
تا ئەم ساتەش لە بەرینی ئەو گەردوونە ڕادەمێنم
ئەو نامەیە چی بوو خەزاڵ!
بە کام قەڵەمی ئەفسووناوی نووسیبووت؟
تۆ چەند لە کچی داستان دەچی و هێشتاش سەیرتری
بۆچی هەزار و یەک نامە ؟
چ پەیامێک لە پشت هەزار و یەکەمین نامەدایە ؟
کە لەسەر کانییەک جێما ، وشە کەرت و پەرتەکانی.

ئەم هەنگاوانەش هەر نامەن، خانمەکەم
هەموو ئەو چرپانەی ناو چاڵ پەیام بوون و بە گوێی دڵم دەمبیستن و
بە چاوی ڕۆح دەمخوێندنەوە.
هەموو ئەو نامانەی تەمەن
کە بە خامەی خەیاڵ و تریفەی نیگات دەیاننووسی
جووتە ئەستێرەکەی چاوت

دەمودەست دەگەیشتنە خۆری نیگام
مەخابن ، هەزار و یەکەمینیان ئەدرەسی زەینمی ون کرد.
ئەو کاتە بوو زەینم، زەینت، زەینی هەموو
ئارەزوویەکی قەترانی قەدەرێکی ئەستێرەدز ڕایان ماڵی
کاتێ دەربەندی داوەکان کرانەوە و
تەڵەی ئەنفال وەک چۆلەکە و کەو و کۆتر دەیانگرتین
ئەدرەسێ نەما، چونکە شوێن لە تاوا کۆچی دەکرد،
خۆی دەگەیاندە تاراوگە.
ئەدرەسی بینایی منیش کە ئەوسا لە تەنیشت بینای بینایی تۆ
کۆشکێکی لە بلوور و نوور چێ کردبوو
ئیدی لەو ساتەوە سووتا و، بوو بە ڕەژوو.
گوێم لە دەنگ و بانگ و فریادت بوو خەزاڵ
دەنگی منیش بە دووی تۆیا تا سنووری ونبوون هات وئیدی.
لەو دیوویەوە شوێنپێکانی خۆم بزرکرد
ئیدی بۆ خۆم دەگەڕام تا لە خۆمدا تۆ بدۆزمەوە.
چ ڕۆژێ بوو؟ خەزاڵ، هیچم پێ نەمابوو،
تفەنگ وەک گیرفانم بە تاڵ
وەک خۆم بێدەنگ
تفەنگ وەک خۆم هەناسەی ساردی کێوانی لە بنەوە دەردەهێنا
چواردەوری گیراوم بە نینۆک و دڕک
نینۆک، دڕک، دڕک، نینۆک
ئەو ڕۆژانەیان بیرهێنام
کە لە جەلادخانەیەکدا کەوڵیان کردم وەکو بزن

نینۆنەکەکانیان هەڵکێشام، هاتن ڕۆحیشم بدزن
ئێشی مەرگ چەند سامناکە ،
ئێشی مەرگ بوو ئەو ساتانەی کە نینۆک و گۆشتی پەنجەم
لە یەکتری جیاکرانەوە ،
لەو ساتەدا ئەو بیرە ژیبرە نەبووایە ئێشی مەرگ زوو دەیکوشتم
بیرێک لە تابلۆیەک دەچوو بە چوارچێوەی تریفە دەوری درابێت.
بە پەڕەمووچی هونەری یاخیبوون وێنەکێشرابێت.
دەمگووت چەند باشە ئیتر قەت نازێتەوە نینۆکی دڕ
نابمەوە بە داری زڕ
مرۆڤ نینۆکی بۆچییە ؟ خۆ مرۆڤ دڕندە نییە ،
بۆ چڕنووک و چاڵهەکەندن و چەتوونی نەبێت نینۆک
پێم ناڵێی بۆ چی تر باشە ؟
نینۆک نەبێت، پەنجەکانیش .
ڕەنگە ئیدی بۆ هەڵگرتنی تفەنگ بەکار نەیەن.
نینۆک نەبێت، پەنجە تەنها بۆ گرتنی پێنووسی نویَ .
بۆ دەسکەنەکردنی نێرگزی سەرەڕێ
بۆ چەپککردنی شەوبۆ لە شەواندا
نینۆک نەبێ، دەست بۆ تەوقەی جەژنە پیرۆزەی سەرکەوتن.
بۆ بە مەمک یاریکردن.
بۆ هێنانەوەهۆشی یار لە ژوواندا بەکار دێ.
ئەو بیرە ژیبرە نەبووایە من دەمێک بوو ئێشی مەرگ کوشتبوومی
زۆر دەمێک بوو لە ئەلبوومی بیرەوەریم
سێدارەکەم هەرگەردنمی لە پەت دەنا.

خەزاڵەکەم، چیت بۆ باس کەم،
کەی وتن دەتوانێ ئەوەندە ئازا بێت زمانم بهێنێتە گۆ؟
بروسکەکان نەبوونایە ئەم پەژارانە ئێستا تەوقی گەردانە بوون
بە ملتا هەڵتواسیبوون
خەزاڵ، بروسکەکان تەنها بەهانە بوون
هەتا بوار نەبێ بتکەم بە خەفەتخان
بیانوو بوون،
خۆم نەمدەویست دڵت تڕژی کەم لە باسی ئەو مەرگانەی
تا لێواری گڵکۆی هەمیشە ئامادەی خۆم پەلکێشیان دەکردم
لە لێواریاندا لە ناکاو خۆم ڕادەپسکاند، ڕام دەکرد.
دەزانم تۆ نیازت بوو سەرگوزەشتەی من بکەیتە
چڕترین ڕۆمانی ئەم مێژووە ئاوەژووە.
تۆ دەتویست و تۆ دەتەوێ
من هەرگیز لە درەوشانەوە و بەخشین ،
لە یاخیبوون ،
لە سەرفرازی و لە تیشکدانەوەی ئەڤین نەکەوم
لەناو دێڕەکاندا ببم بە چرای گەش
یەک بە یەکی وشەکانی وانەی سەودایيم پێ ئاو دەی.

من دەمزانی گەر سەرگوزەشتەی گەریدەییم باس بکەم
سەرسام دەبی. دەشمزانی تۆ هەر بە هەست
هەستی حەوتەم. هەموو شتێ لە بارەی ژینگە و ژیانم
لەباسی مان و نەمانم پێدەزانی.

تەنانەت بە هەستی حەوتەم شارێی خەونەکانیشمت دەدۆزییەوە
ئەم داستانە خۆی پەرجووە
ئەم داستانە هەتا درەنگتر باس بکرێت، هێشتا زووە.
خەزاڵ،
باش بوو هۆشت یاوەر نییە لەم مەرگەساتەدا
باش بوو ئەم دیمەنەت نەدی کە ئەوەتا لە دوورەوە
بە دووربینی حەسرەتەکان دەیانبینم
ئەوەتا هاوچاڵەکانمان، بە چنگی لماوی شۆڤڵ
چەمۆڵەیان لێ دەنرێ
ساتێ نابا ئیدی ئەو چاڵە دەبێتە بڵندترین گومەزی گەردوون .
لە خۆرهەڵاتی ئەو گومەزە پیرۆزەوە
مەنسووری هەلاج وەکو هەتاوێ هەڵدێ و،
ناونیشانی سروودەکەی خۆی دەگۆڕێت،
((انا الحق)) دەبێتە ((این الحق))[8]
هەتا گومەزی وا هەبێ، هەق لە کوێندەرێ دەتوانێ گوزارە بێ.
مەحوی بەسەر ئەو گومەزە پیرۆزەدا هەڵدەزنێ و پەڕەمووچەکەی لە خوێنی خۆی وەردەدا و
لەسەر تابلۆیەکی لمدا دەنووسێ:

---

[8] مەنسووری هەلاج شاعیرێکی سۆفییە و (انا الحق) بەناوبانگترین وتەیەتی و کرۆکی فەلسەفەی تەسەوفی ئەو پێکدەهێنێ. لێرەدا بۆ گوزارە کردن لە تراژیدیای ونبوونی مرۆڤ لە ناو تۆفانی کارەسات و ناڕەواییەکاندا من (این الحق)م بەکار هێناوە (کوا ڕاستی) کە پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنێ.

" بە هەق هەر هەق، بە ناهەق ناهەقم گوتووەلە ڕۆژێ بووم.
وەکو مەنسوور ئەگەر بیشم کوژن ناکەم لە هەق لادەم."[9]

تۆ بە چاوی خۆت بینیت خۆ، من مەحوی بووم و هەلاج ئاسا کوشتیانم،
بەڵام نەمکرد لە هەق لادەم
ئاخرین هەوڵم بۆ بەزاندنی ناهەق ئەو ساتە بوو
کە ڕیزێ بارانی گوللە دایانکرد و، لەژێر ئەو بارانی گڕە
دووشیان بە ئێمە دەکرد و خۆشیان قا قا پێدەکەنین.
بەو هەموو خوێن و زامەوە پڕم دایە تفەنگەکەی دەستی قەدەر،
لێم وەرگرت و، بەڵام پێش ئەوەی فریاکەوم
دووشێکی تریان پێ کردم بەو شەستەبارانەتاوە.
تۆ ڕاست دەکەی خەزاڵەکەم،
لە تۆ ماندووتر و گوللەبارانکراوترم
بەڵام شادمانم کە مەحوی بووم و، مەنسوورئاسا
تا ئەو ساتەش هەر بەرگریم لە هەق دەکرد
لەگەڵ ناهەقیشدا تا توانیم جەنگام و زۆرانم گرت.

---

[9] مەبەست لە شاعیری مەزنی کورد حەزرەتی مەحوی و دێڕەکەش دێڕە شیعرێکی عیرفانی ئەوە.

**لە نێوانی هەق و ناهەق دا، واوێک و "نا"یەک ئامادەن**
**هەردەم لە بۆسەیاندان بۆ پەلامار و تێکەڵکردنی پیتەکان**
**خەزاڵ باش بوو، هۆشی خۆتت نارد بۆ سەفەر**
**باش بوو چەمۆڵەی چڵکنی شۆڤلی ڕەشت نەبینی**
**کاتێ ساوا پێغەمبەرەکەمان بە لم دادەپۆشێ**
**باش بوو مەرگی هەق و زەماوەندی ناهەقت نەبینی**
**باش بوو هۆش خەناخوێت نییە لەم ساتانە**
**دەزانم بەرگەی ناگری ئەم سووتانە**
**دەهریت دەکات دوا فەسڵی ئەم تراژیدیا لوغزئامێزە**
**ئەم ئەفسانە و ئەم داستانە.**

**خەزاڵ!**
**لە باخەڵتدا سێ سێو هەست پێ دەکەم**
**تۆ ئەوسا هەر دووانیانت بە من دەبەخشی بۆ بۆنکردن**
**خەزاڵ سێیەمین سێوت لە کوێ حەشاردابوو کە من ئەوسا نەمدەبینی.**
**ئەی خۆ ئەوە لە سێو دەچێ و سێویش نییە**
**ئای ئازیزم چ سەیری تۆ چ سێوێکی خوێناوییە لە چاڵەوە**
**لەگەڵ خۆتدا بۆ هەردووکمانت هێناوە.**
**ئەم سێوە "ساوا"کەمانە**
**چۆنت هێنا؟**
**ئەم سێوەت چۆن پێ هەڵگیرا بەم هەموو زامانەتەوە؟**
**بەچی دەچێ سێوێکی لەدارەوەبەربوو؟**
**بۆ هێنات ؟ مەبەستت چی بوو؟!**

**خەزاڵ لە سیحری ڕامانت سەرسامم و،**
**هەمیشە بزێویی زەینت پڕم دەکات لە پرسیار**
**تۆ ئەم سێوە سوورهەڵگەڕاوەت بۆچییە**
**کە خەڵتانە لە خوێن و خووم؟**
**بۆچیتە تۆ ساوایەکی ئاوا کوژراو ،کچەکۆرپەیەکی مردووی نەنێژراو**
**خۆ ناتەوێ زیندووی کەیتەوە بە سترانی جانانە**
**خۆ ناتەوێ بیکەیتە پێغەمبەرێکی ئەم زەمانە ؟**

**چ کۆرپەیەکی نازداری سێیەمین سێوی باخەڵی خەزاڵەکەم؟**
**چەند لە هەردوو توحفەی تەلیسماوی سەر سنگی ژن دەچی؟**
**چەند لە نووری ڕوخساری ئەو و من دەچی؟**
**کچەشیرینەکەم،**
**من دەمزانی گیربوونی ئەم نیگا ئاگرانەی ئێمە**
**دەبن بە توحفەیەکی ڕووناکی وەک تۆ.**
**تۆ کە لە نووری ژووانگە دروست بووبی، لام سەیر نییە چاوانت ئەوەندە گەش بێت وەک ژیلەمۆ.**
**تۆ کە هاوەڵی ئەو دوو سێوەی جەستەی خەزاڵ بیت،**
**لام سەیر نییە پێغەمبەر بیت و بە پەرجوو**
**زرپ و زیندوو ببیتەوە.**

**ئەم داستانە خۆی پەرجووە**
**پەرجووی وا هەیە دەبێتە داستان و ئەفسانە**

**هی وا هەیە دەبێتە فیلمی زۆر هەژێنەر**
**بینەرەکان باوەڕ ناکەن لە ژیاندا گرتەی وا هەژێنەر هەبێ.**
**پێیان سەیردەبێ و هەندێ جار گومان دەکەن،**
**بۆیان دەبێتە پرسیار ، سینەمایە یان سەحرایە ؟!**
**باوەڕ ناکەن سەحرا بێ، باوەرناکەن سینەما بێت!**
**تێکەڵ دەبێت هەستەکانیان، دەوروژێ نەستەکانیان**
**دەنگەکانی ناخەوەیان بە جارێ وروژم دێنێ**
**سێڵاوی ئەشکیان سەردەکا بەرەو ئاسمان**
**بەدرێژایی بینینی گرتەکان**
**هەموو جەستەیان دەبێتە دوو چاوی ڕاماو لەگریان.**

**خەزاڵ، ئەم سێوە ساوایە بۆ لەگەڵ خۆتدا دەگێڕی**
**ئەم ساوا مردووە بۆ من یادێک زیندوو دەکاتەوە**
**تامی ژەهرو، بۆنی قەهری دەروونمی سیخناخ کردووە**
**نامەوێ بێنەوە یادم ئەو ڕۆژانەی بێئاوەزی**
**کە سەرتاپام غەرقی ئارەقێکی جیا بوو**
**جودا لە هەموو ئارەقێ**
**جودا لە ئارەقەی لەززەتی جێژووان**
**لە ئارەقەی ماندووبوون و هی دەفەی شان و نێوچەوان**
**لە هی ناوسەنگەری ڕووبەڕووی دوژمن**
**لە هی ساتی یەکبینینەکانی تۆ و من**
**ئارەقێکە شەرم دەکەم باسی بکەم ئارەقی وا**
**نامەوێ بێنەوە یادم ئەو ڕۆژە تار و مارانە ،**

**دەمەویٚ لە یادم بچیٚ نەفرەت و کۆڵەکەی پشتم**
**بمبوورە خەزاڵ دەمزانی هەر ئەو جارە زوییر بووی لیٚم،**
**ئەو ڕۆژەی کە بە جیٚم هیٚشتی و ئاوڕیٚکم نەدایەوە**
**تۆش وەک جاران باکت لە ڕۆشتنم نەبوو**
**خواحافیزیم لیٚ نەکردی و،**
**تۆش جامیٚ ئاوت لە پشتی پیٚما نەڕشت بە نیازی زووهاتنەوە**
**بمبوورە خەزاڵ کە ئیدی نەمبینیت و،نەهاتمەوە**
**دەزانی من لەو ساڵانەدا لە کویٚ بووم؟**
**پیٚت وا نەبیٚ لە ئامیٚزی کامەرانیی**
**من ساڵانیٚک لاشەی ئەوم لە کۆڵ نابوو**
**بۆ هەر کویٚ دەچووم لەگەڵ خۆمدا دەمگیٚڕا**
**دەمگووت بەڵکو بە پەرجوویەک ڕۆژیٚ زیندوو ببیٚتەوە**
**دەستە شلەکانی هابیل بە سەر شانەکانی مندا**
**شۆڕ ببوونەوە و، منیش**
**خیٚرا خیٚرا بەرەو لووتکە هەڵدەزنیم**
**بەو کۆڵەوە هەورازم وەک نشیٚو دەبڕی**
**تا زوو بگەم و لەویٚ لە سەر دووندا**
**یان زیندووی کەمەوە، یا هەر لەسەر لووتکەدا بینیٚژم**
**بەو کۆڵەوە بەرەو هەوراز، کەس نەیدەزانی قابیلم ، برایەکی خۆم کوشتووە. لە سیزیف دەچووم و**
**لاشەی براکەم سەنگیٚکی ڕەش بوو بەسەر شانەکانمەوە**
**هەنگاویٚ هەڵدەزنیم و، دە هەنگاو بەر دەبوومەوە**
**هەڵدەستام و دیسان هەڵدەزنیمەوە**

**لاشەکەی سەرشانم وەک تەوق لە مل نابوو**
**بەو هەنگاوە گورجانەوە کێ دەیزانی ئەز قابیلم**
**خۆشم پێم سەیر بوو ئەو بم**
**خەزاڵ من ئەوم لە دۆڵێکی چۆڵ و هۆڵدا ناشت**
**هەموو ئێوارانێک دەچووم چە پکێ گوڵە فرمێسکم**
**لەسەر گڵکۆکەی دادەنا.**
**هەموو ڕۆژێ، هەموو ڕۆژێ**
**تا ئەو کاتەی تۆفانی تاعوون هەڵی کرد و، بردمی**
**نا ، هێنامی .. بەرەو ئەم سەحرای ونبوونە.**

**خەزاڵ، ڕەنگە ئەم سێوەتەرمەت بۆیە هێنابێ**
**هەتا ئەم نەفرەتەم بیرخەیتەوە و،**
**بە گوێی هەموو هەستەکانت ئاهەکانی پەشیمانیم لێ ببیستی و، لێم خۆش ببی. دەزانم تۆ گەورە و میهرەبانی خەزاڵ،**
**دەمبەخشی بە میهرەبانی.**

**یارەکەم، ئۆخەی کە هۆشت گەڕایەوە**
**با گوڕ و تین بدەین بە یەکتر و بە خۆ**
**با هەتا هەتایە بڕۆین،**
**تا دەتوانین مەودای نێوان خۆمان و چاڵ بەرین کەین و،**
**بۆ هەمیشە کۆچەر بین و**
**هەرگیز جێیەک نەمانگرێتە ئامێزی و**
**قەت هیچ شوێنێ نەکەین بە ماڵ.**

**با متمانە بە کات نەکەین،**
**کات دەبێتە کارەسات و تەنها لەناو دێڕەکانی دیرۆکدا**
**حەشارمان دەدات.**
**با متمانە بەشوێن نەکەین، شوێن لە ناکا و ڤێی لێ دێت و، بومەلەرزە**
**شاخ دەکاتە سەحرای مردن**
**با دوور لە کات، بژین**
**هیچ قۆناغێ پێناسەی بوونمان نەکات، نا**
**با دوور لە شوێن، لە "هیچکوێ"دا ماڵێ چێ کەین**
**نازی جوگرافیا نەکێشین، جوگرافیای بێ مروەت**
**کە تەنها لەسەر نەخشەی حەسرەت جێگەیەکی پیشان داوین**
**کاتمان بۆ چییە، چاوەکەم ئەگەر چەرخ هێندە لۆچ بێت!**
**لەناو قووڵیی لۆچەکاندا نارنجۆکی کۆککراوی خیانەتی**
**بۆ تەقینەوە بە ڕوومان‌دا دانابێ.**
**شوێنمان بۆچییە، دیدەکەم ئەگەر شوێن ئەوەندە شێت بێت!**
**بومەلەرزە بکات بە سەماگە و، لافاو بدا بەگژماندا.**

**بەخێربێتەوە هۆشی تۆ عەزیزەکەم،**
**با خۆمان و سێوەکەمان هەموو دنیا بکەین بە ڕێ**
**بۆ هەمیشە، کۆچ بکەینە تاقە پیشە.**
**تۆ و من و سێو ببینە سێگۆشەیەکی تیژ و،**
**قەدەر بەو گۆشە تیژەمان نەوێرێ.**
**دوای لم هەموو شوێنێ ڕێیە، لە دوای سەحرا،**

هەموو جێیەک فیردەوسێکی بەرینە بۆ حەسانەوە
لە دوای دەربازبوون لە بەهەشتی ناو لم و ڕزگاربوون لە سنووری
مەنزلگەی یەزدان
هەموو دۆعایەک قبوولە ،
هەموو نزا و پاڕانەوەیەک دەگاتە جێگەی مەبەست
هەر لەم بەهەشتە دڕدۆنکە نەجاتمان بێ
موناجاتیش دادمان دەدا ،
تەنها لە دەرەوەی بەهەشتی دۆزەخیین
دەست دەکەوێ هەنار و هەنجیر و زەیتوون
بۆنی بەیبوون
شەرابی لەعلی یاقووتیین

دەرباز دەبین لەم بەهەشتە ، دەڕۆین
تا دەتوانین گاز لە سێوی ئەڤین دەگرین،
میوەی داهێنان و هەژان لە لقی نەمامی ئاوەز دەکەینەوە.
ئێمە دەڕۆین، بەردوامین لە ڕۆیشتن.

**لە هەموو ئەڤینێکدا بڕێکی زۆر شێتی هەیە ، بەڵام لە هەموو شێتییەکیشدا هەندێ ژیری هەیە .**

**نیتشە**

## دوا وێستگە

## دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ

**لاس بڕوانە ، کوڵمی ئەم سێوەلاسوورە پڕە لە ژین و لە ئەڤین،**
**بەوە نییە بە زولفوقار قاش کراوە**
**دڵی گوڵئاسای سێوەکەم لە پشت کێوی مردنەوە چرۆ دەکا**
**سێوە لە مردن یاخییە**
**لە ڕۆژی بوونییەوە هونەری یاخیبوونی فێردەکەم ئازیزەکەم**
**لەگەڵ فێرکردنی ئەودا خۆم بوومەتە حەوزی بەڕەنگاری و،**
**بوومەتە خودی یاخیبوون.**
**چەند بالایە ئەو هونەرە ،**
**ڕێزمانی ژیانەوەیە دوای وەرزەکانی کۆتایی.**
**ڕێسای ڕاچەنین و ڕاپەڕینە دوای قەڕنێ نائومێدی و قڕان.**
**پەیامی ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ خۆدا.**
**دوای سالگەلێکی لەخۆنامۆبوون و تۆران.**

چەند بالاترە لە بالات ئەم هونەرە بەژنزراڤەی یاخیبوون
مەترسە ، ڕۆحی ئەم سێوەم بە ڕاچەنین ڕاهێناوە
دڵی ئەم کۆرپەیەم فێرکردووە لە ترپە نەکەوێ
ئەم ساوایە جیاوازە لە هەموو کۆرپەکانی سەدەی تووانەوە
سەدەی مەراق و ئەبڵەقبوون.
ئەم نوتفەیە لە تیشکەوە دروست بووە.
ئەم سێوە لوغز و پرسیاری خەڵکە لە خوا.
دەنا چۆن وا مرواریەکانی پەیامی عەشقپەروەریی
وەک هەتاوی گەرمەسێر لە چاوەکانی دەدرەوشێ
ئەگینا چۆن لەناو مەملەکەتی گریاندا بزەی دێ،
خەڵتانە و گەردیلەیەکی دەروون و جەستەی نایەشێ.
خەزاڵ،
با لە وەستان یاخی بین و هەنگاوەکانمان ڕاپەڕێ
لە ئێستگەی لم یاخی بین و گوێ لە بانگەوازی خاک و خۆڵ ڕابگرین
لە تاراوگەی سەحرا و کۆتاییەکانی تەمەن یاخی بین،
دیسانەوە لەدایک بینەوە و، ببینە منداڵی هەمان گەڕەک
تۆ ببەرەوە کەنیشکی خۆر و من بە کوڕی خاکیی
شاخ بکەینەوە بە نیشتیمانێکی سێگۆشە و
گۆشە ڕاستەکەی ببەخشین بە شۆڕش و،
خۆشمان ببینە ژێ و مارشێکی نوێ دابهێنین
بەلام ئیدی نا بۆ دەنگی بەرزی تفەنگ،
نا بۆ کزیی و بێدەنگی خۆم.
نا بۆ لاساری سەران و سەلاری چوارپەل و جەستە.

**سەنگەر دەکەینە زانستگە و،**
**یاخیبوون بە فەلسەفەی عەشق**
**پێنووس دەکەین بە چارەنووس.**
**نا بۆ تفەنگ!**
**نا بۆ دوکتۆرای شەهیدبوون.**
**بڕوانە لە پشتمانەوە چۆن**
**سەدو هەشتاو دووهەزار بڕوانامەی دۆکتۆرامان بە چرکەیەک داپۆشران.**
**تەنها پێنووس.**
**پێنووس بۆ نووسینی نامەی عەشقبازی**
**بۆ تۆمارکردنی مێژووی خۆمان بە دەستی خۆمان و،**
**بۆ کێشانی خەریتەی ڕێ، بۆ دانانی پلانی نوێ**
**تەنها پێنووس،**
**بۆ تەواوکردنی نامەی هەزارویەکەمینی تۆ**
**بۆ واژۆکردنی پەیمانی ئاشتبوونەوە لەگەڵ براکەم و**
**بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆ.**
**بۆ چێکردنی تابلۆ،**
**بۆ نووسینی دوانۆتەی سیمفۆنیای گاتا ونبووەکانمان**
**تەنها پێنووس.**
**پێنووس بکەینە چارەنووس.**

**لاسە، سەختە، زۆرسەختە بەم هەموو خووم و زووخاوەوە**
**ڕاکردن ڕووەو ڕەشەبا**
**ئاڤژەنی بەڕووی شەپۆلی تاڤگەی لم و،**

**دوشکردن لەبەربارانی گوللەدا**
**سانا نییە بەدرۆخستنەوەی فەلسەفەی فەنابوون و،**
**سووککردنەوەی باری قورسی کوێرەوەری لەسەر شانی ئەم ئوممەتە.**
**سانا نییە هێنانەوەی زەینی تژیکراو**
**لە ئەفسانەی غەیب و لە وەهمی عەیب.**
**قورسە، زۆر قورسە قەناعەتی قەدەر بگۆڕی و،**
**فێری بکەی تەبا بێ لەگەڵ ئاوەز و ڕۆحی خۆیدا**
**فێری دەستپاکیی بکەیت و،**
**داوای لێ بکەی داوای لێبووردن بکات لە ئاسمانی جوان،**
**کە شەوان ئەو سەدان ئەستێرەی لێ دەدزی**
**بۆ سەر شانی زوحاکئاسا مارانەی خۆی.**
**یان فێری کەی ئەستێرەکان بداتەوە بە خاوەنی،**
**بە مانگی تابان.**
**سەختە زۆر سەختە ئەم ڕێیەی بەرەو کوێرەدێی گەردوونە**
**بەڵام دەڕۆین!**
**برسیمان بوو، هەنجیری هونەر دەخۆین و**
**بە زەیتوونی زەین و ئاوەز تامی دەممان دەگۆڕین و**
**تینوومان بوو، چۆڕێ خۆشاوی یاخیبوون دەخۆینەوە**
**تامەزرۆش بووین پڕ بە بینمان بۆنی ئەم سێوە دەکەین و**
**ڕووەو شەپۆلەکانی لم، شاڵاوەکانی ڕەشەبا**
**دەڕۆین و دنیا دەکەینە کورترین ڕێ.**
**هیچ دوور نییە لەبەر هەنگاوی کۆچەری ئێمە نەبێ**
**ئەم دنیایە بووەتە ڕێ**

**یان لە تاو دێ وێرانەکانی ئێمە بێ**
**کە خەڵکی گەردوون هەموو بوونەتە قەرەج ،**
**گەردوونیش خۆی کردووەتە چووکترین دی.**

**لەم دێیەدا لە هەر کوێ بیت هەر دراوسێی ڕۆحمی یارە**
**لە هەر کوێ بم دەنگم دەگاتە خزمەتت بەیانی باشت لێ دەکەم**
**ڕەنگم دەگاتە بەر دەروازەی چاوت و**
**هەتا شەوباشت لێ نەکەم خەو نامباتەوە بۆ خەڵوەت**
**زەوی خۆی خڕتر و چڕتر کردۆتەوە**
**تا ببێتە دێیەکی خڕی وەکو گۆ**
**لە هەر کوێ بی لەوێم یارە، خاترجەم بە ئازیزم تۆ.**

**ئای خودایە ،**
**خەندەی ئەم سێوە چەند جوانە !**
**چاوەکانی چەند کراوەن!**
**ئەم هەموو نوورەی ڕووخساری چۆن وەک لایت**
**ڕێمان بۆ ڕوون دەکاتەوە!**
**ئای خودایە چاوی چەند لە چاوی تەوارێکی تەنیا و تەتەر دەچێ**
**نا .. چەند لە چاوی تەلیسماوی و نوورانی حەزرەتی پێغەمبەر دەچێ.**
**خەزاڵ گیان تەماشای بکە**
**ئەم یەکەمین خەندە و بزەی دوای مردنە**
**خەندەی یاخیبوونی کچەکۆرپەکەمان، ئەم منداڵە ژیر و زۆڵە**
**کە قەدەر بە گوللە و بە چاڵ پێشوازی کرد**

**ئەوی ساکاریش بە سۆز و خەندە لێی کردەوە تۆڵە**
**چ بەرسڤێکی ئاوییە دەیداتەوە بە پرسیارە زبرەکانی ڕق و کینە**
**ئەمە سیحر نییە ، وەڵامی ئەڤینە !**
**تەنها بە خۆشەویستی ڕق دەبەزێت و،**
**تەنها بە خەندەی خەمڵیووی ئێرۆس تاناتۆس وەل دەبێ.**
**چەند ئاوییە ئەم وەڵامە کۆرپەی هێژام**
**پرسیارە ئاگرەکان جگە لە خۆمۆشبوون چی تریان لە دەست دێ**
**بەرامبەر بە سیحری دانایی پەیامت؟**
**تۆ ماوی تا نازناوی ئاشتی لە کۆتر وەرگریتەوە و،**
**بیدەیتە تەوار و هەڵۆ**
**لایقی خۆتە پەیامی پێغەمبەریی**
**ئەم داستانە دەبێتە گەواهیدەرێ کە ئەفسانە و موعجیزەی تۆ.**

**لاسە ، خەمی ئەوساتانەی داهاتوومە**
**کاتێ سێوە پەیامی نووحئاسای بۆ خەڵکی هەسارەی ڤینۆس**
**پەخش دەکاتەوە و لێوەکانی ئێرۆس نێرگزیان لێ دەڕوێ**
**حەرامزادێ لە هەسارەی زەوییەوە بێ و بیکوژێ،**
**بە تۆمەتی ئەوەی زۆڵە**
**دەترسم خەڵکی پاشەڕۆژی زەویش**
**وەک هی ئێستا شەڕدۆست بن و، لە پەرجووی ئاشتی تێنەگەن**
**باوەڕ نەکەن دەشێ کچە سێوی ببێ بە پێغەمبەر،**
**باوەڕ نەکەن نەک هەر مەریەمی مەجدەلینی، بەڵکە هەموو ژن**
**دەتوانن جگەلە مەسیح**

**کچە پێغەمبەری نازداریش لە نووری هەمان نیگای خوا دروست بکەن.**

**ترسێکی تریشم هەیە، دەترسم خوا نەیگرێتە خۆی**
**حاشا بکات لەوەی سێوەش کچی ئەوە،**
**بەڵام بە ڕووناکی ژووانگە**
**بەنۆتەکانی سەمفۆنیای ئاوێزان و**
**بە تیشکی ماچی لە خاچدراوی تۆ و من دروست بوو**

**نووری دیدەکانم لاسە و سێوە**
**دڵنیا بن، بۆ دوورکەوتنەوەتان لەم مەرگە چاڵانە**
**دەبم بە ڕێ و پرد بۆ ئێوە.**
**نەک وەک سیرات، پردێکی پانتر لە پەیمان**
**ڕێیەکی بەرەوهەورازتر لە تێکۆشان**
**سیحری عەشق دەخەمە گەڕ.**
**دەبم بە کەشتی و دەتانپارێزم لە لافاوی سەدەی گڕ و تۆفان.**
**دەبم بە ئاسمان بۆ باڵتان، دەبم بە زەوی بۆ ماڵتان.**

**سێوە و خەزاڵ، مانەوەخۆی ڕێیە و پردە و داهێنانە**
**ئێمە بە پڕگاڵی ژیانەوەی هەرسێکمان**
**سێگۆشەیەکمان بۆ ژیان چێکرد لە ئەڤین و**
**بە ڕاستەی ڕاستگۆیی، ڕاستەڕێیەکمان تا ئاسمان ڕاکێشاوە**
**لەم ساتەوە نەخشەی ژیان سێگۆشەیە**
**نەخشەی عەشق سێگۆشەیە، بەختەوەریش سێگۆشەیە**

**هەسارەناس ژمارەی سێ بۆ ئەم گەلە**
**دەکاتە ژمارەی  بەختی پیرۆز، لەسەربانی تیژی ئەم سێگۆشەیەدا**
**خۆش و بەجۆشتری دەکەین گڕی نەورۆز.**

**لاس بڕوانە ، لەم گەشتەدا بەکوێ گەیشتووین؟**
**دەڵێی بابووجی سیحرمان لە  پێدایە ، دەڵێی لاقمان لە  ئاسمانە .**
**ئێمە  ئاسایی نەڕۆیشتووین**
**ئێمە  بەدەم یاخیبوون و گفتوگۆوە**
**بەدەم شەن و کەوکردنی خەم و سۆوە.. هەڵفڕیووین**
**ئێمەلە  هەسارەی زەوی و تاسە  و داڵ و  چاڵەکانی دەربازبووین و**
**ئێرە  سنوورە، سنووری هەسارەی نوێ**
**لە  دوورەوە  زەوی دیارە.. وەکو تۆپێکی ئاگرین**
**هەموو شتێکی نایابی تیا دەسووتێ**
**گەلۆ ئێرە  زوهرەیە  یاخود موشتەری؟**
**ئۆرانووسە  یاخود ڤینۆسە ؟**
**ئەگەر ڤینۆسە  با داوای پەناگەیەکی سێگۆشەی لێ بکەین و،**
**هەتا زەوی ئاوا دەبێ ، با ئێرە  تاراوگەمان بێ**
**با عەشقی سێگۆشەمان لە  ناو هەسارەی جوانی دا  پەنهان کەین**
**هەتا دەستی ڕەشی قەدەری نەگاتێ.**
**با ڤینۆس بکەین بە  بەهەشت،**
**لە  قەرەبووی ئەو بەهەشتەی ڕۆژێ لە  ڕۆژان**
**لەسەرسووکەگازێ لە  سێوەلاسوورەی یاخیبوون دۆڕاندمان**
**ئێمە  بەردەوامین  دەڕۆین، لە  ئاسمانێکی سێگۆشەدا دەفڕین**

**هێشتا تێر نەبووین لە شەقەقەی باڵ و،**
**هێشتاش هەر هەورازتر و هەورازتر ئاسۆ دەبڕین.**
**ڕەنگە لە یەک دابڕێن،**
**هەر یەکەمان بکەوێنە هەسارەیە ،**
**سێ هەسارە پێشوازی لە باڵمان بکات**
**ڕەنگە تۆ لە ئۆرانووس و، سێوە لە ڤینۆس و،**
**منیش لە نیپتۆن، زوحەل یان عەتارد بم.**
**گرنگ نییە لە کام هەسارەدا دەژین،**
**گرنگە کە نەمردین و،**
**گرنگە کە وەک بەڵێنمان بە یەک دابوو،**
**بە جێمان گەیاند بەڵێنمان**
**گرنگە کە تاهەتایە و، لە هەر کام هەسارەشدا بین**
**وەک هەمیشە و بۆ هەمیشە یەکتریمان خۆش دەوێت و**
**شەیدای یەکین.**
**گرنگە کە گرێکوێرەکانی دەروون لە چاڵەکاندا بەجێمان**
**گرنگە کە فریاکەوتین نەخشەلۆچەکان بخەینە تەنوورەوە**
**گرنگە هیچ یەکێک لە قەفەزەکانمان لە گەڵ خۆماندا نەهێنان**
**گرنگە ئەم دەربازبوونە سێگۆشەیە**
**ئەم پەیامە وەنەوشەیە ، ئەم نەخشەیە .**
**گرنگە توانیمان وەرزێک لە ساڵ زیادکەین،**
**ناوی بنێین وەرزی ئەڤین.**
**چەند سەعاتێ لە ڕۆژ زیاد کەین،**
**ناوی بنێین ژووانی مان و نەمان.**

**هەستێکی تایبەت بە  خۆمان بدۆزینەوە و کارای کەین،**

**هەستی حەوتەم.**

**گرنگە کە ئیدی ژینگەی ئێمە خڕ نییە وەکو تۆپ،**

**فتبۆلینی پێ ناکرێ.**

**ژینگەی ئێمە ژووانگەیە ،**

**ژووانگەیەکی سێگۆشە لە ئۆرانووس، یان لە ڤینۆس.**

**گرنگە فریا کەوتم نامەی هەزارویەکەمینیش تەواو بکەم،**

**وا بۆ ئەدرەسی بیناییتی دەنێرم، بینایی چاوەکانم.**

**گرنگە لە شوێنێکی ئەم گەردوونەدا سێوێ هەیە و**

**هێدی هێدی پێدەگات و، گەورە دەبێ**

**دەبێتە  پێغەمبەرێک و،**

**فریای ئاوەزمان دەکەوێ بیرێکی نوێ، پەیامی نوێ.**

...

2004-4-20

**تا**

2004-4-30

**ستۆکهۆڵم/ سوێد**

**تەنها برسێتییە هەمیشەییەکانی شاعیران دەتوانێ وێژە تێر بکات.**

**ستانسلاڤ جێرسی لێک**

**هەر مرۆڤێک جیهانێکە، دانیشتوانەکەی کوێرن و لە تارماییدا دژ بە "من"ی خۆیان کە پاشایەکی دەسەڵاتدارە بەسەریانەوە، ڕادەپەڕن. لە هەر ڕۆحێکدا هەزاران ڕۆح بەندە.**

**گوینەر ئێکەلوێف**

**جیهان شتێکی دیکە نییە لە تابلۆیەک زیاتر بۆ فەنتازیاکانمان.**

**هێنری تۆرۆ**

**ڕۆحی مرۆڤ سەرچاوەی هەموو دیاردە کلتووری و ئاییینییەکانە .**

**ئێریک نیومان**

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە ، لەم سۆزی هیجرەتە**

**دڵ وەختە بێ بە ئاوو بە چاوما بکا عبوور**

**نالی**

(( بە پێی تێگەیشتنی من فەنتازیای مرۆڤ دەسەلاتدارترە لە تەکنەلۆژیای هەموو جیهان. خەونەکان گرنگترن لە بیرەکان. ئەو فەنتازیایانەی کە ئێمە هەمانە بەرامبەر بە یەکتری شێوە دەدەنە دوارۆژی خۆمان و زەوی. میتۆلۆژیاکان دەتوانن ئایدۆلۆژیاکان بکەن بە نەبوو، وێنەی خوداوەندەکان سیاسەت بژێننەوە. فەنتازیاکان دەتوانن نەک تەنها تاکەکان دروست بکەن، بەڵکە هەموو خەڵک بکەنە پاڵەوان یان دڕندە. وێنا و باوەڕەنوێیە داهێنراوەکان دەتوانن تاکەکان،ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە بگۆڕن. فەنتازیاکان دەتوانن ببنە سۆنگەی سەرکەوتن یان ژێرکەوتن، دەتوانن زەمینە بۆ ئاشتی خۆش بکەن یان شەڕ هەڵگیرسێنن. لە میتۆلۆژیادا سەرەداوەکانی چارەنووسی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە هەیە، چ بە چاک چ بە خراپ. ))

**پاوڵ مۆکسنێس**

**لە کتێبی:**

**"پاڵەوانەکان، ئەفسوونگەرەکان، سۆزانییەکان"**

**ل** 290

**مرۆڤ هەر بە نان ناژی**
**مەسیح (پەیامبەری کریستیان)**

**"مرۆڤ پێویستی بە ئاوە، ئەڤین ئاوی ژیانە"**
**سێوە (پێغەمبەری هەسارەی ڤینۆس)**

**من هیچ لە نهێنی خوا نازانم، بەڵام زۆرشت دەربارەی چەرمەسەری مرۆڤ دەزانم.**

**بودا**

**بڕوام وایە هیچ شتێک نییە بە قەد بیرکردنەوە ئازارکێش بێت.**

**ئاراگۆن**

## بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نووسەر

**شیعر:**

1. **نەخشەی دوارۆژی كرێكار**
2. **پانۆراما**
3. **شاخ كێڵكەی گەنمەشامییە**
4. **میدالیا**
5. **هاژەی ڕۆح**
6. **باڵندەبەفرەكان (بە سوێدی)**
7. **هێشووی عەشق**



**چیرۆک و ڕۆمان:**

8. **كۆچ ، ڕۆمان**
9. **مەرگی مرۆڤ و نیوویۆک**
10. **ژووانێک لە دۆزەخ (ڕۆمان)**

**لێكۆڵینەوە:**

11. **لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا**
12. **ئازادكردنی مێژوو**
13. **زمان ، ڕامان و ناسنامە (بە سوێدی)، 2002 سوێد.**
14. **زمان، ڕامان و ناسنامە (بە كوردی)، 2003، كوردستان.**
15. **ژن و كۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێركۆ بێكەسدا.**
16. **شەرەفنامە . شەرەف كۆدێكە بۆ كۆیلەبوونی ژن، لێكۆڵینەوە.**

17. کارەساتی ئەنفال و کاریگەرییە دەروونییەکانی بۆ سەر کۆمەڵگەی کورد، لێکۆڵینەوە.

وەرگێڕان:

18. دانپیانانێکی پیاوانە ، د. نەوال سەعداوی. (لە عەرەبییەوە).
19. شیعر هەناسەی گەردوونە ، هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهان.
20. نانی ژەهراوی، شانۆنامە . نووسینی: ڤیسیلین هانچێڤ.

کتێبی هاوبەش:

لەگەڵ نووسەران فەهمی کاکەیی و ئەمجەد شاکەلی. کتێبی خوێندنەوەی زمانی کوردی بۆ پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە سوێد.

21.گەرمیان، 2001، سوێد.
22. باوەگوڕگوڕ، 2002، سوێد.
23. دیلان، 2003، سوێد.

بەرهەمی داهاتوو

1- ساڵێک لە دۆزەخ (بیرەوەری)
2- فاتیللاکان (ڕۆمان)